دابینکردنی مافە نەتەوایەتییەکانی گەلی کورد لە چوارچێوەی ئێرانێکی دێموکراتیکی فێدراڵدا



ئۆرگانی کۆمیتەی ناوەندیی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران

ژمارە ٦٦٠، یەکشەممە، ١٥ی خەرمانانی ١٣٩٤، ٦ی سێپتامبری ٢٠١٥، ٥٠٠ تمەن

www.kurdistanmedia.com

- **سەردانی نوێنەری حیزبی دێموکرات لە پارلمانی نۆرویژ**
- **پەیامی دەفتەری سیاسیی حیزبی دێموکرات سەبارەت بە کۆچی دوایی فەرەیدوون جوانرۆیی**
- **ئاگاداریی بەڕێوەچوونی یادی٢٣هەمین ساڵڤەگەری شەهیدانی میکۆنۆس لە پێرلاشێزی پاریس و لە میکۆنۆسی بێرلین**

لاپەڕە ٢ <<



دوو براوە بۆ یەک گەمە ٤



٧٠ ساڵەی حیزبی دێموکرات ٥



ڕووحانی و ڕەوشی مافی مرۆڤ ٩



ئێران وشک دەبێت چ واتایەکی هەیە؟ ٨

# دۆلارەکانی ئێران لە سندووقی تیرۆریزمدایە

بەپێی ڕاپۆرتی ناوەندی خزمەتگوزاریی توێژینەوەکانی کۆنگرەی ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا، ڕێژیمی ئێران ساڵانە بە دەیان میلیارد دۆلاری تەرخان کردووە بۆ تیرۆریستە هاوپەیمانەکانی خۆی لە لوبنان، سووریە، یەمەن، عێراق و کەرتی غەززە و بە فەرمی مووچەیان پێ دەدات.

لەم ڕاپۆرتەدا کە لەسەر داواکاریی سێناتۆر مارك کرێك ئاماد کراوە، هاتووە کە تاران هەموو ساڵێ یەك میلیارد دۆلار دەدات بە دەست و پێوەندییەکانی خۆی لە عێراقدا و مووچەیانی بۆ بڕیوەتەوە.

وەزارەتی دەرەوەی ئەمریکا لە ڕاپۆرتی ساڵی ٢٠١٣ی زایینی خۆیدا لەمەڕ بارودۆخی تیرۆریسم لە جیهاندا نووسیبووی، ئێران چالاکانە پاڵپشتی لە حوسییەکانی یەمەن دەکات کە دەتوانێ مەترسییەکی گەورەتر بێ دژی تەناهی یەمەن و سەقامگیری لەم وڵاتە و وڵاتانی دەورووبەری.

لە مانگی ژوەندا، وتەبێژێکی ستێفان دیمێستۆرا نوێنەری تایبەتیی ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان بۆ کاروباری سووریە وتبووی کە یارمەتییەکانی ئێران بۆ سووریە نزیك بە ٦ میلیارد دۆلاری بەراورد دەکرێت. سەرچاوەیەکی ئەمنی ڕۆژئاواییش لە ساڵی ٢٠١٣دا مەزندەی کردبوو کە تاران هەموو مانگێ لە نێوان ٦٠٠ تا ٧٠٠ ملوێن دۆلار لە سووریەدا سەرف دەکات. بەشێکی دیکە لە چاوەدێرانی ناوچەکە ڕادەی یارمەتییەکانی ئێران ٢ قاتی ئەم بڕە پارەیە دەزانن.



Private Government Report: Iran Spending Billions to Pay Terrorist Salaries

Iran's defense budget ranges anywhere from $14 to $30 billion a year

SHARE TWEET EMAIL

BY: Adam Kredo Follow @Kredo0

September 4, 2015 4:58 am

Hassan Rouhani / AP

Iran has been spending billions of dollars to fund the salaries of terrorist fighters across the Middle East, including in Yemen, Syria, Lebanon, and the Gaza Strip, according to a private U.S. government analysis conducted for a leading senator, the Washington Free Beacon has learned.

Iran's defense budget ranges anywhere from $14 to $30 billion a year, with much of that money going to fund terrorist proxy groups and rebel fighters in a number of countries, according to a Congressional Research Service report conducted following a request by Sen. Mark Kirk (R., Ill.).

ڕۆژنامەی واشینگتۆن پۆست لە کۆتاییەکانی ٢٠١٤ لە زاری کاربەدەستێکی ئێرانییەوە نووسیبووی کە ئێران لەو کاتەوە داعش بەشێکی گەورەی لە باکووری عێراق داگیرکردووە، زیاتر لە یەك میلیارد دۆلار یارمەتی سەربازیی عێراقی کردووە. ئێران هەروەها یارمەتی پێکهێنانی ئەو گرووپە ملیشیا شیعانەی کردبوو کە لە ساڵەکانی ٢٠٠٣ تا ٢٠١١ زایینی لەگەڵ هێزەکانی ئەمریکادا شەڕیان دەکردو

پێنتاگۆن، یارمەتی ساڵانەی ئێران بۆ حیزبوڵلا لە نێوان ١٠٠ تا ٢٠٠ ملوێن دۆلار بەراورد کردووە.

هەروەها بەپێی ڕاپۆرتی ڕۆژنامەی تێلگراف، ئێران لە ساڵی ٢٠٠٦ەوە مانگانە لە نێوان ٢٠ تا ٢٥ ملوێن دۆلار یارمەتی حەماسی کردووە. لە هەمان کاتیشدا، چەك و چۆڵ و فێرکاریی سەربازییشی بۆ ئەو گرووپە دابین کردووە.

ئەم ڕادەیە لە نێوان ساڵەکانی ٢٠١٠ و ٢٠١٢ دابەزیوە. بەم حاڵەشەوە، هەندێ لە ڕاپۆرتەکان لە زاری کاربەدەستانی دەوڵەتە جیاوازەکانی ناوچەکە لە ساڵی ٢٠١٥دا پیشاندەری ئەوەیە کە لە مانگەکانی ئەم دوواییانەدا هێزی قودس، لقی دەرەوەی سنوورەکانی سوپای پاسداران، دەیان ملوێن دۆلاری بە مەبەستی جۆرواجۆر داوەتە ڕێکخراوی حەماس.

## دوو دیپلۆماتی ئێران پێوەندییان بە پیلانە تیرۆریستییەکەی کوەیتەوە هەبووە

سەرچاوە یاساییەکانی کوەیت ئاشکرایان کردووە کە دوو کەس لە دیپلۆماتەکانی باڵوێزخانەی ئێران لە کوەیت پێوەندییان هەبووە لەگەڵ ئەندامانی گرووپی چەکداری ئەلعەبدولی کە ئەندامەکانی گیراون و ئێستا لە ژێر ڕکێفی دەسەڵاتی دادوەری ئەم وڵاتەدان.

بەپێی ڕاپۆرتی ئەلعەرەبیە، وەزارەتی دەرەوەی کوەیت لە ڕاگەیەنراوێکدا، هەواڵی دەسبەسەر کردنی شارۆمەندێکی ئێرانی بە ناوی عەبدولڕەزا دێهقانی بڵاو کردووەتەوە. ئەم شارۆمەندە ئێرانییە لەگەڵ دانیشتوویەکی کوەیتیدا ژیانی هاوبەشی پێکهێناوە و ئێستا لە دەرەوەی وڵات بەسەر دەبات. ئەو لە چەند وڵاتدا دەستی داوەتە بازرگانی کردن لە بواری بیناسازی و ڕۆڵی دارایی و ماڵیی ناوبراو لەگەڵ ئەم تیمە تیرۆریستییەدا ئاشکرا کراوە.

کوەیت لە چەن ڕۆژی ڕابردوودا ٢٤ کەس، بۆ وێنە ئەم ئێرانییەی بە پلاندانان بە مەبەستی هێرشی تیرۆریستی لەم وڵاتە لە پێوەندیی لەگەڵ ئێران و حیزبوڵلا تۆمەتبار کردووە.

سەردۆزگەری کوەیت لە ڕاگەیەنراوێکدا کە یەکەمی سێپتامبر بڵاوی کردووەتەوە، ئەم کەسانەی بە سیخوڕی کردن بۆ کۆماری ئیسلامی ئێران و حیزبوڵڵای لوبنان بە مەبەستی کردەوەی توندوتیژانە و چەکدارانە دژی کوەیت و قاچاخی تەقەمەنی بۆ نێوخۆی کوەیت و ئامادەسازیی بۆ ئەنجامی تەقینەوە تۆمەتبار کردووە.

دوو کەسی دیکەش لە پێوەندی لەگەڵ ئەم دۆسیەدا بە تۆمەتی خاوەنداریی نایاسایی چەك و هەروەها ئاگادار نەکردنەوەی کاربەدەستانی ئەم وڵاتە لەمەڕ هەبوونی چەك دەسبەسەر کراون.

سەردۆزگەریی کوەیت هەروەها وتوویەتی کە ئەم دوو کەسە لەگەڵ تۆڕێکی تیرۆریستیدا پێوەندییان هەبووە کە وەزارەتی دەرەوەی کوەیت مانگی ڕابردوو ئاشکرا و دەسبەسەریانی کردبوو و ڕێژەیەکی زۆر چەك و چۆڵ و تەقەمەنییان لێ گیرابوو.

## شەپۆلی کۆچبەران گەیشتە ئاڵمان

یەکەمین شەمەندەفەری هەڵگری پەنابەران پاش چەندین ڕۆژ سەرلێشێواوی ئەم پەنابەرانە لە وێستگەی شەمەندەفەڕی بوداپێست، گەیشتە وڵاتی ئاڵمان.

بەپێی دوایین ڕاپۆرتەکان ڕۆژی شەممە یەکەمین گرووپی پەنابەران خۆیان گەیاندە ئاڵمان. ئەم موسافیرانە ڕۆژی شەممە بە پێ یان ئۆتوبوس لە مەجارستانەوە خۆیان گەیاندە وڵاتی ئۆتریش.

هاوکات لەگەڵ ئەم ڕووداوانە، ڕاوێژکاری ئۆتریش گوتوویەتی وێڕای ئاڵمان ئیزنی چوونە ژوورەوەیان بە کۆچبەران داوە. هەواڵدەریی فەڕانسە لە زاری یەکێك لە هەواڵنێرەکانیەوە لە مەجارستان بڵاوی کردەوە کە هەندێك لە پەنابەران دەستیان وەك هێمایەك بۆ سەرکەوتن بەرز کردۆتەوە و هەندێکی دیکەشیان وێنەکانی ئانگێلا مێرکێل، ڕاوێژکاری ئاڵمانیان بەدەستەوەیە.

مەجارستان لە چەند مانگی ڕابردوودا وێڕای ئیتالیا و یوونان لە پلەی یەکەمی وڵاتانی پێوەندیدار بە قەیرانی پەنابەران جێی گرتووە. ئەم وڵاتە تەنیا لە مانگی ئاگۆستدا ٥٠ هەزار پەنابەری وەرگرتووە کە لە باڵکانەوە خۆیان گەیاندبووە خاکی مەجارستان.

بەپێی ڕاپۆرتی ئاژانسی پەنابەرانی نەتەوە یەکگرتووەکان، ٣هەزار و ٣٣٠ پەنابەر ڕۆژی پێنج شەممە ڕێکەوتی ١٢ی خەرمانان هاتوونەتە نێو خاکی مەجارستانەوە. دەوڵەتی ڕاستگەرای ئەم وڵاتە کە سەرۆکایەتیەکەی لە ئەستۆی ڤیکتۆر ئۆربانە، بۆ پێشگیری کردن لە هاتنی بە لێشاوی پەنابەران بە درێژایی ١٧٥ کیلۆمێتر سنوری ئەم وڵاتە لەگەڵ سێربێستان تێل دڕووی کێشاوە.

ڤیکتۆر ئۆربان ڕۆژی پێنجشەممە داکۆکی لە سیاسەتی دەوڵەتەکەی کرد بۆ بەرەنگاربوونەوەی هاتنی پەنابەران و ئاڵمانی بە بەرپرسیار زانی لە هەمبەر پێشێل کردنی یاساکانی وەرگرتنی پەنابەران کە بووەتە هۆکاری تێپەڕینی هەزاران پەنابەر لە خاکی ئەم وڵاتەوە.

ناوبراو کە لە بروکسێلدا بوو وتی: «هیچ کەس نایهەوێ لە مەجارستان، ئیسلۆواکی، لەهێستان یان ئیستۆنیدا بمێنێتەوە. هەموو دەیانهەوێ بڕۆنە ئاڵمان. ئێمە بووینەتە بەرپرسی ناونووس کردنی ئەوان.»

ئاڵمان، فەڕانسە و ئیتالیا خوازیاری چەسپاندنی سیستمی وەرگرتنی زۆرەملێیانەی کۆچبەران و دابەش کردنی دادپەروەرانەی ئەوان لە نێوان ٢٨ وڵاتی ئەندام لە یەکیەتی ئۆروپادان. بەڵام تا ئێستا ڕێژەیەکی کەم لە وڵاتانی ئەندام پێشوازییان لەم پێشنیارە کردووە.

زیاتر لە ٣٠٠ هەزار پەنابەر لە سەرەتای ئەمساڵی زایینییەوە بە تێپەڕین لە دەریا خۆیان گەیاندۆتە ئۆروپا کە دەگوترێت زیاتر لە ٢هەزار و ٦٠٠ کەسیان لە ڕێگەدا گیانی خۆیان لە دەس داوە. زۆربەی پەنابەران هاووڵاتیانی سوورییەن کە بەهۆی شەڕی نێوخۆیی ٥ ساڵە لەم وڵاتە، هەڵاتوون.

### پەیڤ

کەریم پەرویزی

## کێن ئەوانەی ئایلانیان وەیلان کرد؟

وێنەی ئایلانی منداڵی بە نەهامەتی ژیاو کە لەو کاتەوە چاوی کردۆتەوە، وڵاتەکەی لە خوێن و ئاگردا گەوزاوە، کۆتایی ژیانیشی لە کەناری دەریا تۆمار کرا، جیهانی تێپەڕاند و زۆر ویژدانی هەژاند، زۆر بێویژدانیشی وەزەردەخەنەی مەرگهێنەر خست!

ئەوەندەی بووە بە ئاسایی و عادەت بۆمان، وێنەی منداڵان، گەشانەوە و خۆشیی لەدڵ خستوە کە نیشانەیەک بوون لە بەردەوامی و نوێبوونەوەی ژیان، بەڵام ئەمجارە وێنەی ئایلانی دەم لە لمی دەریا چەقیوو، وێنەیەکی گەورە و زەق و بێزارکەر لە زاڵبوونی دێوەزمەی مەرگ لەم ناوچە بەڵا لێدراوەی ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاست بوو. لە بینینی وەها وێنەیەکدا یەکەمجار گەرووت وشک وقاقڕ دەبێ، دوایە خەیاڵ دەتبا بۆ لای ئەو هیوایانەی ئایلانی منداڵ ڕۆژێک پێش لە مەرگەکەی دەبێ هەیبووبێ، دوایە هەستی ڕق و بێزاریی بەرامبەر بە نامرۆڤایەتیی تاوانبارانی ئەو تاوانە گەورەیە داتدەگرێ.

لێرەدا دەکەویتە بیری ئەوەی کە تاوانبارانی سەرەکیی وەها ڕووداوێک کێن:

یەکەم تاوانبار: بیری پەڕگیر و فاشیستیی دژ بە خۆشیی ژیان کە لە توندڕەویە ئایینیەکانەوە هەڵدەقوڵێ و ئێستا لە داعشی سوننی و شیعەدا خۆی دەبینێتەوە.

دووهەم: دەسەڵاتی بەشار ئەسەد تاوانبار وجەللاد

سێهەم: پشتیوانانی بەشار ئەسەد و لەسەروو هەموویانەوە خامنەیی و دەسەڵاتە ئەهریمەنیەکەی وهەروەها دەوڵەتی پۆتین لە موسکۆ

چوارەم: باراک ئۆباما کە بە خاوە خاوەکردن و دوایە لەژێر پێنانی هێڵەسوورەکانی خۆی، دەرەتانی دڕندەیی زۆرتری بە بەشار ئەسەد و گرووپە تیرۆریستیەکانی وەک داعش و جەبهەی نوسرە دا

پێنجەم: بازرگانانی خوێن و شەڕ کە پشتی گرووپە خوێنمژەکانی وەکوو داعش دەگرن، بەتایبەت وڵاتانی دەرو دراوسێ وناوچە

شەشەم: هیزەکانی جێگرتوو لە کۆبانی و شوێنەکانی دیکەی کوردستانی سووریە بێبەری نین لەوەی کە لەگەڵ ئەسەد هاوکارییان کرد و بە دنەدانی داعشی دڕندە، ڕووی ئەو ئاژەڵە جەهەنەمییەیان بەرەو کوردستان وەرسووڕاند

حەوتەم: دەوڵەتە بازرگانەکانی جیهان کە نەوت و سامانی وڵاتانی ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاست لە دەسەڵاتە سەرەڕۆکان دەکڕن و پارەکەیان ڕادەست دەکەن و دوایە هەر بەو پارەیە چەک و تەقەمەنی و ئامرازی سەرکوت وکوشتار بەو دەوڵەتانە دەفرۆشنەوە. ئەوانن کە لە بەر بەرژەوەندیی خۆیان بەهەموو شێوەیەک بازرگانی لەگەڵ دیکتاتۆرەکان، ئەربابە خوێنمژەکانی ناوچە قورس و قایم بەرێوە دەبەن و هۆکاری بەردەوامیی دەسەڵاتە ملهوڕەکانی زاڵ بەسەر ناوچەی ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاستن.

## سەردانی نوێنەری حیزبی دێموکرات لەپارلمانی نۆرویژ

عەزیم ئەلیاسی بەرپرسی پێوەندییەکانی حیزبی دێموکرات لە وڵاتی نۆرویژ لەگەڵ سێڤەر مێرلی ئەندام پارلمان سەر بە حیزبی کرێکارانی نۆرویژ کە ئەندامی کۆمیتەی کاروباری دەرەوەی بەرگریی پارلمانی ئەو وڵاتەیە کۆبوونەوەیەکی پێکهێنا.

لەو سەردانەدا باس لە بارودۆخی کورد لە هەر چوار بەشی کوردستان و ڕێککەوتنی وڵاتانی ١+٥ لەگەڵ ئێران و هەڵوێستی حیزبی دێموکرات لەو بارەیەوە، کراوە.

لە بەشێکی دیکەی ئەو سەردانەدا پرسی جێگیرکردنی هێزەکانی حیزب لە سنوورەکانی کوردستانی ئێران هاتووەتە بەر باس.

دەستێوەردانەکانی ئێران لە وڵاتانی ناوچە، پشتیوانیکردنی دەوڵەتی نۆرویژ لە دۆزی کورد و پێوەندی حیزبی دێموکرات و حیزبی کرێکارانی نۆرویژ باسێکی دیکەی ئەو دانیشتنە بووە.

## پەیامی دەفتەری سیاسیی حیزبی دێموکرات سەبارەت بە کۆچی دوایی فەرەیدوون جوانڕۆیی

هەڤاڵانی بەڕێزی مەکتەبی سیاسیی پارتی دێموکراتی کوردستان

سڵاو و ڕێز !

هەواڵی فەوتی بەڕێز فەرەیدوون جوانڕۆیی، ئەندامی ناسراو و کارامەی مەکتەبی سیاسیتان جێگای داخ و پەژارەی هەموو لایەکمانە.

مەرحووم فەرەیدوون کادرێکی قاڵبووی مەیدانی خەبات بۆ ڕزگاریی نەتەوەکەی بوو و لەو پێناوەشدا گیانی خۆی بەخت کرد.

ئێمە ڕێز دادەنێین بۆ خەبات و تێکۆشانی بەڕێزیان و لە خەمی لە دەستچوونیدا خۆمان بە بەشدار دەزانین.

بەو بۆنەوە سەرەخۆشی خۆمان لە بەڕێزتان، سەرکردایەتی و سەرجەم کادر و پێشمەرگەکانی پارتی و بنەماڵەی بەڕێزی کاک فەرەیدوون دەکەین و جێگای بەهەشتی بەرین بێ.

حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران

دەفتەری سیاسی

٣ی خەرمانانی ١٣٩٤ی هەتاوی

٢٥ی ئاگوستی ٢٠١٥ی زایینی

## شاندێکی حیزبی دێموکرات
## بەشداریی لەکۆڕی پرسە و ماتەمینی «فەرەیدوون جوانڕۆیی»دا کرد

شاندێکی پێکهاتوو لە ئەندامانی ڕێبەریی و ژمارەیەک کادری حیزبی دێموکرات بە سەرپەرەستی محەممەد نەزیف قادری ئەندامی دەفتەری سیاسی سەرەخۆشی خۆیان لە مەکتەبی سیاسیی پارتی دێموکرات و بنەماڵەی فەریدوون جوانڕۆیی کرد.

ئەو بەشداری کردنە لەو کۆڕە ماتەمینییەدا ڕۆژی سێشەممە



ڕێکەوتی ٣ی خەرمانانی ١٣٩٤ ئەنجام دراوە و تێیدا شاندی حیزب هاوخەمیی خۆیان لەگەڵ کەس و کار و هەڤاڵانی ئەو ئەندامەی مەکتەب سیاسیی پارتی دێموکراتی کوردستان دەربڕیوە.

هەر بەو بۆنەیەوە شاندەکە پەیامی هاوخەمیی حیزبی دێموکراتیان بە مەکتەبی سیاسیی پارتی دێموکراتی کوردستان گەیاندووە.

## ئاگاداریی بەڕێوەچوونی یادی٢٣هەمینساڵڤەگەری شەهیدانی میکۆنۆس
## لە پێرلاشێزی پاریس و لە میکۆنۆسی بێرلین

حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران/ کومیتەی ئاڵمان، سەرجەم ئەندامانی حیزب، دۆستان و لایەنگرانی حیزبی دێموکرات و کوردانی نیشتمانپەروەری وڵاتی ئاڵمان ئاگادار دەکاتەوە ، ڕۆژی شەممە [١٩ی سێپتامبری ٢٠١٥ی زایینی] بە بۆنەی تێپەرینی ٢٣ ساڵ بەسەر شەهید بوونی کاک د. سادق شەرەفکەندی سکرتێری گشتی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران و هاوڕێیانی شەهیدی «کاک هومایون ئەردەلان، کاک فەتاح عەبدولی و دوکتور نووری دێهکۆردی» دوو ڕێوڕەسمی بەشکۆ لە سەر گڵکۆی شەهیدان لە پێرلاشێزی پاریس و بێرلین «لەسەر مۆنیۆمێنتی شەهیدانی میکۆنۆس» لە لایەن حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێرانەوە بەڕێوە دەچن.

ئامادەبوونی ئێوەی بەڕێز لەسەر گڵکۆی شەهیدان لە پیرلاشێز و مۆنیۆمێنتی شەهیدان لە بێرلین، بەڵێن نوێکردنەوەیە لەگەڵ خوێنی شەهیدان و بەتایبەت ڕێبەرانی شەهیدمان «قازی، قاسملوو و شەرەفکەندی» و لەهەمان کاتدا پشتیوانییە لە بزووتنەوەی ڕەوای گەلەکەمان و مەحکووم کردنی ڕێژیمی تیرۆریستی کۆماری ئیسلامی ئێران .

حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران/ کۆمیتەی ئاڵمان

بۆ ئاگاداریی زیاتر پێوەندی بەو دوو ژمارە تەلەفوونەوە بکەن

٠١٧٦٥٥٤٤٣٩١١

٠١٥٢١٤٦٢٥٢٩٣

ڕێکەوت: ڕۆژی شەممە ١٩,٠٩,٢٠١٥

کاتژمێر : ١٤:٠٠

ناوونیشان : Prager str ٢

Berlin ١٠٧٧٩

## دوو زیندانیی سیاسیی کورد بۆ زیندانەکانی سنە و ئێوین ڕاگوێزران

«عەدنان حەسەنپوور» ڕۆژنامەنووسی زیندانیی کراوی کورد لە زیندانی مەریوانەوە بە هۆکارێکی ناڕوون بۆ زیندانی سنە ڕاگوێزرا.

عەدنان حەسەنپوور، پێشتریش لە مانگی ڕێبەندانی ١٣٩٢، لە زیندانی ناوەندیی سنە بۆ زیندانی مەریوان گواسترابوویەوە و پاش ماوەیەک بۆ زیندانی زابۆل دوور خرابوویەوە.

حەسەنپوور، ساڵی ڕابردوو پاش ٨ ساڵ دەستبەسەری توانی لەمافی مەرەخسی کەڵک وەربگرێت.

ئەم ڕۆژنامەنووسە کوردە، لە دادگای «ئینقلابی سنە» لە ڕێکەوتی ١٦ی خەرمانان و ١١ی ڕێبەندانی ساڵی ١٣٨٧، بە شێوەی داخراو دادگایی کرا و بە ٣١ ساڵ زیندانی تەعزیری مەحکووم کرا و ئەم حوکمە لە «دادگای پێداچوونەوە» بۆ ١٦ ساڵ زیندانی کەم کرایەوە.

«ئەفشین سوهرابزادە» زیندانییەکی دیکەی سیاسیی کورد کە لە زیندانی مینابی سەر بە پارێزگای هۆرمۆزگاندا ڕاگیرابوو بۆ زیندانی ئێوین گوازراوەتەوە.

ئەو زیندانییە سیاسییە کوردە ماوەیەک لەمەوبەر داوای لە دەزگای قەزایی ڕێژیم کردبوو کە بۆ زیندانێکی دیکە بگوازرێتەوە.

«ئەفشین سوهرابزادە» تەمەن ٢٤ ساڵ بە هۆی نەخۆشی شێرپەنجەی ڕیخۆڵە و خوێنڕێژی، تەندروستی ناجێگیرە.

ئەو زیندانییە تەمەن ٢٤ساڵەیە لە کاتی دەستبەسەریدا بە هۆی ئەشکەنجەی زۆر لەلایەن مەئموورانی ئیدارەی ئیتلاعاتی ڕێژیم، سەر و چاوی شکابوو.

ئەفشین خەڵکی کرماشانە و ڕێکەوتی ١٨ی جۆزەردانی ١٣٨٩، لەلایەن هێزەکانی ئیدارەی ئیتلاعاتی ڕێژیمی ئێران لە شاری کامیاران دەستبەسەر و لەلایەن لقی دووی دادگای شاری سنە، بە تۆمەتی «موحاربە» و «ئەندامیەتی لە یەکێک لە حیزبە کوردییەکانی دژی ڕێژیمی ئێران» بە ٢٥ ساڵ زیندانی و دوور خستنەوە بۆ زیندانی میناب مەحکووم کرا.

لەو بارەوە کەمپەینی بەرگری لە زیندانیانی سیاسی و مەدەنی بڵاوی کردووەتەوە، کە ئەگەری ئەوە هەیە هۆکاری گواستنەوەی ئەو زیندانییانە بەمەبەستی جێبەجێ کردنی مادەی ١٣٤ی یاسای سزای ئیسلامی بێت.

## پەیامی یەکیەتی زانایانی ئایینی کوردستانی ئێران بەبۆنەی گیان لەدەستدانی منداڵێکی تەمەن ٣ ساڵان لە ڕێگەی هەندەراندا

بە نێوی خودای گەورە

{بأی ذنب قتلت}

ئێوە ئەی منداڵەکان بە چ تاوانێک کووژران.

پرسیارێک کە خوداوەندی مەزن لە ڕۆژی دوواییدا دەیخاتە بەر باس بۆ لێکۆڵینەوە لە شێوەی کووژرانی ئەو منداڵانەی کە بە بێ هیچ تاوانێک گیانیان لێ ئەستێندراوە و کووژراون.

بەداخەوە ئەم سەردەمە سەردەمی بێ بەزەیی ودڕندەیی خەڵکانێکن کە لە ژێر پەردەی جۆراوجۆر هەرچی بێ ڕێزی و وەحشیگەرییە بە سەر مرۆڤایەتی بەگشتی وخەڵکانی بێ ماف ودەوڵەت بەتایبەتیتر نەتەوەی مافخوراوی کورد دەهێنن.

یەکێتی زانایانی ئایینی کوردستانی ئێران وێڕای ئیدانەکردنی ئەم کردەوە قێزەونانە کە لە هەموو ئایین وپرەنسیپێکی مرۆڤایەتی بەدوورە، داواکاریشین خەڵکی مسوڵمان کۆڵ نەدەن وخاک و وڵاتی خۆیان بۆ هەندەران چۆڵ نەکەن ، ئەگەر ئەمرۆکە لە ناوچەکەدا تاقمە تێرۆریستەکان تەنگیان بە خەڵکی بێ تاوان وبێ دیفاع هەڵچنیوە بە ناو مرۆڤدۆستەکانیش بە شیوەیەکی تر هەمان جینایەت دووپات دەکەنەوە، هیوامان یەکگرتن وکۆدەنگییە بۆ لە ناو بردنی زاڵمان ومرۆڤکوژان.

والسلام علیکم ورحمةالله وبراکاتە

یەکێتی زانایانی ئایینی کوردستانی ئێران

١٢ی خەرمانانی ١٣٩٤ی هەتاوی

## دوو زیندانیی کورد بە هۆی نەخۆشی مەترسی گیانییان لەسەرە

ئاسۆ ڕۆستەمی زیندانیی سیاسیی کورد لە بەندی ٨ی گرتووخانەی ئێوینی تاران تووشی سەکتەی مێشک بووە و ڕەوانەی بێهداری نێو زیندان کراوە.

ڕۆستەمی پاش ئەوەیکە تووشی ئەو حاڵەتە هاتووە ڕێگەی پێ نەدراوە کە ڕەوانەی نەخۆشخانەی دەرەوەی زیندان بکرێت.

ئەو هاووڵاتییە کوردە لەماوەی دەورانی دەستبەسەریدا لەبەندی ٨ی زیندانی ئێوین و ژوورە تاکەکەسییەکاندا هەتا ئێستا چەندین جار دۆخی جەستەیی تێکچووە.

ماڵپەڕی «سەحام نیوز»بڵاوی کردووەتەوە، ئاسۆ ڕۆستەمی سەرەڕای سەکتەی مێشک تووشی خوێنڕێژی و هەو کردنی ناو زگی هاتووە.

ئەو زیندانییە سیاسییە کوردە لە مانگی ڕەزبەری ساڵی ڕابردوودا پاش بەڕێوەچوونی کۆبوونەوەی پشتیوانی لە کۆبانێ لەبەردەم دەفتەری نوێنەرایەتی ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان لە تاران، لەگەڵ چەند چالاکی مەدەنی دیکە دەستبەسەر و سزای ٧ ساڵ زیندانی بە سەردا سەپا.

لەلایەکی دیکەوە «شەهرام ئەحمەدی» زیندانیی عەقیدەتی کوردی مەحکووم بە ئێعدام، ڕێکەوتی ٣ی خەرمانانی ١٣٩٤، ڕەوانەی بێهداریی زیندانی ڕەجایی شاری کەرەج کراوە.

ئەحمەدی زیاتر لە ٤ ساڵە کە بەدەست نەخۆشی گورچیلەوە دەناڵێنێ و دوو ڕۆژ لەمەوبەریش هەر بە هۆی ئەو نەخۆشییەوە لە ساڵۆنی ١٠وە بۆ بێهداریی زیندان گواستراوەتەوە.

سەرچاوەیەکی ئاگادار ڕایگەیاندووە: بەرپرسانی گرتووخانەکانی ڕێژیم بە بێ ئەوەیکە نەخۆشییەکەی چارەسەر بکەن، دەرمانێکی ئازاربڕیان پێداوە و بۆ بەندەکەیان گەڕاندووەتەوە.

ئەو زیندانییە عەقیدەتییە، لە ڕێکەوتی ٦ی بانەمەڕی ١٣٨٨ی هەتاوی، دەستبەسەر و پاش ٣٣ مانگ ڕاگرتنی لە گرتنگە و ژوورە تاکەکەسییەکاندا بۆ بەندی ٣٥٠ی ئێوین گوازراوەتەوە و پاشان ڕەوانەی زیندانی ڕەجایی شاری کەرەج کراوە.

## کۆچی دوایی کەسایەتییەکی نیشتمانپەروەر و خۆشناو لە ورمێ

ڕۆژی چوارشەممە ڕێکەوتی ٤ی خەرمانانی ١٣٩٤ی هەتاوی، «حاجی‌مەلا هاشم پوور محەممەد»، کەسایەتیی نیشتمانپەروەر و خۆشناوی ناوچەی مرگەوەڕ، دانیشتووی گوندی «حەلەج» لە تەمەنی ٧٧ ساڵیدا ماڵاوایی لە ژیان کرد.

ناوبراو کەسێکی خۆشناو و جێگای ڕێز و متمانەی خەڵکی ناوچەکە بوو.

تەرمی ئەم کەسایەتییە نیشتمانپەروەرە لە نێو ئاپۆڕای خەڵکی ناوچەکەدا بە خاک سپێردرا.

حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران، سەرەخۆشی لە بنەماڵە و کەس‌وکاری ئەو کەسایەتییە خۆشناو و نیشتمانپەروەرە دەکات و خۆی لە خەم و پەژارەیاندا بە شەریک و بەشدار دەزانێت.

## ئەندامێکی دێرینی حیزبی دێموکرات ماڵاوایی لە ژیان کرد

ڕۆژی پێنجشەممە ڕێکەوتی ٥ی خەرمانانی ١٣٩٤ی هەتاوی، «ئەحمەد شێخە» کوڕی «قادر» ئەندامی دێرین و پێشمەرگەی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران لە شاری هەولێر ماڵاوایی لە ژیان کرد.

ئەحمەد شێخە لە سەردانێکدا کە بۆ کوردستانی باشوور کردبووی، بە هۆی نەخۆشی لە یەکێک لە نەخۆشخانەکانی شاری هەولێر لە تەمەنی ٦٨ ساڵیدا کۆچی دوایی کرد.

ئەحمەد شێخە ساڵی ١٣٢٦ی هەتاوی، لە گوندی «خورخوڕە»ی ناوچەی «شارویران»ی سەر بە شاری مەهاباد لە بنەماڵەیەکی نیشتمانپەروەر لە دایک بوو.

ناوبراو ساڵی ١٣٥٤ی هەتاوی پێوەندی بە حیزبی دێموکراتەوە کردووە و دوای خەباتی ئاشکرای حیزب لەساڵی ١٣٥٧ پەیوەست بە ڕیزی پێشمەرگە دەبێت و هەتا ساڵی ١٣٦٥ لە هێزەکانی «پێشەوا»، «بەیان» و «ئەفشین»دا سەرقاڵی ئەرکی پێشمەرگایەتی بووە.

کاک ئەحمەد لەماوەی پێشمەرگایەتیدا لە شەڕ دژی داگیرکەرانی کوردستاندا چەندین جار بریندار بووە.

ناوبراو، کەسێکی تیکۆشەر و دڵسۆز و پێشمەرگەیەکی جێگەی متمانەی حیزب و هاوڕێیان و خەڵکی ناوچەکە بوو.

حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران، سەرەخۆشی لە بنەماڵە و کەس و کاری «ئەحمەد شێخە» دەکات و خۆی لە خەم و پەژارەیاندا بە شەریک و بەشدار دەزانێت.

## دایکی شەهیدێکی ڕێگای ڕزگاریی کوردستان لە سەقز کۆچی دوایی کرد

ڕۆژی پێنجشەممە ڕێکەوتی ٢٩ی گەلاوێژی ١٣٩٤، «عەزیمە یووسفپوور» دایکی «عەزیز یووسفپوور» شەهیدی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران، لە تەمەنی ٧٨ ساڵیدا کۆچی دوایی کرد.

شەهید عەزیز یووسفپوور ساڵی ١٣٤٣ی هەتاوی، لە شاری سەقز لە دایک بووە، ناوبراو پێشمەرگەیەکی ئازا و کادرێکی لێوەشاوەی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران بوو کە لە ڕێکەوتی ٢٠ی سەرماوەزی ١٣٦٤، لە دەرەویانی شێخ، شەهید بوو و تەرمەکەی هەر لەوێ ئەسپەردەی خاک کراوە.

تەرمی دایە «عەزیمە یووسفپوور» لە نێو ئاپۆڕای خەڵکی شاری سەقز و دۆستان و ئاشنایانی، بە خاک سپێردرا.

حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران سەرەخۆشیی لە بنەماڵەی دایە عەزیمە و کەس و کاری دەکات و خۆی بە شەریکی خەم و پەژارەیان دەزانێت.

## ڕێژیمی ئێران بە تەقینەوەی تیرۆریستی لە بەحرەین تاوانبار کرا

دوای تەقینەوەی خوێناویی شەوی هەینی ڕێکەوتی ٦ی خەرمانانی ١٣٩٤، کە لە پێتەختی وڵاتی بەحرەین ڕووی دا، بەرپرسانی ئەو وڵاتە ڕایانگەیاند، مەوادی تەقینەوەی بەکارهاتوو لەو کردەوە تێرۆریستییەدا لەلایەن ڕێژیمی ئێرانەوە نێردراوە.

لەو تەقینەوەیەدا پۆلیسێک و حەوت کەسی دیکە بە توندی بریندار بوون.

وەزیری ئیتلاعاتی بەحرەین ڕایگەیاند: مەوادی تەقینەوەی بەکارهاتوو لەو هێرشە تیرۆریستییەدا « لەگەڵ ئەو مەوادەی کە لە ئێران» هاتبوو و مانگی ڕابردوو لەلایەن بەرپرسانی ئەو وڵاتەوە دەستی بەسەردا گیرابوو، وێکچوویەکی زۆریان هەیە.

وڵاتی بەحرەین سەرەتای مانگی گەلاوێژ بڵاوی کردبوویەوە، «کە پلانێکی قاچاغی چەک‌وچۆڵ و مەوادی تەقینەوە لەئێران بۆ بەحرەین»یان ئاشکرا و دوو کەسیان لە پێوەندی لەگەڵ ئەو پلانە دەستبەسەر کردووە.

ئەو ئیدعایەی بەرپرسانی وڵاتی بەحرەین لە کاتێکدایە کە چەند ڕۆژ پێش ئێستا «ئەحمەد ئیبراهیم‌ئەلمغەسەل» هاووڵاتیی عەرەبستانی سعوودی و فەرماندەی گوردانی «حیزبوڵلای حیجاز» کە یەکێک لەتیرۆریستە نێودەوڵەتییەکان دەهاتە ئەژمار و لەئێران داڵدە درابوو، لەوڵاتی لوبنان دەستبەسەر کرا.

## وازهێنان لە خویندن بەرۆکی قوتابیانی کوردی گرتووەتەوە

لە پارێزگای ورمێ سەرەڕای کەمیی قوتابخانە، کێشەی نەبوونی ئیمکاناتی پەروەردەیی بەرۆکی قوتابیانی گرتووەتەوە و لەو پێوەندییەدا ناوەندە پێوەندیدارەکان هەوڵی چارەسەر کردنی نادەن.

لەلایەکی دیکەوە بەشێک لەقوتابیانی گوندەکانی ئەو پارێزگایە بە هۆی دووری ڕێگا و نەبوونی کەرەسەی هاتوچۆکردن لەخوێندن بە جێ دەمێنن.

شاری سەقزیش لەو کێشەیە بێبەریی نەبووە و بەشێک لەقوتابیانی گوندەکانی ئەو شارە بە هۆی نەبوونی قوتابخانەی ناوەندی و دواناوەندی لە خوێندن بێبەری بوون.

بەوتەی خەڵکی ناوچەکانی سەقز، بەشێک لەقوتابیانیش بە هۆی نەبوونی ئیمکاناتی ماڵی و تێچووی ڕۆژانەی قوتابخانە لەخوێندن بەجێ ماون.

لەئاوایییەکانی سەقز قوتابیانی کچ زیاتر لەگەڵ ئەو کێشەیە بەرەوڕوون و تەنیا دەتوانن هەتا کۆتایی قۆناغی سەرەتایی درێژە بە خوێندن بدەن.

لەحاڵی حازردا ناوچە و ئاوایییەکانی سەرشیوی سەقز، جەوشەن، ئارەبەلەنگ، کەسنەزان، سماقڵوو، قشلاغ و.. لە قوتابخانەی ناوەندی و دواناوەندی بێبەرین.

عەلی ئەسغەرفانی وەزیری پەروەردە و بارهێنانی ڕێژیمی ئێران ڕایگەیاندووە، هەنووکە یەک لەسەر سێی قوتابخانەکانی ئێران، ناستاندادرن.

بەپێی ئاماری فەرمی ڕێژیم لە ماوەی دوو ساڵی ڕابردوودا، ١٤٣ هەزار منداڵ لە وڵاتی ئێراندا لە هیچ قوتابخانەیەکدا نێونووسیان نەکردووە و ساڵی ڕابردووش ٦٧ هەزار قوتابی قۆناغی سەرەتایی لەو وڵاتە دەستیان لە خوێندن هەڵگرتووە.

هەروەها بەپێی ئامارێک کە جێگری پەروەردەی سازمانی نێهزەتی سەواد ئامووزی ڕێژیم لە مانگی جۆزەردانی ١٣٩٤دا بڵاوی کردووەتەوە، لە ساڵی ٩٤ ـ ٩٣ یەک میلیۆن و ٤٣٠ هەزار کەس لە تەمەنی نێوان ٦ هەتا ١٨ ساڵ لە هیچ قوتابخانەیەکدا نێونووسیان نەکردووە و یەک میلیۆن و ١٥٠ هەزار قوتابی لەو وڵاتە دەستیان لە خوێندن هەلگرتووە.

## بەرهەمی دەرهێنەرێکی کورد بەشداری لە فێستیڤاڵی سانفرانسیسکۆ دەکات

هەشتەمین خولی فێستیڤاڵی فیلمە ئێرانییەکانی سانفرانسیسکۆ، بە بەشداریی فیلمە کوردییەکان و بەرهەمی سینەماکارانی کورد بەڕێوە دەچێت.

ئەنیمەیشێنی «یەک لەهەزاران» کە ماوەکەی ٧ خولەک و ٣٠ چرکەیە لەسەر پرس و دۆخی منداڵان بەرهەم هاتووە بەرهەمی «باران محەممەدی ڕەیحانی» هاووڵاتی کوردی خەڵکی مەهابادە کە لە بواری ئەنیماتۆر و گرافیك و دیزاینی پوستێر و کتێب چالاکی دەکات.

ئەو بەرهەمە توانیویەتی بچێتە بەشی فێستیڤاڵی فیلمە ئێرانییەکانی سانفرانسیسکۆ و فێستیڤاڵی IN.S.A.N.E. animation film.

ئەو ئەنیمەیشێنە لە فێستیڤاڵی فیلمی دهۆک، ئیتالیا، یونان، هێند، ئاڵمان، ئوسلۆنی و فێستیڤاڵی ژنانی ئەنیمەیشن ساز لە ڤییەن نیشان دراوە.

هەشتەمین فێستیڤاڵی فیلمی سانفرانسیسکو لە ڕێکەوتی ٥ی ڕەزبەر لە سۆئێد بەڕێوە دەچێت. هەروەها فێستیڤاڵی IN.S.A.N.E. animation film) ) ٢٠ هەتا ٢٢ی خەرمانان هەر لەو وڵاتە بەڕێوە دەچێت.

## تیرۆریستێکی نێودەوڵەتی کە لەئێران داڵدە درابوو، دەستبەسەر کرا

«ئەحمەد ئیبراهیم ئەلمەغسەل»، خەڵکی وڵاتی عەرەبستانی سعوودی و فەرماندەی گوردانی « حیزبوڵلای حیجاز» کە بە یەکێک لە تێرۆریستە نێودەوڵەتییەکان دەهاتە ئەژمار لە وڵاتی لوبنان دەستبەرسەر کرا.

ئەحمەد ئەلمەغسەل، یەکێک لە پلاندارێژەرانی تەقینەوەی بینای «ئەلخەبەر» ، شوێنی نیشتەجێ بوون و حەوانەوەی سەربازە ئامریکاییەکان، لە ساڵی ١٣٧٥ی هەتاوی (٢٥ی ژوئەنی ساڵی ١٩٩٦ی زایینی) بوو کە پاش ١٩ ساڵ دەستبەسەر کرا.

لەو تەقینەوەدا ١٩ سەربازی ئامریکایی کوژران و ٣٧٢ کەسی دیکەش بریندار بوون.

فەرماندەی گوردانی « حیزبوڵلای حیجاز» دوای ئەو تەقینەوەیە بەرەو وڵاتی ئێران هەڵات و پاش چەند ساڵ بەرپرسانی ڕێژیمی ئێران ناوی ئەو تیرۆریستەیان لە ڕیزی مردووەکاندا بڵاو کردەوە.

پاش یەک ساڵ لە ڕووداوی تەقینەوەکە، بەرپرسانی سعوودیە داوای ڕادەستکردنەوەی ئەحمەدئەلمەغسەل و سێ کەسی دیکەیان لە بەرپرسانی ڕێژیمی ئیسلامیی ئێران کرد.

هەر ئەو کات دەوڵەتی ئامریکا سپای قودسی ڕێژیمی ئێرانی بە دەست تێدابوون لەتەقاندنەوەی بینای ئەلخەبەر تاوانبار کردبوو.

## وەزارەتی ئیتلاعات لێکۆڵینەوە لە بنەماڵە یارسانەکان دەکات

بەپێی هەواڵی ئاژانسی هەواڵدەریی کوردپا، باوکی یەکێک لە چالاکانی سیاسیی کورد لەلایەن ئیدارەی ئیتلاعاتی شاری بیجار لە پارێزگای سنە بانگهێشت و لێکۆڵینەوەی لێکراوە.

ڕەزا شامورادی کە وەکوو پەنابەر لە وڵاتی ئووستراڵیا نیشتەجێیە و تا ئێستا چەندین جار سەبارەت بە یارسانەکان و ئایینی یاری بابەتی بڵاو کردۆتەوە، بۆ چەندمین جار باوکیان بانگهێشتی ئیدارەی ئیتلاعاتی بیجار کردووە و هەڕەشەی توندی لێکراوە.

بەپێی ئەو زانیاریانەی بە ئاژانسی کوردپا گەیشتووە، لەچەند مانگی ڕابردوودا حکومەتی ئێران گوشار دەخاتەسەر بنەماڵەی چالاکانی سیاسی و مەدەنی و لە زۆربەی شارەکانی کوردستان، ئیدارەی ئیتلاعات پێوەندی ڕاستەخۆ لەگەڵ بنەماڵەیاندا دەگرێت و هەڕەشەی ئەمنیەتی ـقەزاییان لێ دەکات.

لەسەرەتای ساڵی ١٣٩٤ی هەتاوی، ڕێکخراوەی لێبوردوونی نێونەتەوەیی لە ڕاپۆرتێکدا ئاماژەی بە ڕاودوونانی بنەماڵەی چالاکانی سیاسی ومەدەنی لەئێراندا کردوە.

## لە نێو فەرمانداریی سونقوردا کەسێک ئاگری لە جەستەی خۆی بەردا

هاووڵاتییەکی کورد خەڵکی شاری سونقور سەر بە پارێزگای کرماشان لە بەردەم فەرمانداریی ئەو شارەدا کۆتایی بە ژیانی خۆی هێنا.

بەپێی هەواڵی ئاژانسی هەواڵدەریی کوردپا، سەرلەبەیانی ڕۆژی یەکشەممە ڕێکەوتی ٨ی خەرمانان، هاووڵاتییەکی کورد لە بەردەم بینای فەرمانداریی سونقوردا ئاگری لە جەستەی خۆی بەردا و گیانی لەدەست دا.

بەپێی زانیارییەکان، ئەو هاووڵاتییە کوردە دوای هاتنەدەرەوەی لە بینای فەرمانداری بێنزینی بەخۆیدا کردووە و خۆی سووتاندووە.

ئەو خۆسووتاندنە لە نێو حەوشەی بینای فەرمانداریی ڕوویداوە.

جێگری سیاسی ـئەمنیەتی پارێزگای کرماشان لە وتووێژێکدا لەگەڵ ئیرنا، باسی لە شێواویی تەرمی ئەو هاووڵاتییە کوردە کرد و وتی: بەهۆی سەختی سووتاندنەکەی شوناسی ئەو هاووڵاتییە ڕوون نەبووەتەوە.

کارناسانی کاروباری کۆمەڵایەتی لە کوردستان، کێشە ئابووری و کۆمەڵایەتییەکان بە هۆکاری سەرەکیی خۆکوژییەکان دەزانن.

## زیندانییەکی سیاسیی کورد حوکمی سێدارەکەی چووە قۆناغی جێبەجێ کردنەوە

ڕێکەوتی ٣ی خەرمانان «بێهرووز ئاڵخانی» لە بەندی ١٢وە بۆ ژووری تاکەکەسی زیندانی دەریا ڕاگوێزرا و سەرلە بەیانی ڕۆژی چوارشەممە ڕێکەوتی ٤ی خەرمانان لە سێدارە دراوە.

حوکمی سێدارەی «بێهروز ئالخانی» لەگەڵ ٥ زیندانیی دیکە کە بە تاوانی بازرگانی بە مادە سڕکەرەکان لە گرتووخانەی ورمێدا ڕاگیرابوون جێبەجێ کرا.

هەر لەم پەیوەندییەدا، ڕێکخراوی لێبوردنی نێودەوڵەتی لە بەیاننامەیەکدا داوای لە بەرپرسانی ڕێژیمی ئێران کردبوو کە بێهرووز لە سێدارە نەدەن.

بێهرووز ئاڵخانی کوڕی «فارس» خەڵکی شارستانی سەڵماس، لە ڕێکەوتی ٧ی ڕێبەندانی ١٣٨٨ی هەتاوی، لە شاری سەڵماس بە تۆمەتی هاوکاری کردن لەگەڵ یەکێک لە حیزبە کوردییەکانی ئۆپۆزسیونی ڕێژیمی ئیسلامیی ئێران دەستبەسەر کراوە.

ناوبراو لەماوەی دەستبەسەری لە گرتووخانەکانی ڕێژیمی ئێران لە شاری سەڵماس، خۆی و ورمێ کەوتووەتە بەر ئەشکەنجە و دەست و لاقێکی شکابوو.

## کۆنسێرتی کامکارەکان لە شاری مەهاباد هەڵوەشێندرایەوە

کۆنسێرتی گرووپی کامکار کە قەرار بوو لە شاری مەهاباد بەڕێوە بچێت لەلایەن بەرپرسانی ڕێژیمەوە بە بیانووی حەوتووی دەوڵەت هەڵوەشێندرایەوە.

ئەردەشیر کامکار لەوبارەیەوە ڕایگەیاند: بەرپرسانی ڕێژیم بە ئێمەیان ڕاگەیاندووە: ئێوە مۆڵەتتان بۆ ساڵۆنێکی ٥٠٠ کەسی وەرگرتووە و ئەو ساڵۆنەی ئێوە کە کۆنسێرتەکەی تێدا بەڕێوە دەبەن جێگای ٥٨٠ کەسی هەیە و دەبێ مۆڵەتی ئەو ٨٠ کەسەش وەربگرن.

هەڵوەشاندنەوەی ئەو کۆنسێرتە لە کاتێکدا بووە کە گرووپی موسیقی کامکار لە سێ شاری کوردستانی ڕۆژهەڵات بەرنامەیان هەبووە.

کۆنسێرتی گرووپی موسیقی «ئەردەشیر کامکار» بە گۆرانیبێژی و ژەنیاری هونەرمەندان ئەردەشیر کامکار، وەحید تاج، حیشمەت ڕەجەبزادە، سیاوش کامکار، نێیریز کامکار، کامبیز گەنجەیی، نیگار خارکەن، سیروان مەنهووبی، تەرگوڵ خەلیقی، کامران ئەحمەدی و قاسم ڕەحیمزادە بەڕێوە دەچێت.

## هاووڵاتییەکی کورد لە مەهاباد بەتەقەی هێزەکانی ڕێژیم بریندار کرا

ڕۆژی هەینی ڕێکەوتی ٧ی خەرمانانی ١٣٩٤، دەستوپێوەندییەکانی ڕێژیمی ئیسلامیی ئێران، لە سەر جادەی مەهاباد ـ سەردەشت لە سێ ڕێیانی «رافتە و چۆمەڵ» دەستڕێژیان لە ماشێنی هاووڵاتییەکی کورد کردووە.

لە ئەنجامی ئەو تەقەکردنەدا ماشینەکە وەرگەڕاوە و شۆفێرەکەی بە توندی بریندار بووە.

یەکێک لە شایەتحاڵانی ڕووداوەکە ڕایگەیاندووە، ماشینی ئەو کاسبکارە دوای تەقەی دەست و پێوەندییەکانی ڕێژیم وەرگەڕاوە و بۆ ئەوەی ئەو کاسبکارە کوردە بە برینداری نەکەوێتە بەر دەستی هێزەکانی ڕێژیم، بە ماشێنێکی دیکە بۆ شوێنێکی نادیار گواستوویانەتەوە.

دەگوترێت کە هێزەکانی ڕێژیمی ئێران بە گومانی هەڵگرتنی کەلوپەلی قاچاغ تەقەیان لەو هاووڵاتییە کردووە.

هەتا کاتی بڵاو بوونەوەی ئەم هەواڵە، هیچ زانیارییەک لەشوناس و چارەنووسی ئەو هاووڵاتییە کوردە بڵاو نەبووەتەوە.

## کاڕاتەکارێکی کورد لە ڕکابەرییە جیهانییەکاندا سەرکەوتنی بەدەست هێنا

ئەمیر حوسێن کیادی، وەرزشوانی کوردی خەڵکی دێهلۆران، لەئاستی تەمەنی مێرمنداڵاندا لە کێشی ٥٧ کیلۆدا میداڵی زیوی بەدەست هێناوە.

ئەو ڕکابەرییانە لە سێ بڕگەی تەمەنی جیاوازدا لە ورمێ بەڕێوەچووە.

لەو ڕکابەریانەدا وەرزشوانانی وڵاتانی کۆماری ئازەربایجان، تورکیە، عێراق، کوەیت، ئەفغانستان، فەڕانسە و ئێران بەشدارییان کردبوو.

هەر لەم پێوەندییەدا محەممەد خانی مێرمنداڵی کوردی خەڵکی کرماشان لە ڕکابەرییە جیهانییەکانی کورەی باشوور کە لەشاری «موجوی» ئەم وڵاتە بەڕێوەچوو، توانی میداڵی زێڕ بۆ خۆی مسۆگەر بکات.

ئەو وەرزشوانە کوردە لە کێشی ٦٥کیلۆدا لە بەرامبەر وەرزشوانانی قەزاقستان و ڕوسیەدا لە بەشی فینالی ئەو ڕکابەرییەدا سەرکەوتنی بەدەست هێنا و میداڵی زێڕی بە دەست هێنا.

هەروەها، محەممەد خانی لە ڕکابەرییەکانی پاڵەوانیەتی ئاسیا کە لە «چین تایپە» بەڕێوەچبوو توانیبووی میداڵی زێڕ بە دەست بێنێت.

ڕکابەری تێکواندوی مێرمنداڵانی جیهان بە بەشداری ٤٦٥ تێکواندوکار لە ٥٩ وڵات لە حاڵی بەڕێوەچوون دایە.

## قووڵترین ئەشکەوتی جیهان لەلایەن وەرزشوانێکی کورد پێورا

ئاژانسی کوردپا: وەرزشوانێکی کورد ڕێکۆردێکی نوێی لە گەڕان بە نێو ئەشکەوتە ئاسۆییەکان دا تۆمار کرد.

وەرزشکاری کورد هیوا ئەحمەدی توانی قووڵترین ئەشکەوتی جیهان لە ناوچەی ئابخازیا_گورجستان لە ماوەی ١٥ ڕۆژدا ببڕێت.

ئەو وەرزشوانە، ١٧٠٠ میتر لە قووڵایی ٢٢٠٠ میتری ئەشکەوتی ورۆنیای پێواوە و بەو هۆیەشەوە توانی ٦٠٠ میتر ڕێژەی پێوانەیی لە ئێراندا، بشکێنێت.

هیوا ئەحمەدی لە ئەنجامی بڕینی ئەو پێوانەیە، ناوی خۆی وەکوو یەکێك لە پسپۆڕانی بواری گەڕان بە نێو ئەشکەوتەکاندا تۆمار کرد.

هیوا ئەحمەدی لە دایک بووی شاری سنە لە ڕۆژهەڵاتی کوردستانە و لە ساڵی ١٣٨٩هەتاوی بەشێوەی پرۆفیشناڵ دەستی بە کاری دۆزینەوەی ئەشکەوتەکان کردووە و لە ساڵی ١٣٩٢ی هەتاوی لە تاقیکاری ڕاهێنەرایەتی وەکوو یەکەم کەس لە ئاستی ئێراندا ناسێنرا.

## زیندانیانی سیاسیی گرتووخانەی ورمێ پۆشینی جلوبەرگی کوردییان لێ قەدەغە کرا

ڕۆژی چوارشەممە ڕێکەوتی ١١ی خەرمانانی ١٣٩٤، «میرحەمید سەیدعەلوی» بەرپرسی بەشی نێوخۆی زیندانی ورمێ بە زیندانیانی سیاسیی کوردی ڕاگەیاندووە کە زیندانیانی سیاسیی کورد لە زینداندا مافی پۆشینی جلی کوردیان نییە و لە ئەگەری بەڕێوەنەبردنی ئەو بڕیارە لەگەڵ سزای توند بەرەوڕوو دەبنەوە.

دوای دەرکردنی ئەو بڕیارەی بەرپرسی ڕێژیم لە زیندانی ورمێ یەکێک لە زیندانیانی سیاسیی بە هۆی پۆشینی جلی کوردی لەلایەن یەکێک لە مەئموورانی زیندانەوە لێپێچینەوەی لێکراوە.

ئەو بڕیارە نارەزایەتی زیندانیانی لێکەوتووەتەوە و ڕایانگەیاندووە کە بە هیچ جۆر ئەم بڕیارە قەبووڵ ناکەن.

بەرپرسانی ڕێژیمی ئێران لە زیندانەکان جیا لە ئەشکەنجە و ئازاری زیندانیانی سیاسی بە شێوەی جۆراوجۆر، تەنانەت مافی لەبەرکردنی جلوبەرگی نەتەوەیی خۆشیان پێ نادەن.

ئەو بڕیارە لەکاتێک دایە کە زیندانیانی سیاسی مافی تایبەتی خۆیان هەیە و دەبێ بەشێوەی یاسای زیندانی سیاسیی هەڵسووکەوتیان لەگەڵ بکرێت.

# دوو براوە بۆ یەک گەمە

ن: شارام میرزایی
و: ڕووش

ئەگەری سەرهەڵدانی دووبارەی شەڕی نێوخۆیی لە تورکیە و شکست هێنانی پرۆسەی ئاشتی چەندین مانگ پێش لە دەسپێکی هەڵبژاردنەکانی پارلمانی ئەم وڵاتە خۆیان دەرخستبوو. لەو کاتەدا هەر دوو لایەن (پ.ک.ك و ئا.ك.پ) بە سازکردنی کەشی پڕوپاگەندەیی و شەڕخوازانە، کەش و دۆخی هەستیاری کۆمەڵگای کورد و تورکیان کردە ئامانج. لەلایەکەوە پ.ك.ك بەخستنە بەرباسی ئەوەیکە ئەگەر ڕێژەی ١٠٪ی دەنگەکان لەلایەن هادەپەوە وەدەست نەیەت و ڕێگری بکرێت لە چوونی ئەم حیزبە بۆ نێو پارلمان، ئەوا تورکیە تووشی شەڕێکی هەمەلایەنەی نێوخۆیی دەبێت و لەلایەکی دیکەشەوە ئەردۆغان لە کۆنفرانسێکی هەواڵنێریدا باسی لەوە کرد کە تەنیا ڕێگەی بەردەوامی ئاشتی و پێشکەوتن لە کۆمەڵگا بریتییە لە وەدەست خستنی زۆرینەی کورسییەکانی پارلمان و ڕایگەیاند: «ئەگەر جگە لەمە بێت وڵاتەکەمان تووشی شەڕ دەبێت.»

هەڕەشە وێکچووەکان و دووبارە کردنەوەی بەردەوامیان لە لایەن پڕوپاگەندەکارانی ئەم دوو حیزبە ئەو ڕاستییەی زیاتر دەخستەڕوو کە داهاتوویەکی ئاڵۆز بەرۆکی تورکیە دەگرێت کە تەنیا قوربانیی ئەم بارودۆخە تەنیا پرۆسەی ئاشتی و لە ئاکامیشدا دەسپێکردنەوەی دووبارەی شەڕ و خوێن ڕشتنەکانە. لەو کاتەوە تاکوو ئێستا تورکیە شاهێدی کۆمەڵێك گۆڕانکاری پان و بەرین بووە: لەدەستدانی زۆرینەی ڕەهای کورسییەکانی پارلمان پاش ١٢ ساڵ حوکمڕانی بە سەر پارلمان لە لایەن ئاکەپەوە، تێپەڕین لە ڕێژەی ١٠٪ لەلایەن هادەپەوە، تەقینەوەی خۆکوژی «سۆروچ» و کوژرانی دەیان هاووڵاتی کوردی تورکیە، کوژرانی ٢ پۆلیسی تورك لەلایەن پ.ك.ك و ڕاگەیاندنی کۆتایی ئاگربڕی نێوان پ.ك.ك و دەوڵەتی تورکیە، شکستی «ئەحمەد داوود ئۆغڵوو» لەمەڕ سازکردنی دەوڵەتی هاوپەیمانی و ڕاگەیاندنی هەڵبژاردنی پێش وەخت لەلایەن ئەردۆغان.

### مافیای دەسەڵات و لەبارچوونی پرۆسەی ئاشتی

سەرەکیترین هۆکاری لەنێوچوون یان شکستی نەتەوەکان و دروست بوونی شەڕ، بوونی ڕێبەرانی زێدەخوازە، ئەسڵێکی مێژوویی، کە ڕەجەب تەیب ئەردۆغان لە لایەك و پ.ك.ك لەلایەکی دیکەوە هەموو کات خۆیان لێ دزیوەتەوە. خەونی ژیاندنەوە و سازکردنەوەی خەلافەتی ئیسلامی سوننی مەزهەب لە ناوچەدا کەسایەتییەکی بۆ ئەردۆغان دروست کردووە کە بوونی هیچ هێزێکی دیکە لە لووتکەی دەسەڵات بە ڕەوا نابینێت و بەردەوام لە هەوڵی وەدەست خستنی هێز و دەسەڵاتی زیاترە و لەم پێوەندییەشدا ئەوەندە کۆمەڵگای خستە ژێر گوشارەوە کە هیچ ڕێگەیەکی جگە لە هەڵگیرسانەوەی شەڕ نەهێشتەوە.

گۆڕانە سیاسییەکان لە ماوەی ١٢ ساڵ دەسەڵاتداری ئاکەپە و سازکردنی سنووری زیاتری کۆمەڵایەتی و سیاسی، پەرەسەندنی گەندەڵی ئیداری، لابردن و نەهێشتنی ڕکەبەری سیاسی، سەرکوتی توندی جموجۆڵە مەدەنییەکان، لاوازکردنی دامەزراوە دێموکراتیك و سێکۆلارەکانی کۆمەڵگای تورکیە کۆمەڵێك بەڵگەن بۆ سەلماندنی ئەو ڕاستییەی کە ویستێکی گشتیخواز لە نێو حیزبی ئاکەپە بە سەرکردایەتی ئەردۆغان بوونی هەیە. بەڵام خاڵێکی تەژی لە پارادۆکس لەم نێوانەدا بریتییە لە هەوڵە بێ وینەکانی ئاکەپە بۆ چارەسەری ئاشتیخوازانەی پرسی کورد و وەڕێخستنی ئاشتی لە نێوان تورك و کورد کە لە چەند ساڵی ڕابردوودا کرانەوەیەکی بەرچاوی سەبارەت بە مەسەلەی کورد لە تورکیەدا ساز کردووە.

هەر لەم ڕاستایەشدا پ.ك.ك کە پاش دەیان شەڕی تاقەتپڕوکێن و دەست بەسەرکرانی عەبدوڵا ئۆجالان ڕێبەری خۆی تووشی شەڕی دەسەڵات و پاکانە حیسابە نێوخۆییەکان و داڕوخانی بەربڵاوی هێزەکانی خۆی ببوو، پێشوازییەکی گەرمی لە پەیامە ئاشتیخوازانەکەی ئەردۆغان کرد و لە ڕاستای خۆگونجاندن لەگەڵ ویستە حکوومەتییەکان و هەوڵدان بۆ نەهێشتنی بارگرژی لە ساڵی ٢٠٠٨ لە کۆنگرەی دەیەمی خۆیدا بەرنامە و پێڕەوی خۆی گۆڕی و سەربەخۆیی خوازی کوردەکانی بە پرسێکی ئیمپریالیستی و لە چوارچێوەی کێشە سازکردن بۆ نەتەوەکانی ناوچە و دابەش کردنی وڵاتان و گۆڕینی خەریتەی ڕۆژهەڵاتی ناڤین لەقەڵەم دا. پ.ك.ك بە خەونی خەبات لەدژی ئیمپریالیزمی جیهانی و خەیاڵی سازکردنی شۆڕشێکی جیهانی لەدژی کاولکاری، لە کۆتاییدا و لە ساڵی ٢٠١٣ ئاگربڕی کاتی لەگەڵ دەوڵەتی تورکیە واژۆ کرد. ئاگربڕێکی ناتەواو و کاڵ کە ٢ ڕووداوی خوێناوی واتە تەقینەوەی «سۆروچ» و کوژرانی دوو پۆلیسی تورك کۆتایی پێهێنا.

### بەڵێ بۆ شەڕ، نا بۆ ئاشتی

ڕەجەب تەیب ئەردۆغان پێش لە دەسپێکی سەفەرە فەرمییەکەی بۆ وڵاتی چین لە ژوئەنی ٢٠١٥ لە وتووێژێکدا باسی لە ڕاوەستانی ڕەوتی وتووێژەکانی ئاشتی نێوان پ.ك.ك و دەوڵەتی تورکیە کرد و وتی: «بەهیچ شێوەیەك ناکشێینەوە». ئەم وتەش بە مانای کۆتایی دانووستانەکان بوو کە پلانە کردەکییەکەی لە چوارچێوەی گەڵاڵەیەکی ٦ ماددەیی لەلایەن دەوڵەتی تورکیە و لە بەرەبەری هەڵبژاردنە سەرکۆمارییەکانی ئەو وڵاتە لە ساڵی ٢٠١٤ بۆ پارلمان نێردرا. گەڵاڵەیەك کە پێشمەرجە سەرەکییەکەی بریتی بوو لە «دانانی چەك لەلایەن پ.ك.ك»ەوە.

هەڵبژاردنەکانی ٧ی ژوئەنی ٢٠١٥ی پارلمانی تورکیە و لە کیس چوونی زۆرینەی کورسییەکان لەلایەن حیزبی حاکمەوە - کە کۆتایی هێنا بە ١٢ ساڵ دەسەڵاتداری ڕەهای ئاکەپە بە سەر پارلمان — سەرجەم ئاوات و خەونە زێدەخوازییەکانی ئەردۆغانی لە نێو برد و ناوبراوی ناچار کرد کە بەپێچەوانەی ویستی خۆی «ئەحمەد داوود ئۆغڵوو»ی سەرۆك وەزیران ڕاسپێرێت بۆ مەئموورییەتێکی ناڵەواو کە بریتی بوو لە پێکهێنانی دەوڵەتی هاوپەیمانی.

ئەمەش بەو هۆیەوە کە هادەپ هەر لە سەرەتاوە ڕایگەیاندبوو کە لەگەڵ ئاکەپە دەوڵەتی نوێ پێکناهێنێت و لەلایەکی دیکەشەوە جەهەپە و مەهەپە بە تەواوی لە دژی دوو پێشمەرجەکە بوون.

هەلومەرجەکە بەتەواوەتی گۆڕدرابوو و بە زەرەری ئەردۆغان دەشکایەوە و ئەگەر هەڵبژاردنە پێش وەختەکان بەڕێوە چووبا، ئەگەری کەمبوونەوەی بەربڵاوی دەنگەکانی ئاکەپە بەهێز دەبوو، بەڵام تەقینەوەکەی سۆروچ و هەڵەی تاکتیکی پ.ك.ك لەمەڕ کوشتنی ٢ پۆلیسی تورك بە قازانجی ئەردۆغان شکایەوە و بە بڕیارێك بووردومان کردنی پێگەکانی پ.ك.ك و کۆتایی ئاگربڕ دەستی پێکرد.

ئەم مەسەلە دەرەتانێکی زێڕینی بۆ سیاسەتمەداره بە ئەزموونەکانی تورکیە و ئیسلامگەراکان بەدوای خۆیدا هێنا تاکوو لە ماوەی یەك مانگی ڕابردوودا بە کەڵك وەرگرتن لە هەڵەکانی پ.ك.ك لەمەڕ بەڕێوەبەری قەیران و پەلامارەکانی گریلاکان و کوژرانی ٣٠ کەس لە هێزە سەربازییەکانی تورکیە و هەروەها کەڵك وەرگرتن لە هەستە ناسیۆنالیستی و بریندارکراوەکانی تورکەکان و تووڕەیی کوردە ناڕازییەکان لە پێوەندی لەگەڵ هەلومەرجی ئەمنیەتی و شەڕە نوێیەکە ئەگەری وەدەستخستنی زۆرینەی مەجلیسی لە هەڵبژاردنەکانی داهاتوو بۆ حیزبی داد و گەشەپێدان زیاتر کرد. هەڵبەت پێویستە هێما بۆ ئەوەش بکرێت کە ئاکەپە تەنیا لایەنی براوەی ئەم یارییە نییە. بە پەرەسەندنی ڕۆژ لە گەڵ ڕۆژ زیاتری تەشەنە و جێگە و پێگەی هادەپ لە کوردستان و کۆمەڵگای تورکیە و هەروەها بوونی کەسایەتیەکی خۆشناوی وەك سەلاحەدین دەمیرتاش و زاڵبوونی ڕۆحی گشتگیرخوازی پ.ك.ك (کە ئەمەیان خاڵی هاوبەشی پ.ك.ك و ئاکەپەیە) ڕێبەرایەتی ئەم حیزبەی هێنایە سەر ئەو باوەڕەی کە هادەپ دەتوانێ لە پ.ك.ك جیا ببێتەوە و بە شێوەیەکی سەربەخۆ لە پ.ك.ك هەنگاو بنێت. تایبەتمەندی زێدەخوازی پ.ك.ك و ئیزن نەدان بۆ بەشدار بوون لە دەسەڵات ـ تەنانەت ئەگەر ئەو هێزەی دیکەش لەلایەن خۆیەوە ساز کرابێت ـ لە گۆڕەپانی سیاسی کوردستانی تورکیە و ڕێگری کردن لەبەردەم دروست بوونی کەسایەتییەکی بەبڕشتی دیکە لە بەرامبەر «عەبدوڵلا ئۆجالان» «پ.ك.ك»ی ناچار کرد جارێکی دیکە پێداچوونەوە بە سەر هەلومەرجەکەدا بکات. هەڵبەت نابێ ئەوەش لە بیر بکرێت کە بەهۆی بوونی فەزای کراوەی سیاسی و هەڵبژاردن لە تورکیە و باشتر بوونەوەی هەلومەرجی ئابووریی و چوونەسەری ئاستی خۆشبژێوی، ڕێژەی پەیوەست بوونی کوردەکان بە پ.ك.ك لە ماوەی یەك دەیەی ڕابردوودا کەمی کردووە. هۆکاری سەرەکی ئەم پرسەش ڕوونە، کاتێك کە تاکێکی کورد لە تورکیە دەتوانێ لە هەڵبژاردنێکی ئازاد و دێموکراتێکدا بەڕێوەبەری شورا و شارەدارییەکانی ناوچە کوردنشینەکان بە حیزبی جێگەی پەسند و دڵخوازی خۆی بسپێرێت یان تەنیا لە یەك هەڵبژاردندا ٨٠ نوێنەری خۆی ڕەوانەی مەجلیس بکات، چ پێویست دەکات ڕوو لە پ.ك.ك بکات کە چیدیکە بەتەمای سازکردنی دەوڵەت نییە؟

لەڕاستیدا بەو هۆیەوە کە پ.ك.ك نایهەوێ خۆی لەگەڵ هەلومەرجی زاڵدا بگونجێنێ ئەم لایەنە سیاسییەی هێنایە سەر ئەو باوەڕەی کە تەنیا ڕێکار بۆ پاراستنی هێز و تواناییەکانی لە کوردستانی تورکیە بریتییە لە دەسپێکی دووبارەی شەڕ، تەنانەت ئەگەر نرخەکەی لەنێوچوونی هادەپ بێت.

### ئاشتی و هەدەپ دوو قوربانی سەرەکی

تورکیە لەوانەیە بتوانێ زەریا وشك بکات بەڵام هیچ کات ناتوانێ ماسی بگرێت. ئەمە دەقی ڕاڤەیەکی یاشار کەماڵە کە ئێستاش پاش زیاتر لە دوو دەیە وەڕاست گەڕاوە. بەڵام هەلومەرجی ئێستا لە کورت ماوەدا دەتوانێ سیاسەتمەدارە ئیسلامگەراکانی ئاکەپە لە ئامانجەکانیان نیزیك بکاتەوە. ئەردۆغان زۆر بە باشی توانیویەتی کەڵك لەم هەلومەرجە وەربگرێت و هەڵە یەك لەدوای یەکەکانی پ.ك.ك لەمەڕ هێرش بۆ سەر کەسانی مەدەنی و بە ڕۆڵ گێڕانی ناسیۆنالیستیانە لە چوارچێوەی داکۆکی کردن لە یەکپارچەیی خاکی تورکیە، بەشێك لە کۆمەڵگای نەتەوەپەرستی تورك ـ کە ناوبراویان وەك پاڵپشتی کوردەکان لەمەڕ پارچەپارچە کردنی تورکیە تۆمەتبار دەکرد ـ بەرەو لای خۆی ڕابکێشێ. لەلایەکی دیکەشەوە زۆر بە ئاسانی دەتوانێ دەنگی کوردە ناڕازییەکان لەهەمبەر دۆخی هەنوکەیی و پشتیوانانی پێشووی حیزبەکەی کە پەیوەست بە هادەپ ببوون بۆ جارێکی دیکە بۆ لای خۆی ڕابکێشێتەوە و زۆرینەی دەنگەکانی پارلمان لە هەڵبژاردنەکانی داهاتوودا بۆ خۆی مسۆگەر بکات.

ئەگەری زۆرە لەم کەش و دۆخەدا هادەپ لەگەڵ کەمبوونەوەی دەنگەکانی بەرەوڕوو بێت و بەم هۆیەشەوە ڕێژەی پێویست بۆ چوونە نێو پارلمان وەدەست نەهێنێت کە ئەم مەسەلە، هەبوونی سیاسی ئەم حیزبە دەخاتە ژێر پرسیارەوە. مەگەر ئەوەیکە تاکتیکی خۆی بگۆڕێت و لە چوارچێوەی قەوارە و لیستێکی هاوبەش بێتە نێو گۆڕەپانەکەوە تاکوو لانیکەم ڕێگە لە سڕینەوەی خۆی لە پانتایی سیاسی تورکیە بگرێت.

بێ شك بەشداری هادەپ لە پارلمان و وەدەستهێنانی پێگەی پارلمانی لەلایەن ئەم حیزبەوە، ئاستی هێزی ماددی و مەعنەوییەکەی دەبردە سەرێ و ئەگەری سەربەخۆیی بڕیاردان و چاوخشاندنەوە بەسەر بەستراوەییان بە پ.ك.ك و هەروەها خێراترکردنی پرۆسەی ئاشتی و دێمۆکراتیزاسیۆنی تورکیە، وەدیهێنانی مافە نەتەوەییەکانی گەلی کورد و ڕێگری کردن لە پاوان کردنی دەسەڵات لەلایەن ئەردۆغانی بەدوای خۆیدا دەهێنا کە بەداخەوە هەلومەرج بۆ ئەزموون کردنی ئەم گریمانە نەهاتە ئاراوە. هیچ شکێك لەوەشدا نییە کە پ.ك.ك دەسکەوتەکانی یەك دەیە خەباتی کۆمەڵگای سیاسی و مەدەنی کوردەکانی بۆ وەدەستخستنی بەرەیەکی یەکگرتوو لەمەڕ گەیشتن بە دێموکراسی، یەکسانی و ئاشتی لە ساتێکدا لەنێو برد و ئەو بیانووەی دا بە تورکیە کە بە ئاسانی ڕکەبەرە سیاسییەکەی خۆی واتە هادەپ لە سەر ڕێگە لابەرێت. ئەزموونێکی مێژوویی کە بەهۆیەوە بۆ یەکەمین جار حیزبێکی کوردی دەیتوانی بە هەیئەتێکی ٨٠ نوێنەرییەوە بەشداری کاروباری پارلمان بێت و دەوڵەت بخات ژێر پرسیار و ڕەوتی دێموکراتیزاسیۆنی تورکیە و ڕەوتی ئاشتی لەو وڵاتەدا خێراتر بکات.

### دەبێ چ بکرێت؟

«ڕەجەب تەیب ئەردۆغان» لە ٢٨ی ژوئەن خوازیاری لابردنی حیسانەی یاسایی نوێنەرانی هادەپ و موحاکمە کردنیان بە تۆمەتی پێوەندی و هاریکاری پ.ك.ك بوو. تاکتیکێکی سیاسی کە زیاتر لە کوودتایەکی نەرم لەدژی ڕکەبەرە سیاسییەکانی دەچوو. ماوەیەکی زۆر بەسەر هەڵوەشاندنەوەی بەدەپە تێناپەڕێ، بەڵام وێدەچێ کە سیاسەتڤانە کوردەکان وەك پێویست وانەیان لەم ڕووداوە وەرنەگرت. سەرەڕای ئەمەش «دەمیرتاش» لە سەفەرێکدا بە ڕێکەوتی ٢٨ی پوشپەڕ بۆ برۆکسێل، بەپەلە چاوپێکەوتنی لەگەڵ ڕێبەرانی یەکیەتی ئۆروپا ئەنجام دا تاکوو داوایان لێبکات ڕۆڵی نێوبژیوان لە نێوان دەوڵەتی تورکیە وپ.ك.ك بگێڕن و ڕێگری بکەن لە درێژەکێشانی شەڕ. لەلایەکی دیکەشەوە چاوی بە کەسایەتییە سیاسییەکانی نیزیك لە پ.ك.ك کەوت تاکوو بتوانێ هەلومەرجی نوێیان بۆ شی بکاتەوە و لە کۆتاییشدا لە وتووێژێکدا لە سەرەتای مانگی خەرمانان داوای لە پ.ك.ك کرد تاکوو چەك دابنێن، پرسێك کە وەبیرهێنەرەوەی چیرۆکی «نۆشداروی پاش مەرگی سۆهراب» بوو.

بیرگەی مێژوویی، چەمکێکی نائاشنا و لێڵە لە ڕۆژهەڵاتی ناڤیندا، بەچەشنێك کە دووبارەکردنەوەی هەڵەکان بۆخۆیان دەبنە سەرباشقەیەکی دووبارەبوو کە ئەستەمترین تەکانەکان لە پەیکەری بزوتنەوە ئازادیخوازانە و دێموکراتیکەکانی ناوچە دەدەن و لە کۆتاییشدا دەبنە هۆی بۆشایی ئەزموونی سیاسی و نەناسینی دروستی هەلومەرجی مەکانی و کاتیی، کە لە شوێنی خۆیاندا بوونەتە هۆکارێکی بەهێز لەمەڕ شکست هێنان لە کۆنترۆڵی قەیرانەکان. چارەنوسێکی تاڵ کە لە کۆتاییدا بەرۆکی هادەپیشی گرتەوە.

بەڵام ئەوەیکە لە ڕووداوەکان و یەك دەیە خەباتی سیاسی کوردەکان لەدژی دەوڵەتی تورکیە خۆی حەشار داوە و پێویستە وەك وانەیەکی مێژوویی چاوی لێ بکرێت و ببێتە سەرباشقەی کاری سیاسەتڤانە کوردەکان، ڕەچاوکردنی سیاسەتێکی سەربەخۆ لە بەرنامە ئیدئۆلۆژیکەکانی پ.ك.ك و نەلکاندنی داهاتوی سیاسی خۆیان بە چارەنوسی ئەم حیزبەوەیە. لەڕاستیدا «گەمە کردن بەو مۆرەگەلەی کە ئەوان دیارییان کردووە و پێڕەوی کردن لە ڕێبازی ئیدئۆلۆژیکی پ.ك.ك جگە لە چارەنوسی هادەپ هیچ شتێکی دیکە بەدوای خۆیدا ناهێنێت. ڕەچاوکردنی سیاسەتێکی سەربەخۆ لە پ.ك.ك وانەیەکی تاڵ بەڵام پێویستییەکی حاشاهەڵنەگرە بۆ سیاسەتمەدارە کوردەکان. هەڵبەت ئەگەر ئەردۆغان و حیزبەکەی واتە ئاکەپە ئەم دەرفەتە لە نێو نەبەن و بە هەوڵدان بۆ درێژەپێدانی شەڕی ئێستایان نەبنە هۆکاری بەهێزتر بوونی کەشی ئەمنیەتی و خاپوورکردنی کۆمەڵگای دێموکراتیك و خەسارهەڵگری تورکیە کە ئەمەش لە شوێنی خۆیدا دوور لە چاوەڕوانی نییە.




> **پ.ک.ک دەسکەوتەکانی یەک دەیە خەباتی کۆمەڵگای سیاسی و مەدەنی کوردەکانی بۆ وەدەستخستنی بەرەیەکی یەکگرتوو لەمەڕ گەیشتن بە دێموکراسی، یەکسانی و ئاشتی لە ساتێکدا لەنێو برد و ئەو بیانووەی دا بە تورکیە کە بە ئاسانی ڕکەبەرە سیاسییەکەی خۆی واتە هادەپ لە سەر ڕێگە لابەرێت**

# ٧٠ ساڵەی حیزبی دێموکرات

## ٧٠ ساڵ پاڵپشتی و داکۆکی کردن لە یەکسانی و دابین بوونی مافی ژنان

نیشتمان ڕۆحانی



٧٠ ساڵ پێش کە کوردستانی ڕۆژهەڵات بە دەستی ستەمی پاشایەتی، نیزامی، دەرەبەگایەتی، کۆمەڵگای نەریتی و کولتووری پیاو سالاری دەیناڵاند، یەکەم ڕێکخراوی سیاسی خاوەن بەرنامە و دیسیپلین دادەمەزێ کە ئامانجی سەرەکی دابین بوونی مافی نەتەوایەتی، ئازادی و یەکسانی بۆ سەرجەم چین و توێژەکانی کۆمەڵگای کوردی بوو، کە توانی ببێتە دامەزرێنەری یەکەم کۆماری کوردستان. دامەزرانی حزبی دێموکرات بوو بە سەرەتایەک بۆ یەکەم قۆناغی بەشداریی ژنانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان، لە سەرجەم کایەکانی کۆمەڵگا بەتایبەتی لە بواری سیاسی.

لەو سەردەمەدا کە بە پێی تایبەتمەندی کۆمەڵگای کوردی ژنان لە کەمترین مافی سیاسی و کۆمەڵایەتی بێبەش بوون، و پیاوسالاری لە تایبەتمەندییە سەرەکییەکانی ئەو سەردەمە بوو، بەرێوەبەرانی حیزبی دێموکرات و کۆماری کوردستان، لە سەرووی هەموویانەوە پێشەوا قازی محەممەد هەستی بەو کەلێنە کرد کە هیچ کۆمەڵگایەک ناتوانێ گەشە و پێشکەوتن بەخۆوە ببینێ بە بێ بەشداری سەرجەم تاکەکانی کۆمەڵگا بەتایبەتی ئەگەر گرنگی بە هێز و توانای نیوەی کۆمەڵگا نەدرێ، چەمکەکانی وەک «دێموکراسی، ئازادی و یەکسانی» هەروەها بەرەوپێش بردن و گەشەی کۆمەڵگا بێ دابین کردنی مافی ژنان و بەبێ بەشداری کردنی نیوەکەی کۆمەڵگا و بێبەری بوون لە هێز و تواناکانی ئەوان دەستەبەر نابێت.

لە سەردەمێکدا کە لە کۆمەڵگا ڕۆژهەڵاتیەکان ژن بوون هیچ مافێکی نەبوو و تەنها ئەرکی بەخێوکردن و ماڵداری بوو، تەنانەت لە زۆریک لە وڵاتانی پێشکەوتووش ژنان مافی دەنگدانیان نەبوو، ژنان بۆ یەکەم جار بە هەوڵ و پشتیوانی حیزبی دێموکرات ڕێگەیان پێدرا ژنانە بەشداری کایە کۆمەڵایەتی و سیاسییەکان بن، تا بتوانن لە پاڵ داواکاری بۆ مافە نەتەوەییەکان، خوازیاری بەدەستهێنانی خواست و مافەکانی ژنانی چەوساوەی کۆمەڵگای پیاوسالار و نەریتی ئەو کاتی کۆمەڵگای کوردی بن. پێشەوا قازی محەممد بۆ هاندانی ژنان لە چالاکیە سیاسی و کۆمەڵایەتیەکان و بۆ ڕزگار کردنی ژنان لە دواکەوتوویی و نەخوێندەواری لەو سەردەمە، لە بنەماڵەی خۆی دەست پێدەکات.

دامەزرانی ڕێکخراویکی تایبەت بە ژنان لە ژێر ناوێ «یەکیەتی یایان» بە یەکێک لە گرنگترین دەستکەوتەکانی کۆمار هەژمار دەکرێ و ئەمەش بوو بە دەستپێکێک بۆ بزوتنەوەی ژنانی کورد کە تا ئەو کات جوڵانەوە شۆرشگێرییەکان بەو شێوەیە گرنگیان بە پرسی ژنان و هەوڵدان بۆ دەستەبەر کردنی مافی ژنان و بەشداری پێکردنیان لە جوڵانەوە ڕزگاریخوازەکان نەدابوو. ئەمەش سەرەتا و گرنگترین قۆناغ بوو لە بزووتنەوەی یەکسانی خوازی ژنانی کورد و بە وەرچەرخانێکی گرنگ لە ڕێرەوی خەباتی نەتەوایەتی حزبی دێموکرات دادەنرێ.

هەر لە سەرەتاوە حیزبی دێموکرات باوەری بەوە هەبوو کە دەبێ خەبات بۆ دەستەبەر کردنی مافی ژنان هاوتەریب لەگەڵ خەباتی نەتەوەیی بێت. بۆیە لەو سەروبەندە دا بە هۆی نەبوونی ئەزموون و دواکەوتوویی کۆمەڵگا لە ئاستێکی بەرچاو نەبوو، بەڵام تا ڕادەیەک ژنان بەشدار دەبوون لە بوارە جۆراوجۆرەکان و بەتایبەتی گرنگی زۆر بە پرسی خوێندنی کچان دەدرا و هەروەها لە ڕێکخستنەکانی حیزب لە ئاست تواناکانیان بەشدارییان دەکرد. لە دوای جوانەمەرگ بوونی کۆمار، یەکیەتی ژنان و چالاکیەکانی ژنانیش وەک چالاکیەکانی حیزب دابرانێکی بەخۆوە بینی، بەڵام بێ هیوا نەبوون و هەوڵدان بۆ یەکسانی و دەستەبەر کردنی مافی ژنان لە ناخی کۆمەڵگای کوردی و ژنان چرۆی کردبوو.

بە کۆتایی هاتنی تەمەنی کومار، کە دیسان دەسەڵاتی پاشایەتی باڵی بەسەر کوردستان کێشایەوە هەر جۆرە چالاکیەک سەرکوت ورێگری لێ دەکرا، کە بوە هۆی پەرش و بڵاو بوونی ڕێکخستنەکانی حیزب. سەرەرای ئەوەش بە شێوەیەکی لاواز و نهێنی هەندێ چالاکی دەکرا و ژنان بەتایبەتی ژنانی بنەماڵە حیزبیەکان پاڵپشی پیاوان بوون و لە زۆر لە چالاکی و ڕێکخستنە نهێنیەکان هاوکارییان لە ژنان وەردەگرت بەتایبەتی لە گواستنەوەی کەسەکان، حەشاردان یا هاوردن و بردنی نامە و بڵاوکراوەی حیزبی، یا بە کۆکردنەوەی پارە و یارمەتی بۆ ئەندامانی حیزبی. تەنانەت بە پێی هەندێک لە سەرچاوەکان ئەو ژنانەی کە لە زانکۆکانی تاران خوێندکار بوون پارە و یارمەتیان بۆ هێزی پێشمەرگە کۆ دەکردەوە. ئەگەرچی بە هۆی فەزای ئەو کاتی کوردستانی ڕۆژهەڵات چالاکییەکانی ژنان زۆر کز و لاواز بوو تا سەرهەڵدانی خۆپێشاندان و نارەزایەتیەکان و بەرپا بوونی شۆرشی گەلانی ئێران.

لە سەروبەندی شۆرشی گەلانی ئێران، ژنانی کورد جارێکی دیکە لە کونجی ماڵەکان هاتنەدەر و بەشدارییان لە شۆڕش کرد، دەرفەتی ئەوەیان بۆ ڕەخسا بەردەوام بن لە خەبات بۆ مافەکانی ژنان و بە ڕێژەیەکی بەرچاو وەکوو پێشمەرگە یا ئەندام بەشدارییان لە ڕیزەکانی حیزبە سیاسیەکان بەتایبەتی حیزبی دێموکرات دەکرد بەتایبەتی ژنان لە حیزب ئەو دەرفەتەیان بۆ ڕەخسا کە بتوانن چالاکانەتر بەشداری لە سیاسەت بکەن، لە کۆنگرەی چواری حیزبی دێموکرات ژنانیش هاتنە نێو ڕیزی بەرێوەبەری و ئەوەش بووە هۆی چالاکانەتر بەشداری کردنی ژنان لە سیاسەت و بەرێوەبەریدا و هەوڵی گەیاندن وگرێدانی دەنگی خۆیان بە بزووتنەوەی سەرانسەری ژنانی جیهان و کۆمەڵگای جیهانی دەدا. بۆیە پشکێکی بەرچاویان لە قوربانیدان لە پێناو دابین بوونی مافە نەتەوایەتی و ئینسانیەکانی بەرکەوت، کە نموونەی زۆریان لە قارەمانەتی و گیان فیدایی ژنان لە مێژووی حیزبی دێموکراتدا تۆمار کردوە.

ژنانێکی زۆر بە هۆی پێوەندییان بە حیزبی دێموکرات تووشی ئازار و ئەشکەنجەی زۆر بوونەتەوە و تەنانەت زۆر کەسیان بە هۆی ئەوەی کە تەسلیمی خواست و ستەمکارییەکانی کۆماری ئیسلامی نەبوون لە ژێر ئەشکەنجە یا بە ئیعدام گیانیان پێشکەش بە ئازادی کوردستان کردوە. شەهیدان « ئامینە ئەحەدی بە هۆی ئەشکەنجە، شاەزنان باجەڵانی، خەدیجە ئیبراهیم پوور، کولسوم حوسێنی، سەعدیە خالیدی ناسراو بە لەیلا، ئیحترام مینبەری و چەندها شەهیدی دیکە لە دوای دەستبەسەر کرانیان و ئەشکەنجەیەکی زۆر ئیعدام کراون، ئەوان نموونەی بەرزی نەمری و قارەمانیەتی لە مێژووی حیزبی دێموکراتن. یا ژنانی ئازا و شۆرشگێری وەک « تەوریز ڕەحمانی ناسراو بە چنوور، سوریا نگەدار ناسراو بە ئاسۆ، پەروین ڕوحی، ئامینە مستەفایی، مریەم ئیبراهیمی، سەعدە عەبدوڵاهی، عەزیمە عوسمانی، خورشید مەحموودی، سەبری محەممەدی و دەیان ژنی دیکە لە سەنگەرەکانی بەرخۆدان هاوشان لە گەڵ پیاوان تا دوا ساتەکانی ژیانیان قارەمانانە شەریان کردوە.

حیزبی دێموکرات باوەری بەوە بوو کە پێویستە ژنان زیاتر بەشداری لە سیاسەت بکەن، ولە ناوەندەکانی بریاردان بن، بیر و هزر ژنانی بە گرنگ دەزانی لەو خەباتە ڕزگاریخوازانەیە. لە دوای شۆرشی گەلان ئێران و ئەو دۆخەی هاتبوە ئاراوە ژنانی کۆردیش هەستیان بە گرنگی بەشداری کردنی خۆیان کرد و بە پێویستیەکیان دەزانی هەربۆیە لە کۆنگرەی ٤ی حیزب بەولا ژنانیش دێنە نێو ڕێبەرایەتی حیزب، هەروەها لە ڕیزەکانی حیزبی دێموکرات لە هەر جێگە و بە هەر ئاستێک پێیان کرابێت چالاکانە هەوڵیان بۆ بەدەستهێنانی مافەکانی خۆیان داوە، تەنانەت ئەو کاتەی کە حیزب شەری نەخوازراوی بە سەردا سەپا وبە ناچاری بنکەکانی بۆ شاخەکانی کوردستان گواستەوە لە قەندیل ژنان بۆ یەکەم جار ڕێورەسمی هەشتی مارسیان بەرێوە برد. کە لەگەڵ پیشوازێکی بەرچاو بەرەو ڕوو بوو تا ئەوەی کە، دوکتور قاسملوو خۆی وێرای بەشداری کردنی، ئەو ڕێورەسمەی زۆر بە گرنگەوە وەسف کرد و جەختی کردەوە کە حیزبی دێموکراتیش هەموو کات خەبات بۆ دەستەبەر بوونی مافی ژنانی لە پاڵ خەباتی نەتەوایەتی زانیوە و دەبێ هاوتەریب بن لە گەڵ یەکتر چون بە بێ دابین بوونی ئازادی و دێموکراسی بۆ تاکەکانی کۆمەڵگا ئەوا ناتوانرێ کۆمەڵگایەکی یەکسان و ئازاد هەبێ.

بەتایبەتی دوای بەرێوەبردنی ئەو ڕێورەسمە لە لایەن ژنانی حیزبەوە و چالاکیەکانی دیکەیان، دوکتور سەعید شەرەفکەندی بریاری دوبارە ڕێکخستنەوەی یەکیەتی ژنانی دایەوە و چەند کەسێکی بۆ ئەو مەبەستە دیاری کرد، کە ئەمەش بە قۆناغێکی گرنگ لە بەشداری ژن کورد لە بواری سیاسەتدا دەزانرێ. لەو ڕێکەوتە بە دوا کچان و ژنان لە نێو حیزب چ وەک پێشمەرگە یا وەک ئەندامی ڕێکخراوەکان چالاکییان هەبوو. حیزبیش هەستی بەو گرنگیە کرد کە پێویستە زیاتر هاندەر بێت بۆ ژنان لە بەشداری پێکردنیان لە کایە سیاسی و کۆمەڵایەتیەکان، بۆیە لە کۆنگرە، ئورگان و ڕێکخستنە حیزبیەکان بەردەوام ژنان بەشدار بوون و حیزبیش هاندەر و پاڵپشتێکی زۆر گرنگ بوو بۆ ژنانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان.

یەکیەتی ژنان وەک دەستکەوتێکی کۆماری کوردستان بەردەوام لە لایەن حیزبەوە پشتیوانی لێکراوە تا ئەوەی کە توانیویانە ببنە ئەندامی ڕێکخراوی جیهانی ئەنترناسیونال سوسیالیستی ژنان، هەروەها حیزب شێلگیرانە گرنگی بە پرسی ژنان داوە و پشتگیری کردوە لە هەر جۆرە چالاکی و بزووتنەوەیەکی ژنان بۆ گەیشتن بە مافەکانیان. ئەو ژنانەی کە نەیانتوانیوە وەک پێشمەرگە بن لە ڕیکخراوی ژنان چالاکیان کردوە و خۆیان پەیوەست کردوە بەو بزووتنەوە ئازادیخوازییە، هەروەها زۆرێک لە کچان و ژنانە لە ڕێکخراوی لاوان ڕۆڵی و پێگەیەکی بەرچاوەیان هەبوە.

---



## ئامادەبوونی هێزەکانی ڕووسیە لە سووریە

و: ڕەزا فەتحوڵڵانژاد

ماڵپەڕی «نیوزویك» ڕاپۆرتێکی لە ژێر ناوی «ئەمریکا لە نزیکەوە تاوتوێی ئەو ڕاپۆرتانە دەکات کە باس لە بوونی هێزەکانی ڕووسیە لە سووریە دەکەن» بە قەڵەمی «دامین شارکۆڤ» بڵاو کردووەتەوە. ڕاپۆرتەکە باس لە تێوەگلانی سەربازی ڕووسیە لە شەڕی نێوخۆیی سووریە بە لایەنگری لە دەوڵەتی بەشار ئەسەد دەکات. ئەمە لە کاتێکدا ڕاپۆرتێکی دیکە هەر لەم ماڵپەڕە بڵاو بووەتەوە کە باس لەوە دەکات ڕووسیە ڕایگەیاندووە کە بەشار ئەسەد ئامادەیە ئۆپۆزیسیۆن لە دەوڵەتدا بەشدار بکات. لە سەرەتای ڕاپۆرتی پەیوەندیدار بە ئامادەبوونی سەربازی ڕووسیە لە و وڵاتەدا هاتووە: «کۆشکی سپی لە نزیکەوە خەریکی تاوتوێی ئەو ئیدیعایانەیە کە دەڵێن ڕووسیە خەریکی ئامادەسازی بۆ دەستێوەردانێکی سەربازی بە پشتیوانی لە ڕێژیمی بەشار ئەسەد لە سووریەیە، ئەوەش پاش ئەوە دێت کە ڕاگەیێنەکانی بەریتانیا و ئیسرائیل بەڵگەی بەرچاویان لە بوونی پیاوان و چەکوچۆڵی ڕووسیە لەو وڵاتە بڵاو کردەوە».

لە بەشێکی دیکەدا هاتووە: «وتەبێژی کۆشکی سپی، جاش ئیرنێست بە هەواڵدەریی ئاسۆشییەیتێدپرێسی وت: ئێمە ئاگاداریی ئەو ڕاپۆرتانە هەین کە باس لەوە دەکەن ڕووسیە پێرسۆنێلی سەربازی و فڕۆکەی شەڕکەری بۆ سووریە بەڕێ کردووە و ئەو ڕاپۆرتانە لە نزیکەوە تاوتوێ دەکەین...هەر پشتیوانییەکی سەربازی لە ڕێژیمی ئەسەد بۆ هەر ئامانجێك بێت، جا لە شکڵی پێرسۆنێلی سەربازی، کەرەستەی فڕۆکەی شەڕکەر و چەکوچۆڵ بێت یان دابینکردنی بودجە، دەبێتە هۆی ناسەقامگیری و کاریگەری خراپی دەبێت».

لە بەشێکی دیکەدا هاتووە: «لە سەرەتای ئەم حەوتووەدا، ڕۆژنامەی «یێنێت»ی ئیسرائیلی وتەیەکی لە «سەرچاوەیەکی دیپلۆماتیکی ڕۆژئاوایی» بڵاو کردووەتەوە کە دەڵێ ڕووسیە هەر ئێستا هێزی سەربازی بۆ سووریە بەڕێ کردووە و دەیهەوێ لە چەند حەوتووی داهاتوودا هەزاران پێرسۆنێلی سەربازی خۆی بەڕێ بکات.

هەر لەو کاتەدا، ڕۆژنامەی بەریتانی «تایمز»یش باسی ڤیدیۆیەکی سێ دەقیقەیی کرد کە لە تەلەفزیۆنی سووریە بڵاو کراوەتەوە کە تێیدا میلیشیا وەفادارەکان بە ئەسەد لە پاڵ کەرەستەیەکی قەڵغانی BTR ی ڕووسیە ڕاوەستاون و هاوکات بە ڕوونی دەنگێکی ڕووسی دەبیسترێ کە فەرمان دەدات. لە کۆتایی ڕاپۆرتەکەدا نووسراوە: «وتەبێژی کرێملین، دمیتری پێسکۆڤ هۆشداری بە خەڵك داوە کە بڕوا بەم جۆرە ڕاپۆرتانە نەکەن و ئەوەی ڕەد کردووەتەوە کە خەریکی پلانڕێژی بن بۆ ناردنی هێز بۆ سووریە و زیادکردنی هاریکاری تەکنیکی مۆسکۆ لەگەڵ سووریە. هەروەها وتوویەتی کە: ڕووسیە بەردەوامە لە هاریکاری سەربازی و تەکنیکی بۆ سووریە و پشتیوانی لێ دەکات. ئەمە پرۆسەیەکی بەردەوامە. هاوکات، سەرۆکی هێزە ئاسمانییەکانی ڕووسیە لە سەرەتای ئاگۆستدا سیگناڵێکی جیاوازی نارد و بە ئاژانسی دەوڵەتی ڕووسیە، «ئیتارتاس»ی وت کە پیاوەکانی ئامادەی یارمەتیدانی سووریە لە بەرامبەر تیرۆریستاندان [و.تا هەنووکە دەوڵەتی ڕووسیە بە ئۆپۆزیسیۆن و خەڵکی خەباتگێڕی سووریە دەڵێت تیرۆریست].»

سەرچاوە:
Newsweek.com

# بێکاری و پیشە درۆیینەکان کەتوارێکی نێو ئابووریی ئێران

**شەماڵ تەرغیبی**

هاوکات لەگەڵ واژۆکردنی ڕێککەوتننامەی ڤییەن ژمارەیەك لە خەڵکانی ئێران ڕژانە سەر شەقامەکان و جێژنی بەناو سەرکەوتنیان بەڕێوە برد. بەشێکی بەرچاو لەم خۆشی و شادییە کە لە سەر شەقامی شارە گەورەکانی ئێراندا بیندرا، بۆ هیواداربوون لەهەمبەر نەمانی ئەو دۆشدامانییە ئابوورییە دەگەڕێتەوە کە لە ماوەی لانیکەم یەك دەیەی ڕابردوودا بەسەریاندا سەپاوە. واتە خەڵك بەو هیوایەی کە بە واژۆکردنی ڕێککەوتننامەکە، گەمارۆکان لادەچن و باری ماڵی و ئابووریی خەڵك و وڵات بەرەو باشتر بوون دەڕوات دەستیان کرد بە خۆشی کردن. غافڵ لەوەیکە بەشێکی بەرچاو لە داتەپینی ئابووریی زاڵبوو بە سەر کۆمەڵگای ئێراندا لە سیستمی بەڕێوەبەری و ئیجرایی و گەندەڵییە دەوڵەتییەکانەوە سەرچاوەی گرتووە و کاریگەری گەمارۆ نێونەتەوییەکان تەنیا یەك ڕووی سککەیە، کە بە ئاوڕدانەوەیەکی خێرا بەسەر بارودۆخی کۆمەڵگای ئێران ئەو ڕاستییەمان زیاتر بۆ دەردەکەوێت. بە مەبەستی گەیشتن بە دەرەنجامێکی ئاوەزپەسندیش دوو دیاردەی پێوەندیدار بە دۆخی ئابووریی وڵات دەخەینە بەرچاو:

عەلی شەمس ئەردەکانی دامەزرێنەری ناوچەی ئازادی قێشم لە وتوویژێکدا لەگەڵ ڕۆژنامەی شەرق دەڵێت «هەر ناوچەیەکی ئێران پادشایەکی قاچاخچی هەیە و ساڵانە نیزیك بە ٣٥ میلیارد دۆلار سووتەمەنی و شتومەك قاچاخ دەکرێت». لە درێژەشدا باس لەوە دەکات کە ئەم پڕۆسە بەشێوەیەکی سیستماتیك و بە ساپۆرتی دامەزراوە حکوومەییەکان ئەنجام دەدرێت کە ئەمە وێنای ڕاستەقینەی گەندەڵییەکی کپ و بێدەنگی ئیداری و ئابوورییە لە وڵاتدا.»

لەلایەکی دیکەوە بەهۆی نەبوونی بەرنامە و پلانی تۆکمە لە باری خزمەتگوزارییە گشتییەکانی وەك خانووبەرە و تەندروستی و کار و هەروەها پاڵپشتی نەکردن لە جووتیاران و ئاژەڵداران و باخداران و هەوڵنەدان بۆ بەرۆژکردنی ژیانی دانیشتوانی گوندەکان، شەپۆلەکانی کۆچ کردنی گوندنشینەکان بەرەو شارەکانی خێراتر و زیاتر کردووە کە زۆربەی هەرە زۆری ئەم حەشیمەتە بە ناچاری لە پەراوێزی شارەکاندا نیشتەجێ دەبن. بەپێی دوایین ئامارەکانیش دانیشتوانی ئەم ناوچانە زیاتر لە هەموو خەڵکی دیکە مەترسی و ئەگەری توشبوون بە خەسارە کۆمەڵایەتییەکانی وەك ئێعتیاد، لەش فرۆشی، نەخۆشییە پێستی و چڵکاوییەکان و ئەیدزیان لە سەرە. وەزیری شارسازی ڕێژیم لەمبارەوە دەڵێ: لە کۆی حەشیمەتی ٥٥ میلیۆنی شارەکانی ئێران زیاتر لە ١٨ میلیۆن کەس - یەك لە سەر سێی حەشیمەتی شارنشینی ئێران — لە ناوچە مەترسیدارەکانی پەراوێزی شارەکاندا دەژین. ئەگەر لەم ڕەهەندەوە سەیری پرسی پیشە درۆیینەکانی نێوبازاری کاری ئێران بکەین دەبینین کە بەشی زۆری ئەو کەسانەی کە ڕوو لە ژیانی شارنشینی دەکەن ناچار دەبن بۆ دابینکردنی بژێوی ژیان، خۆیان بخەنە ژێر گوشاری ئەم جۆرە کارانەوە کە بە وتەی عەلی ڕەبیعی وەزیری کاری ڕێژیم ٧ میلیۆن کەس واتە ٣٠ لە سەدی حەشیمەتی ٢٣ میلیۆن کەسی بەناو خاوەن کاری ئێران سەرقاڵی ئەم چەشنە چالاکییە ئابوورییانەن کە هیچ کاریگەرییەکیان لەسەر باشتر کردنی ڕەوشی ئابووریی وڵاتدا نییە و بەپێچەوانەشەوە شوێندانەری نەرێنیان هەیە. پیشەگەلێکی وەك «جاڕدەر» (دادزن)، «یاریدەدەری جاڕدەر» (کمك دادزن)، «نۆرەگر» (نوبت گیر)، «شین گێڕ» (گریە کن)، «هێڵڕاگری تاکسی» (خط نگەدار تاکسی)، «بەخێوکەری نەخۆش» (همراە بیمار)، «نێونجیگەری» (دلالی)، «فرۆشیاری نێو مێترۆ»، «بڵاوکەرەوەی کارت» (کارت پخش کن) و...... .




و: شاگردێکی هاوارکەری کارامەمان پێویستە

یەکێك لە هۆکارەکانی پەرەسەندن و بڵاوبوونەوەی خێرای ئەم چەشنە بەناو چالاکیە ئابوورییانە کە زیاتر لە ٢٠٪ی بازاڕەکانی ئێرانیان داگیر کردووە، بریتییە لە داتەپینی بازاڕە فەرمییەکانی کار، بە واتایەکی دیکە ناتوانایی حکوومەت لەمەڕ سازکردنی پیشە و کاری نوێ بۆ گەلانی ئێران بووەتە هۆکارێك لەمەڕ دروست بوونی بازاڕێکی هاوتەریب لەگەڵ بازاڕی فەرمی کار کە بە پیشە درۆیین یان ژێرزەوینییەکان لە ئێراندا دەناسرێت کە لە هەندێك حاڵەتدا داهاتی ئەم چەشنە کارانە بە بەراورد لەگەڵ کارە فەرمییەکان لانیکەم ١٠ قات زیاترە.

ڕوونە کە یەکەم هۆکاری هاتنە ئارای ئەم کەش و دۆخە نالەبارەش بریتییە لە کێشەی بێکاری کە بۆخۆی یەکێك لە دەرهاویشتەکانی ئابوورییەکی نەخۆش و لاوازە. لەمبارەوە وەزیری کاری ڕێژیم ڕێکەوتی ٢٥ی مانگی ئاگۆست بە هەواڵدەری «مێهر»ی ڕاگەیاند: «دەوڵەت ناتوانێ تەنانەت لە دورەدیمەنی ساڵانی داهاتووشدا کێشەی بێکاری بەتایبەت بێکاری لاوانی خوێندەوار چارەسەر بکات و تەنیا بۆ پێشگیری کردن لە زیادبوونی نرخی بێکاری، ئابووریی ئێران پێویستی بە گەشەی سەروو٨ لەسەد هەیە واتە پێویستی بە زیاتر لە ٣٥٠ میلیارد دۆلار سەرمایەدانانی نوێ تەنیا لە کەرتی نەوت و گاز و پێترۆشیمی هەیە.»

ئەمەش لەحاڵێکدایە کە نرخی گەشەی ئابووریی ئێران بەپێی ئامارەکانی ناوەندی ئامار لە ساڵەکانی ٩١ و ٩٢و ٩٣ لە ژێر سفرەوە بووە.

هەر لەمبارەوە ناوەندی لێکۆڵینەوەکانی مەجلیسی ڕێژیم لە ڕاپۆرتێکدا ئاشکرای کردووە کە لە ساڵی ١٤٠٠دا و لە باشترین حاڵەتدا واتە نرخی گەشەی ٥ لە سەدی، ڕێژەی بێکارەکانی وڵات (کە مەبەست بێکاری ڕەهایە) دەگاتە ٤میلیۆن و ١٠٠ هەزار کەس و نرخی بێکاری بۆ ١٦٪ پەرە دەستێنێ.

بەپێی دوایین لێکۆڵینەوەکان ئەگەر حکوومەتی ئێران بیهەوێت ئامانجەکانی بەرنامەی شەشەمی گەشەپێدان بپێکێ پێویستە لە ساڵدا لانیکەم ٩٠٠ هەزار پیشەی نوێ ساز بکات ئەمەش لە حاڵێکدایە کە چاوەڕوان دەکرێ تا ماوەیەکی دیکە ٤ میلیۆن و ٥٠٠ هەزار دەرچووی زانکۆی خوازیاری کار، تێکەڵ بە حەشیمەتی بێکاری وڵات بن کە لە باشترین حاڵەتدا ناچار دەبن ڕوو لە «پیشە درۆیینەکان» بکەن.

ڕوون و ئاشکرایە کە سەرەکیترین سەرچاوەی داهاتی ئێران، داهاتی نەوت و پیشە پێوەندیدارەکان بە نەوتەوەیە کە هەمویان لە ژێر سەلاحیەت و دەسەڵاتی سەرانی حکوومەتە و هەر لەو ڕاستایەشدا دابەش کردنی ئەم سەرچاوانەش لەوانە داهات و داراییەکان، هێز و دەسەڵات و زانست و زانیارییەکانی پێوەندیداریش لە چوارچێوەی دەسەڵاتی دەسەڵات بەدەستانە و خەڵك لە پرسی دابەشکردنی هێزی سیاسی و ئابووریی هیچ ڕۆڵ و دەورێکیان نیە و ئەمەش وای کردووە کە کەلێنی چینایەتی ئێستای کۆمەڵگای ئێران زیاتر و زیاتر بێت و دیاردەگەلێکی وەك پیشە درۆیینەکان ببنە دیاردەیەکی سەلمێنراوی حاشاهەڵنەگر. پیشەگەلێك کە لە ناخی خۆیاندا بەستێنی دەیان کێشە و گرفت و لادانی کۆمەڵایەتییان حەشار داوە.

# ڕووحانی و ڕەوشی مافی مرۆڤ

**شەهاب خالیدی**

دوای ئەوەی کە لایەنگرانی حەسەن ڕووحانی پروپاگەندەی ئەوەیان کرد کە ڕووحانی کەسێکی میانەڕەو و پشتیوانی مافی خەڵك و کلیلی چارەسەرکردنی کێشەکانە لە ئێراندا و ناوبراویش توانی بە دروشمگەلێکی بریقەدار خەڵك فریو بدات و پۆستی سەرکۆماری بە دەست بێنێ، بە داخەوە ڕەوشی مافی مرۆڤ نە تەنیا باشتر نەبووە، بەڵکوو بە پێچەوانەوە، زوڵم و زۆرداری، فەرق و جیاوازیدانان، گەندەڵی و بە گشتی پێشێلکردنی مافی مرۆڤ گەیشتوەتە ئەو پەڕی خۆی.

بە پێی ڕاپۆرتی ڕێکخراوی مافی مرۆڤ لانیکەم ٦٨٧ کەس لە ساڵی ٢٠١٣ لە سێدارە دراون کە ٦٨٪ یان لە شەش مانگی سەرەتای هەڵبژاردنی ڕووحانیدا لە سێدارە دراون، و ٤١١ کەسیش لە شەش مانگی سەرەتای ساڵی ٢٠١٤ لە سێدارە دراون، هەروەها شەش چالاکی سیاسی و مەدەنی و لانیکەم هەشت کەسی ژێر تەمەنی ١٨ ساڵیش لە نێو ئەو کەسانەدان کە لە سێدارە دراون.

لە ڕاستیدا ڕەوشی مافی مرۆڤ لە دەوڵەتی ڕووحانیدا بەم شێوەیەیە، هەر بۆیە «بان کی مون» سکرتێری گشتیی ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان، لە ڕاپۆرتی خۆیدا کە بەر لە ڕێککەوتنی ناوکی نێوان ئێران و وڵاتانی ١+٥ بڵاو کرایەوە، ڕایگەیاند کە ڕێژیمی ئێران لە سەر پێشێلکردنی مافی مرۆڤ بەردەوامە و ئێستاش دەیهەوێ بە وتوویژ لەگەڵ وڵاتانی ١+٥، ناچاریان بکات کە لەو وتوویژانەدا پرسی مافی مرۆڤ نەورووژێنن. هەروەها کۆمیسێری پایەبەرزی مافی مرۆڤی ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان خاتوو «ناوی پیلای» لە ڕێکەوت ٣ی ژوئیەدا داوای لە لایەنەکانی دانووستاندنکار کرد کە لە کۆبوونەوەکانی خۆیاندا پرسی مافی مرۆڤیش بورووژێنن. بەڵام بە داخەوە ئەو پرسە گرینگە لەو وتوویژانەدا نەورووژێندرا و لە سەر مژاری پرۆگرامی ناوکییش ڕێککەوتنێك کرا کە تا ئێستاش لە لایەن کۆنگرێسی ئامریکاوە پەسەند نەکراوە. زۆر لە کارناسانی سیاسیش لە سەر ئەو بڕوایەن کە ئەو ڕێککەوتنە دەبێتە هۆی ئەوەی کە ڕێژیمی ئێران زیاتر و توندتر لە جارانیش مافی مرۆڤ پێشێل بکا و دەستێوەردان لە نێو کاروباری وڵاتانی ناوچەکەدا بکات، و لە ژێر پەردەی ئایینی ئیسلامدا درێژە بەو جینایەتە هۆڤانەی خۆی وەك ئەشکەنجە بە هەموو شێوەکانی و بڕینی ئەندامانی لەشی تۆمەتبارەکان و ...هتد بدات، کە لە ڕاستیدا ئەم شێوە سزادانانە بۆ چاوترساندنی خەڵکە و دەکرێ وەك فاشیزمی ئایینی پێناسە بکرێ.

ئەزموونی ئەو چەند ساڵەی دوایی لە بواری جێبەجێ کردنی سزای لە سێدارەدان سەلماندوویەتی کە ڕێژیمی ئێران بۆ فریودانی بیروڕای گشتی بە سەرنجدان بە ڕەگ و ڕیشەی کێشە کۆمەڵایەتییەکان، بەردەوام پڕوپاگەندەی ئەوە دەکات کە ئەوان بە لە سێدارەدانی گیراوان، دەتوانن کێشە کۆمەڵایەتییەکان چارەسەر بکەن و ئاسایش و تەناهی بگەڕێننەوە بۆ وڵات، بەڵام بە پێچەوانەوە نە تەنیا ئاسایش جێگر نەبووە و کێشە کۆمەڵایەتییەکان چارەسەر نەکراون، بەڵکوو تاوانەکان گەیشتوونەتە ئاستێك کە وەزیری دادی کابینەی ڕووحانیش دەنگی لێ بەرز بووەتەوە و دەڵێ ڕێژەی تاوانەکان لە ڕێژەی حەشیمەتی ئێران زیاتر بووە.

لەسەر بنەمای ئەو ڕاستیانە مرۆڤ دەتوانێ بگاتە ئەو ئەنجامە کە هیچ سەرکۆمارێك ناتوانێ لە چوارچێوەی سیستەمی ویلایەتی فەقیهدا، ڕیفۆرم لە بەرژەوەندیی خەڵکدا بکات، و وەلی فەقیه و دەسەڵاتدارانی دیکەی پایەبەرزی ڕێژیم، مانەوەی خۆیان تەنیا و تەنیا لە پێشێلکردنی مافی مرۆڤ و کار و کردەوەی ئاژاوەگێڕانە و تیرۆریستی لە دەرەوەی سنوورەکانی خۆیاندا دەبینن و تەنیا ڕێگای پێشگرتن لەو سیاسەتانە، یەکگرتن بۆ خەبات لە دژی ئەو ڕێژیمە گەندەڵ و خوێنمژە و ڕووخاندنیەتی. کە ئەمە دەتوانێ کۆتایی بە ئەشکەنجە، لەسێدارەدان، تیرۆر و پێشلکردنی مافی کەمایەتیە ئایینی و نەتەوەییەکان بێنێ (کە ڕووحانی سەرەڕای ئەوەی کە بڵێنی چارەسەرکردنی پرسی کەمایەتییە ئایینی و نەتەوەییەکانی دابوو، بەڵام تا ئێستاش هەر پێچەوانەی ئەوەمان بینیوە!).



# شەڕی زێڕینگەری لە پێناوی دەسەڵاتخوازیدا

سەلام ئیسماعیلپوور

لە حاڵێکدا کە حەوت مانگ تا بەڕێوەچوونی هەڵبژاردنەکانی دوو مەجلیسی شوورای ئیسلامی و خوبرەگانی ڕێژیم ماوە، باڵ و تاقمە سەرەکییەکانی نێو کۆماری ئیسلامی دیسان بە نانەوەی هات و هاوار و مقۆمقۆ لەسەر هێندێك بابەتی وەك چاوەدێریی ئیستسوابیی شوورای نیگابان دەیانهەوێ کوورەی ساردوسڕی ڕەوایی ڕێژیم بە شانۆگەرییەکی دیکە گەرم بکەن. دیارە ئەوەی کە لەم نێوانەدا جێگەی مشتومڕی هەردوو لایەنە، نەك خودی چاوەدێریی ئیستسوابی وەك پرسێکی دیاریکراو، بەڵکوو دەرهاوێشتە یان دەرئەنجامەکان و چۆنیەتیی بەڕێوەچوونی وەها پرۆسەیەکە.

لە چەند حەوتووی ڕابردوودا حەسەن ڕووحانی، سەرکۆماری ڕێژیم وێڕای ڕەخنەگرتن لە ڕۆڵی پاوانخوازانەی شوورای نیگابان لە هەڵسەنگاندنی لێهاتوویی کاندیداکاندا، جەختی لە سەر ڕۆڵی هەیئەتە ئیجراییەکان واتە ئامرازەکانی حکوومەت لە هەڵبژاردندا کردەوە و ئەوانەی بە بەرپرسی ڕاستەقینەی بەڕێوەبردنی هەڵبژاردنەکان زانی و ڕایگەیاند: «شوورای نیگابان تەنیا چاوەدێرە نەك بەڕێوەبەر. بەڕێوەبەری هەڵبژاردن، حکوومەتە. حکوومەت بەرپرسی بەڕێوەبردنی هەڵبژاردنەکانە و دامودەزگایەکیش دانراوە بۆ ئەوەی کە چاوەدێر بێت تاکوو ساختەکاری لە هەڵبژاردندا نەکرێت. شوورای نیگابان چاوە و چاو ناتوانێ کاری دەست بکات ... دەبێ بە تەواوی سەرنج بدەینە یاسای بنەڕەتی و کاری پێ بکەین».

ئەوە لە حاڵێکدایە کە خامنەیی ماوەیەکی زۆر لەمەو پێشتر ڕایگەیاندبوو کە: «لە پێوەندی لەگەڵ هەڵسەنگاندنی لێهاتووییەکاندا ... ئەوەندەی من بزانم، ئەوە ئەرکی شوورای نیگابانە و بە ناچار دەبێ شیاوی و لێهاتوویی کاندیداکان هەڵبسەنگێنێ».

لەم نێوانەدا سەرۆکی دەزگای بە ناو دادوەری، فەرماندەی گشتیی سپای پاسداران، کۆمەڵێك لە نوێنەرانی مەجلیس و ... یەك لە دوای یەك وێڕای هەڕەشە لە سەرکۆماری ڕێژیم، داوایان لێ کرد ڕەچاوی هێڵە سوورەکانی نیزام بکات.

وتەبێژی شوورای نیگابانیش لێدوانەکانی ڕووحانیی بە هەنگاوێك بۆ لەرزۆککردنی کۆڵەکەکانی سیستمی هەڵبژاردن لە قەڵەم دا و داوای لێ کرد تێچووەکانی دوو هەڵبژاردنی داهاتوو بۆ ڕێژیم زیاتر نەکات. وتەبێژی دەزگای بەناو دادوەریی ڕێژیمیش لەو پێوەندییەدا ڕایگەیاند: «شوورای نیگابان هەم چاوە و هەم دەست».

هەروەها سادق لاریجانی، سەرۆکی ئەو دەزگایەش لێدوانەکانی ڕووحانیی بە هات و هاوار بۆ نانەوەی گێچەڵ لە قەڵەم دا و داوای لە شوورای نیگابان کرد لە پرسی هەڵبژاردندا لە سەر بەهاکانی بەناو شۆڕشەکەیان پتەو ڕاوەستێت.

بەڵام لە ڕاستیدا و بە پێچەوانەی ئەوەی کە دێتە پێش چاو، ڕووحانی و هاوڕێبازە سیاسییەکانی بە هێنانەگۆڕی پرسی چاوەدێریی ئیستسوابی، تەنیا هەوڵ دەدەن پێش بەوە بگرن کە لایەنی ڕکابەریان بە ئاسانی پرۆسەی هەڵبژاردن بە ئاراستەی دڵخوازی خۆیدا ببات و بەم شێوەیە ڕێگا نەدەن مەجلیسێك بێتە سەر کار کە لە ژێر ڕکێفی زۆرینەی ڕەهای سەر بە ئوسوولگراکاندا بێت و شوێندانەرییەکی ئەوتۆی خۆیان بە سەرییەوە نەبێت. لەم پێوەندییەدا مشتومڕ لەسەر چاوەدێریی ئیستسوابی، لە ڕاستیدا نیشاندانی لانی زۆری داواکارییەکانیان لە ڕێبەری ڕێژیم و تاقمی بەرانبەریانە تاکوو لەم ڕێگەیەوە ناچاریان بکەن دان بە بەشێك لە داخوازییە باندییەکانیان بۆ وەرگرتنی پشکێکی گونجاو لە دەسەڵاتدا بنێن.

لە قسەکانی ڕووحانی و هاوبیرانیدا لە خاتەمییەوە بگرە تا هاشمی ڕەفسەنجانی لەمەڕ چاوەدێریی ئیستسوابیی شوورای نیگابان، ئیرادە یان نەخشەڕێگایەك بۆ لابردن یان گۆڕینی ئەم یاسایە وە بەرچاو ناکەوێت. ئەوەش دەری دەخات کە ئەم جۆرە هەڵوێستانە لە ڕاستیدا تاکتیکی و کاتین. ڕووحانی لە حاڵێکدا باس لە هەیئەتە ئیجراییەکان وەکوو تاقە لایەنی یاسایی بۆ هەڵسەنگاندنی لێهاتوویی کاندیداکان دەکات کە بۆ خۆی دەزانێت بەپێی ئەسڵی ٩٩ی یاسای بنەڕەتیی ڕێژیم، ئەو دەسەڵاتە لە ڕووی یاساییەوە لە پاوانی شوورای نیگاباندایە و خودی ناوبراو و کەسانی دیکەی پێش ئەویش لە مەجلیس و حکوومەتدا هەر بەو ڕێگایەدا تێپەڕیون بۆ ئەوەی بگەینە کۆشکی سەرکۆماری و مەجلیس. ناوبراو لە حاڵێکدا ئەم شرۆڤە سەیروسەمەرانە لە یاسای بنەڕەتیی ڕێژیم دەکات کە بۆ خۆی (وەکوو یاساناس نەك وەکوو سەرهەنگ) باش دەزانێت کە ئەسڵی ٩٨ی ئەو یاسایەش شوورای نیگابان بە تاقە دامەزراوەی یاسایی بۆ ڕاڤە و شرۆڤەکردنی یاسای بنەڕەتی دادەنێت و سەرچاوەی چاوەدێریی ئیستسوابی، ویستی وەلی فەقیە و شرۆڤە و لێکدانەوەی شوورای نیگابان لە یاسای بنەڕەتیی ڕێژیمە. کەوابوو بە پێی یاسا، نە سەرکۆمار و نە هیچ کەسی دیکەش مافی ئەوەیان نیە لێکدانەوەکانی شوورای نیگابان لە یاسای بنەڕەتی ببەنە ژێر پرسیار و لێکدانەوەی تایبەتیی خۆیان بۆ ئەو یاسایە هەبێت. بەم پێیە، ئەگەر ڕووحانی یان خاتەمی یان هەر کەس و لایەن و دامەزراوەیەکی سەر بە ڕێژیم بە ڕاستی دژی چاوەدێریی ئیستسوابیی شوورای نیگابان بن، دەبێ خوازیاری گەڕانەوە بۆ دەنگی خەڵك (ڕێفراندۆم) و پێداچوونەوە بە یاسای بنەڕەتیدا بن.

بەڵام بە ئاوڕدانەوەیەك لە کارنامەی ڕابردوو و هەڵوێستەکانی ئێستای ئەم لایەنە لە ١٣٧٦ بەم لاوە بۆمان دەردەکەوێت کە هەمیشە کاکڵی سەرەکیی دروشمەکانیان نەك «چاکسازی یان ئاڵوگۆڕ لە یاسای بنەڕەتیدا» بەڵکوو «جێبەجێکردنی بێ ئەملاوئەولای ئەو یاسایە» بووە و ئێستاش هەر وایە. کەوابوو ئیسلاحخوازان بە پێچەوانەی تێگەیشتنێك کە لە ناوی تاقمەکەیان هەیە، هەرگیز نە لە کردەوە و نە تەنانەت لە دروشمیشدا بۆ چاکسازی لە یاسای بنەڕەتیی کۆماری ئیسلامیدا وەکوو سەرچاوەی هەموو ستەم و هەڵاواردنەکان هەنگاویان هەڵنەگرتووە و دژایەتیی حەسەن ڕووحانی لەگەڵ فیلتێری شوورای نیگابانیش شتێك بە دەر لە هووتاڤە ڕەنگین و فریودەرانەکانی پێشووی ئەو تاقمە و مشتومڕیان لەگەڵ قۆڵی پاوانخواز بۆ زیادکردنی پشکی خۆیان لە دەسەڵاتدا نیە.

لایەنی بەرانبەریش زۆر باش دەزانێ کە ویستی ئەم تاقمە «لابردنی چاوەدێریی ئیستسوابی وەکوو ئامرازی ڕێژیم بۆ هێشتنەوەی کەسانی نامۆ و ناخودی لە دەرەوەی کەشتییەکە و موهەندیسیی هەڵبژاردنەکان» نیە، هەر بۆیە هۆکاری دڵەڕاوکێ و تووڕەییان لەو پێوەندییەدا، نەك ئەگەری هەڵگرتنی ئەم کاڵا بەنرخە لە سەوەتەی سیاسیی ڕێژیم، بەڵکوو ئەگەری ئەوەیە کە ناچار بن لەو کاڵا بەنرخە بەشی تاقمێکی نەیار و ڕکابەریش بدەن و لێرەدایە کە دەتوانین لە نەرمی نواندن و سازانەکانی جار نا جاری نێوان باڵەکانی ڕێژیم لە دوای هەموو شەڕە زێڕینگەرییەکانیان تێ بگەین و دەتوانین لەوەش تێ بگەین کە هەر دوو باڵی ڕێژیم سەرەڕای هەموو ناکۆکییەکانیان، لە سەر ئەسڵێکی بنەڕەتی هەمیشە کۆکن، ئەویش ڕەچاوکردنی ڕاسپاردەیەکی بەناوبانگی خومەینییە کە دەیگوت: «ڕێگا مەدەن ئەم شۆڕشە (واتە دەسەڵاتی ئەم ڕێژیمە) بکەوێتە دەستی کەسانی نامۆ و نەشیاو (واتە کەسانی لێهاتووی دەرەوەی بازنەی مافیایی دەسەڵات)».

**نە سەرکۆمار و نە هیچ کەسی دیکەش مافی ئەوەیان نیە لێکدانەوەکانی شوورای نیگابان لە یاسای بنەڕەتی ببەنە ژێر پرسیار و لێکدانەوەی تایبەتیی خۆیان بۆ ئەو یاسایە هەبێت**

# کۆماری ئیسلامی و ئەزموونێکی شکست خواردوو

عارف وەلزی

هەر لە بەرەبەرەی ڕووخانی ڕژیمی پەهلەوی، خۆمەینی و هاوبیرانی بە کەڵك وەرگرتن لە هەستی مەزهەبی و هەڵگرتنی درووشمی بریقەدار لە هەموو بوارەکانی ئابووری و کۆمەڵایەتی و سیاسی و نەتەوەیی، توانیان هەستی شۆڕشگێڕیی ئەوکاتی گەلانی ئێران کونتڕۆڵ بکەن و سواری شەپۆلەکانی خۆپیشاندان بن، بەڵام هەر زۆری نەخایەند و دوای سەرکەوتنی شۆڕش و بەدەستەوەگرتنی دەسەڵاتی سیاسی، یەك یەك و دەستە دەستە چالاکانی سیاسی نەتەوە جۆراوجۆرەکانی ئێران و کەسایەتییە ئازادیخواز و جیابیرەکان، هەر یەکە و بە شێوەیەك سەردرانەوە یان خود پەراوێز خران و بەم شێوەیە خەرمانی شۆڕشێکی بەرهەق و گەورەیان بە با دا.

دوای پاکانە حسێب و پاکسازی جیابیران و خۆڕێکخستنی خومەینی و هاوبیرانی، ئیتر سیاسەتی عەمەڵی کۆماری ئیسلامی لە سەر ئەساسی «دژایەتی ئەمپریالیست» و «هەناردەکردنی شۆڕش»، هەڵبەت بە مەبەستی سەپاندنی حکوومەتی شەریعەتی ئیسلام، واتە ویلایەتی موتڵەقەی فەقیه بەسەر موسوڵمانانی جیهاندا داڕێژرا و بوو بە ستراتێژی درێژخایەنی کۆماری ئیسلامیی ئێران. لێرەدا بوو کە خومەینی و هاوبیرانی پشتیوانیی و خۆنیزیك کردنەوە لە هەموو جووڵانەوە ئیسلامییەکان بە گشتی و لە سەرووی هەموویان شیعەکان لە ناوچە و جیهانیان، بە پێویستییەکی مێژوویی زانی و خستیانە قۆناغی جێبەجێ کردنەوە.

هەر بۆیە دەبینین کە لە یەکەم هەنگاوی سیاسەتی پاوانخوازانەی کۆماری ئیسلامیدا، بە پشتیوانی کردنی شیعەکانی عێراق، شەڕی ماڵوێرانکەری ٨ ساڵەی ئێران و عێراقی هەڵگیرساند و خەسارێکی قەرەبوو نەکراوەی گیانیی و ماددی لە خەڵکی ئێران دا، و هەر ئەوەش بوو بە سەرەتایەك کە وردە وردە لە ژێر ناوی دامەزراندنی ناوەندی جۆراوجۆری دینی و فەرهەنگی و ئابووری و لە ڕێگەی سپای پاسداران و لق و پۆکانییەوە لە ناوچەکە نفووزی خۆی پەرە پێ بدات. بۆیە هەنووکەش دەبینین کە لقی قودسی سوپای پاسداران بە سەرفکردنی خەیاڵیی سەرمایەی وڵاتی ئێران، لە زۆربەی وڵاتانی وەکوو عێراق و یەمەن و سووریە و لوبنان و لیبی و فەلەستین و ئەفغانستان و ... هتد، گرووپی تیرۆریستی چ شیعە و چ سوننە پەروەردە و تەیار دەکات و بەم شێوەیە دەبینین کە، ئەگەر نەڵێین بە تەواوی، دەتوانین بڵێین کە کەم و زۆر دەستی لە زۆربەی ئاڵۆزییەکانی ئەمڕۆی ناوچەکە هەیە.

ئێستاش دوای نیزیك بە ٤ دەیە دەسەڵاتداری، ڕاستە کە بە کەڵك وەرگرتن لە هەستی مەزهەبی و داهاتی بێ سنووری نەوت و گازی ئێران، کۆماری ئیسلامی توانیویەتی دەست بخاتە نێو کاروباری زۆربەی وڵاتانی ناوچەکە و شەڕ و ئاڵۆزی درووست بکات. بۆ نموونە بە پشتیوانی کردنی گرووپە تیرۆریستیەکانی وەك حەماس و جیهادی ئیسلامی و بەرەی خەڵکیی لە فەلەستین، تا ئێستا لەمپەڕ بووە لە هاتنە ئارای ئاشتی لە نێوان فەلەستین و ئیسرائیلدا. یا خود بە پشتیوانی کردنی حیزبوڵڵای لوبنان و تالیبان لە ئەفغانستان و حیزبوڵڵا و عەسائبی ئەهلی هەق و داعش لە عێراق و حووسییەکانی یەمەن و دەست و پێوەندییەکانی بەشار ئەسەد و بناژۆخوازکانی لیبی و .... هتد، توانیویەتی کە ئارامی ناوچەکە بشێوێنێ و ببێتە هاوکار و هۆکاری سەرهەڵدانی شەڕی تایفی و مەزهەبی کە تا ئێستا خوێنی بە سەدان هەزار ژن و منداڵ و خەڵکی بێتاوانی تێدا ڕژاوە.

بەڵام لێرەدا پرسیارێك دێتە ئاراوە کە ئەویش ئەوەیە، گەلۆ کۆماری ئیسلامی لە سیاسەتی هەناردەکردنی شۆڕشدا سەرکەوتوو بووە؟

بێگومان نە، چوونکە دەبینین کە ئیدی بە لانیکەمەوە بەشێکی بەرچاو لە خەڵکی فەلەستین ئەو ڕاستییە دەزانن کە پشتیوانییەکانی کۆماری ئیسلامی لەوان، تەنیا لە چوارچێوی درووشمدا مانەوە و زیاتر وەکوو کارتێکی گوشار لە دژی ئیسرائیل و بە واتای خۆیان سەهیوونیزم و ئەمپریالیزم بەکاریان هێناون. یا خود لە یەمەن، بە پێکهێنانی هاوپەیمانی عەرەبی بە سەرپەرەستی سعوودیبیا، وا خەریکە جارێکی دیکە سەنعای پێتەخت کونترۆڵ دەکەنەوە و یەمەن




پاکسازی دەکرێتەوە لە دەست و پێوەندییەکانی کۆماری ئیسلامی. لە عێراقیش دەبینین کە بێجگە لە تاقمێکی گوێ لە مستی خۆیان نەبێت، تەنانەت شیعەکانیش بە دژی سیاسەتەکانی کۆماری ئیسلامی لە هەمبەر عێراق ڕژاونەتە سەر شەقامەکان و داوای کورتکردنەوەی دەستی ئێران لە وڵاتەکەیان دەکەن. لە سووریەش دەبینین کە ئۆپۆزسیۆن وا گەیشتۆتە بناگوێی دیمەشقی پێتەخت و، دەسەڵاتی بەشار ئەسەد کە هاوپەیمانی ستراتژیی کۆماری ئیسلامییە لە ناوچەکە، ڕۆژ بە دووای ڕۆژ لە لەنێوچوون و نابوودی نیزیکتر دەبێتەوە.

بەگشتی و لە کۆتاییدا دەتوانین بەم ئاکامە بگەین کە کۆماری ئیسلامی دوای ٣٧ ساڵ دەسەڵاتداریی ڕەها بەسەر خاکی ئێراندا، سەرەڕای بەکارهێنانی داهاتی نەوت و گاز و کانگا ژێرزەوی و سەرزەوییەکانی ئێران، بۆ پشتیوانی کردن لە دەستە و تاقم و بە گشتی بیری بناژۆخوازی و تێکدەرانەی ڕۆژهەڵاتی ناڤین بە مەبەستی هەناردەکردنی شۆڕش، نەك هەر سەرکەوتوو نەبووە، بەڵکوو لەلایەك بەهۆی بە فیڕۆدان و سەرفکردنی ڕێژەیەکی یەکجار زۆر گەورە لە داهاتی ئێران، ئابووری وڵاتی وا فەلەج کردووە کە ئەمڕۆ دەبینین برسییەتی و بێ دەرەتانی و بێکاری بەرۆکی خەڵکی کەم داهاتی وڵاتی گرتووە و لە لایەکی دیکەوە سیاسەتی هەناردەکردنی شۆڕش ئاکامی پێچەوانەی لێکەوتووەتەوە و سیمایەکی زۆر دزێو و ناحەزی لە کۆماری ئیسلامی پیشانی وڵاتانی ناوچە و جیهان بە گشتی داوە. هەر ئەوەش بۆتە هۆکار کە چیدی کۆماری ئیسلامی جێگەی باوەڕی هیچ کەس و لایەن و وڵاتێك نەبێت و تەنانەت ئامادە نەبن کە بە هیچ شێوەیەك و لە هیچ بوارێکدا هاوکاریی کۆماری ئیسلامی بکەن و یان خود لە بەرەیەکدا و بە یەکەوە کار بکەن.

# ئێران وشک دەبێت چ واتایەکی هەیە؟

## (لێکدانەوەی سیاسەتە فاشیستی و پان ئێرانیستییەکان لە پلاندانانە مەزنەکانی ئاو لە ئێراندا)

ن: کرماشان
و: نەکەڕۆز

ئەوەیکە ٧٥ لەسەدی ڕووبەری زەوی ئاو داپۆشیوە و لەم برە تەنیا ٢ لەسەدی بۆ خواردنەوە دەبێ و لەم قەبارەش تەنیا ١ لەسەدی بۆ بەکارهێنان و بەرهەمهێنان دەبێ، بۆ خۆی پیشاندەری قووڵیی کارەساتەکە و کەمبوونی سەرچاوە ئاوییەکان لە ئاست جیهاندایە. بەڵام زێدەبوونی ڕێژەی دانیشتوانی زەوی لە جۆری مرۆڤ لە ماوەی یەك سەدەی ڕابردوودا، پیس بوونی سەرچاوە ئاوییەکان، بەکارهێنانی لەڕادەبەدەر و نەگونجاو لە سەرچاوە ئاوییەکان، زێدەبوونی قەبارەی گازە گوڵخانەییەکان، گەرم بوونی گۆی زەوی و گۆڕینی سەرباشقەی سیستەمی بارین، دۆخەکەی زیاتر ئاڵۆز کردووە تا لە ئەنجامدا ناوی «قەیرانی ئاو» بگرێتە خۆی.

هەوڵی بێوچانی گرووپە مرۆییەکان بۆ زاڵبوون بەسەر سەرچاوە ئاوییەکاندا، بە درێژایی مێژوو شەڕ و ململانێی زۆری بەدواوە بووە کە ئەمرۆکەش بە شێوە ململانێ ئاوییەکان لە نێوان وڵاتاندا و یان خود نەتەوەکاندا خۆی دەنوێنێ. پرسێك کە «عادل دەرویش» ـ نووسەر و ڕۆژنامەوانی عەرەب ـ بە تێروتەسەلی لە کتێبی «شەڕ، تێکهەڵچوونەکانی داهاتووی ڕۆژهەڵاتی ناڤیین»، پرژاوەتە سەری و لە ساڵانی دواییدا دروستبوونی لێکدانەوەکانی ناوبراو لەپێوەندی لەگەڵ ساردبوونەوەی پێوەندی وڵاتانی ناوچەکە بە ڕوونی دەبینرێن.

لەم نێوانەدا زاڵبوونی دەوڵەتەکان بەسەر سەرچاوە ئاوییەکانی نێو سنوورەکانی خۆیاندا کە لە ناوچە «نەتەوەیی ـ ئێتنیکییەکان»دا هەڵکەوتووە و ڕاگواستنی ئەم سەرچاوانە بۆ ناوچە خوازراوەکانی حکوومەتی ناوەندی، کێشەیەکی دیکەیە کە لە سووچی سێهەمی ڕاگەیەنە نەتەوەیی و نێونەتەوەییەکاندا جێگیر بووە، کێشەیەك کە لە ماوەی سەد ساڵی ڕابردوودا بە خەستی و توندی و بە ئامانجی گۆڕینی چنراوەی نەتەوەیی و ژیئۆپۆلۆتیکی ناوچەکە تا بە ئەمرۆ درێژەی بووە.

کوردستان باشترین نموونە بۆ ئەم بەسەرهاتەیە، نیشتمانێکی پان و بەرین کە لە نێوان چوار وڵاتی ڕۆژهەڵاتی ناڤییندا دابەش کراوە و زیاتر لە ٦٠ لەسەدی ئاوە شیرینەکانی ڕۆژهەڵاتی ناڤیینی لە خۆیدا جێ کردووەتەوە، بەڵام سەرەڕای هەموو ئەمانەش نەبوونی ئاوی خواردنەوەی تەندروست یەکێك لە گەورەترین کەڵکەڵەکانی خەڵکانی ئەم ناوچەیە، بە شێوەیەك کە لە پارێزگای لوڕستاندا کە ١٧ لەسەدی ئاوە سەرزەوییەکانی ئێرانی تێدایە، تەنیا ٠٥.٪ بەکاری دێنن.

**بڕوا بێنین بە سەرەتای «چەرخی بێ ئاوی»**

کەڵکەڵە ئاوییەکانی هەر وڵاتێ دەتوانرێ بە دوو بەشی سنووری و نێو سنووری پۆلێنبەندی و بەپێی ئەوەش دەست بدەینە لێکدانەوەی ململانێ ئاوییەکانی ئێستا و داهاتووی ئەم ناوچانە. کەڵکەڵەیەك کە بە تەواوی واتا ڕەنگ و بۆنی سیاسی گرتووەتە خۆی و ململانێ ناوچەییەکان و نێونەتەوەییەکانی لە داهاتوودا لێدەکەوێتەوە.

گەڵاڵەی دروست کردنی بەنداوی «ئەلنەهزە« لەسەر سەرچاوەکانی ڕووباری نیل لە ئێتیۆپیا وەها تووڕەبوونی سیاسەتڤانە میسرییەکانی ـ ٩٥.٪ ئاوی خواردنەوەی میسر لەم ڕووبارە دابین دەکرێ ـ لێکەوتەوە کە گەڵاڵەی هێرشی ئاسمانی بۆ سەر ئێتیۆپی و یان پێکهێنانی شەڕێکی نێوخۆیی لەم وڵاتەدا، بوو بە ئەجیندای کاربەدەستانی ئەم وڵاتە. پاکستان و هێند بە چەندین کەڕەت لەسەر پشکی ئاوی ڕووباری «سێند» تا ئاست شەڕێکی هەمەلایەنە چوون. ئۆزبەکستان، قێرقیزستان و تاجیکستان پاش دارمانی یەکیەتی سۆڤییەت و بەدەستهێنانی سەربەخۆیی سەرقاڵی ململانێ ئاوییەکانن. عێراق، سووریە و تورکیەش پاش ساڵەکانی کۆتایی ٨٠ی زایینی و بە دەسپێکردنی گەڵاڵەی «گاپ» ـ دروستکردنی بەنداوگەلێ لەسەر سەرچاوەکانی دیجلە و فۆڕات لە کوردستانی باکوور ـ تێکەڵ بەو وڵاتانە بوون کە پێکەوە کێشەی ئاویان هەیە و لە باتیدا سووریە بۆ پێکهێنانی زەخت و گوشار لەسەر توریکە و بەدەستهێنانی پشکی زیاتر لە ئاوە هەمبارکراوەکان هەستا بە پاڵپشتی کردن لە پارتی کرێکارانی کوردستانی تورکیە.

چاوخشاندنێك بەسەر لێکۆڵینەوەکان و داتاکانی کەشناسی ئەم دواییانە دەتوانێ ئێمە لە تێگەیشتنی گرینگیی زاڵبوونی دەوڵەتەکان بەسەر سەرچاوە ئاوییەکان و کونترۆڵ کردنیان زیاتر نزیك بکاتەوە. ڕێکخراوی نەتەوەیەکگرتووکان لە ڕاپۆرتێکدا کە بارودۆخی ئاویی وڵاتان تا ساڵی ٢٠٢٥ زایینی وێنا دەکات لە بوونی ٣٠ وڵات لە ئاستی تەواو قەیرانیدا ئاگادار دەکاتەوە کە لەم ڕێژەیە ١٨ وڵاتی بەرسەرنج لە ڕۆژهەڵاتی ناڤیین و شاخی ئافریقادا بوونیان هەیە، هەر لەم چوارچێوەیەدا بەشی لێکۆڵینەوەکانی ناوچەیی ناسا لە ڕاپۆرتێکی تێروتەسەلدا کە دەقە چاپکراوەکەی لە ساڵی ٢٠١٢دا بڵاو کراوەتەوە پێشبینی کردووە کە لە سێ دەیەی داهاتوو، گۆی زەوی لەگەڵ جۆرێك گۆڕینی سیستەمی بارین بەرەوڕوو ببێتەوە کە لەوێدا ڕێژەی بارین لە ناوچە وشکەکاندا ئێجگار دادەبەزێ و ڕێژەی بارین لە ناوچە نماوییەکاندا زیاد دەکات.

ئەوەیکە مارك تواین ـ نووسەری ئەمریکی ـ دەڵێ: «ڤیسکی بۆ خواردنەوەیە و ئاو بۆ ئەوەیە ببێتە هەوێنی شەڕ» ڕاستییەکی تاڵە و هەڵقوڵاو لەم کەتوارەیە کە تا ساڵی ٢٠٣٠ زایینی ڕێژەی داواکاریی ئاو ٤٠٪ لە خەستنەڕووی زیاتر دەکات. پرسێك کە ئاو دەکاتە گەڵای براوە و چەکێکی ستراتژیك لە داهاتوویەکی نە ئەوەندە دووردا، ڕاستییەك کە ڕەنگە «کامران ئینان»، کاتێ کە گەڵاڵەی گاپی دادەڕشت، زانیبووی تا چەندە گرینگە.

کوردستان کە زیاتر لە ٦٠.٪ ئاوە شیرینەکانی ڕۆژهەڵاتی ناڤیینی تێدایە، بۆ خۆی لە نێو وڵاتانێکدا دابەش کراوە کە لە ئەوپەڕی قەیرانی ئاودا ـ هەڵبەت جگە لە تورکیە ـ بەسەر دەبەن. کوردەکان بە هۆی نەبوونی دەوڵەت تا ئێستا نەیانتوانیوە لەم سامانە سروشتییە لە پێناو قازانج و بەرژەوەندییەکانی خۆیان کەڵك وەربگرن. بەڵکوو بوون بە سەرچاوی دابین کردنی ئاو بۆ ناوچە ناوەندییەکانی ئەم وڵاتانە. بە ئاوڕدانەوەیەکی بارودۆخی ئێران و کوردستان و زاڵبوونی حکوومەت بەسەر سەرچاوە ئاوییەکاندا کۆمەڵێ ئاکامی لۆژیکیمان دەست دەکەوێ.

لە درێژەی ڕاپۆرتی بەشی ناوچەیی ناسا کە بۆ یەکەمجار بە شێوەیەکی پۆخت و هەمەلایەنە تاوتوێی سەرچاوە ئاوییەکانی کوردستان و بیاڤی دیجلە و فۆراتی کردبوو، هاتووە کە: تا سێ دەیەی داهاتوو ٣٠ تا ٤٠ لەسەدی ڕووبەری ئێران دەبێتە بیابانێکی وشك و ڕووت و ٥٠ لە سەدیشش دەبێتە پێدەشت. ئەمە لە کاتێکدایە کە بەپێی ئامارە دەوڵەتییەکانی ئێران ساڵانە ٥٠ هەزار دۆنم بە بیابانەکانی ئەم وڵاتە زیاد دەبن. بە شێوەیەك کە وەزیر وزە بە دۆشدامانی تەواوەوە لە هەشتەمین کونفرانسی نەتەوەیی ڕۆژی جیهانیی ژینگە ڕایدەگەیەنێ کە: « وڵات بە قۆناخی تەنگەژەی ئاویی گەیشتووە و دەوڵەت بە تەنیایی ناتوانێ لەم قەیرانە خۆی دەرباز بکات.». هەر لەم چوارچێوەیەدا قسەکانی سەرپەرەشتی جێگرایەتی «ئابفای» ئەم وەزارەتە جێگەی تێرامانە کە دەڵێ: لە ٦٠٩ دەشتی وڵات ٢٤٠یان دەشتی قەدەغەکراوە ـ یانی ئەو دەشتانەی کە هەڵگۆزینی ئاو لەواندا بە کۆتایی گەیشتووە ـ ناوبراو لە درێژەدا دەڵێ: « ئەم دەشتانە لە پارێزگاکانی خوراسانی باکوور، ڕەزەویی، باشوور، یەزد، کرمان، سمنان، تاران و قوم»دان، عەلیرەزا دایمی هێما بۆ ناوچە پڕئاوەکانی وڵات دەکات و دەڵێ، « پارێزگا پڕئاوەکان لە ڕۆژئاوای وڵات»دان.

بەڵام کێشەی ڕۆچوونی زەوی کە بە هۆی کەمبوونەوە یان کۆتایی پێهاتنی سەرچاوە ئاوییە ژێرزەوییەکانە، لە دەیەکانی ئەم دواییانەدا بووەتە ئارێشەیەکی ژینگەیی. لەم چوارچێوەیەدا بەپێی ئامارە دەوڵەتییەکان، دەشتی مەشهەد ١٢٠ سانتی متر، و تاران ٤٠ سانتی متر داتەپیوە. لەڕاستیدا ڕۆچوونی خاك، هۆکاری تێداچوونی خاکی بەپیت و لە ئاکامدا لەنێوچوونی ئەگەری وەرزێڕی لەم ناوچانەدایە. جگە لەمە، ڕۆچوونەکان بە شێوەیەکی کارەساتبار هەڕەشەیە بۆ سەر تەناهی بەرهەمهێنان و دروست کردنە مرۆییەکان.

**ئێران وشك دەبێ یانی...**

لە ساڵانی دواییدا بە تایبەت دوای بڵاوبوونەوەی ڕاپۆرتی بەشی لێکۆڵینەوەکانی ناوچەیی ناسا لە ساڵی ٢٠١٣ دا بینەری چڕبوونەوەی ڕاگەیەنە فارسی زمانەکان لەسەر بابەتی قەیرانی ئاو و ئەگەری وشکبوونی بەشێکی بەرچاو لە ئێران بووین. لەم ماوەدا ڕاپۆرتەکان، وتارەکان، لێداوان و دەیان جۆر گردبوونەوە و کۆنفرانس ساز کراون و هەوڵی پێکهێنانی کەشێك لە ترس ئەویش لە جۆری «وشك»کەیان داوە و بە هیچ شێوەیەك باسی جوگرافیای ئەم وشکبوونەیان نەکردووە و تەنیا بەم نێوەڕۆکە کە ئێران بەرەو وشکبوون دەڕوات، دەستیان داوەتە پڕوپاگەندەی ڕاگەیەنی.

ئەوەیکە ٧٥.٪ خاکی ئێران بیابانە و ئەم بیابانانە ژینگەژینی فارسەکانە و هەشت پارێزگا فارسنشینەکەی لە خۆیدا جێ کردووەتەوە، ڕاستییەکە کە کەمتر هێمای بۆ دەکەن و بەردەوام ئەم ڕاستییە وەپەراوێز دەخرێ و دیسان ئەوەش وەپەراوێز دەخەن کە ٢٤٠ دەشتی قەدەغەکراو بە تەواوی لەم ناوچانەدا هەڵکەوتوون. ئەگەر تا ئەمرۆش پارێزگا ناوبراوەکان نەبوونەتە بیابان، تەنیا بە هۆی هەڵمژینی شیرەی سەرچاوە ئاوییەکانی کوردستان ـ زاگرۆس، لە ماوەی سێ ساڵی دواییدا بووە. دروستکردنی تۆنێلی ڕاگواستنی ئاو ژمارە ١ و ٢ و ٣ی کووهرەنگ کە پێش و پاش لە شۆڕشی گەلانی ئێران لەسەر سەرچاوە ئاوییەکانی چوارمەحاڵ و بەختیاری لێ دراون، نموونەیەکی چووکە لەم سیاسەتانەن.

لە ڕاستیدا پێناسەی وردی ئەم واتایە «ئێران وشك دەبێ» لە قسەکانی وەزیری وزەدا دەبینرێ کە لە دەیەمین کۆبوونەوەی کومسیۆنی هاوکارییە هاوبەشەکانی ئابووری ئێران و تاجیکستان هێنایە سەر زار و ڕایگەیاند: «تاران، کەرەج، ئیسفەهان، سمنان، یەزد، قوم و مەشهەد لە قەیرانی ئاودا بەسەر دەبەن.»

**بەخەو شایە کەری داماو...**

بوونی بیابانە پان و بەرینەکانی و هەڵکەوتنیان لە پارێزگا ناوەندییەکانی ئێران لەم ڕێخاوگانەدا، داخێکی گرانە کە لە هەمان ڕۆژە یەکەمەکانی بیچمگرتنی حکوومەتی ناوەندی تا بە ئەمرۆ بەرۆکی دەرکەوتە ئێرانییەکانی بەر نەداوە و وەك زووخاوێکی مێژوویی لە مەودا جیاوازە زەمەنییەکاندا لە گەڵاڵە ساوێرییەکانی ئاکادێمسیەنە ناوەندخوازەکان خۆی نواندووە.

لەم چوارچێوەیەدا و بۆ هێورکردنەوەی ئەم زووخاوە کۆنە ئەندازیار «هوومەن نژاد» لە ساڵی ١٣٤٥ی هەتاویدا یەکەم گەڵاڵەی گۆڕینی کەویری ئێرانی بۆ زەریاچە دایە ڕێکخراوی «توێژینەوە نەتەوەییەکان». بە پێی ئەم گەڵاڵەیە لە ڕێگەی گواستنەوەی ئاوی زەریاچەی خەزەر بۆ ناوچە ناوەندییەکانی ئێران دەکرێ چەندین زەریاچەی جیاواز تا سنووری دەریای عوممان پێك بێت کە لە ئەنجامدا بە گرێدانی ئەم دوو دەریا پێکەوە دەکرێ کێشەی ئاو لە وشکارۆی ناوەندیی ئێران چارەسەر بکرێ. پاش شۆڕشی گەلانی ئێران و لەسەردەمی سەرۆك وەزیریی میر حوسێن مووسەوی، «مەسعوود قی» لە درێژەی گەڵاڵەیەکدا، پێشنیاری بە دەوڵەت کردبوو کە بە دروست کردنی قەناوی درێژ کە تا دەریای عوممان درێژەیان هەبوو ئەم دوو دەریا پێکەوە گرێ بدەن. هەروەها لە ساڵەکانی ٧٤ و ٧٦ی هەتاوی کۆمەڵی پێکهاتوو لە ١٣٠ کارناس و پسپۆڕی ئێرانی گەڵاڵەیەکیان لەسەر دروستکردنی کانالی پاپۆڕوانیی خەزەر ـ عوممان ـ کەنداو، هێنایە ئاراوە کە لەم ڕێگەیەوە دەتوانن ئاوی وشکارۆی ناوەندیی ئێران دابین بکەن. بەڵام ئەم ساوێر داڕمێنەرانە تەنیا تایبەت بە پسپۆڕانی نێوخۆی وڵات نەبوو، بەڵکوو ئێرانیانی دانیشتوی ئەمریکاش بە پێشنیاری دروستکردنی کانالی ترانزیتی کەل و پەل و نەوت لەنێوان دەریای خەزەر و عوممان چوونە ڕیزی ساوێرلێدراوانی داڕمێنەری ژینگە.

گەڵاڵە ناوبراوەکان نە بە ئامانجی کەڵکوەرگرتنی گونجاو لە سەرچاوە سروشتییەکان بەڵکوو لە چوارچێوەی گۆڕینی ژینگەژینی نەتەوەکانی گەمارۆدراو لە ئێراندا و تێدابردنی ژینگەی ئەم ناوچانە، داڕێژراون.

**لە ڕاپەڕینی بەڕوو تا سەرهەڵدانە مەدەنییەکان**

ئەوەیکە ئێران بیچم گرتووی ساوێرە فاشیستییەکانی دەرکەوتە ناوەندخوازەکانە کە بە ڕشتنی خوێنی نەتەوەکانی گەمارۆدراو لە ئێراندا پێك هاتووە و بە سەرکوت و سەرنێزە سنوورە دەسکردەکانی تا بە ئەمرۆ پارێزراوە، پرسێکی مێژووییە کە بینەری لێکەوتە قورس و مرۆیی و ژینگەییەکانی لە سەد ساڵی ڕابردوودا بووین.

چوارمەحاڵ و بەختیاری بە هەبوونی ١٥.٪ سەرچاوە ئاوییەکان هەموو وڵات لە نێو ١٠ پارێزگای هەژار و دواکەوتوودایە لە کاتێکدا کە پارێزگای یەزد کە یەکێك لە وشکترین ناوچەکانهی ئێران بووە و ئێستاش هەیە، بەپێی ئامارە دەوڵەتییەکان پلەی یەکەمی گەشەسەندنی وڵاتی لە ساڵەکانی



درێژەی لە لاپەڕە ٩

درێژەی لاپەڕە ٨

دەیـــەی ٨٠ی هەتاوی بەدەســت هێناوە، بابەتێ کە لە چوارچێوەی هیچ هاوکێشـــەیەکی لۆژیکیدا بۆ ڕوونکردنەوە نابێ.

کاولکـــرای و بەتاڵانبردنـــی حکوومەتـــی ناوەندخوازی ئێران لە ماوەی یەك سەدەی ڕابردوودا ئەوەندە بە ئۆسلووب و سیستماتیك بەڕێوە چووە کە پڕئاوتریـــن پارێزگاکانی وڵات ـ ئاو هـــۆکاری دیاریکەری گەشەســـەندنی بەردەوامـــی نیشـــتمانێك دێتە ئەژمـــار ـ وەك ئازەربایجان، سنە، کرماشان، ئیلام، لوڕستان، چوارمەحاڵ و بەختیاری و کۆهگیلویە و بۆیـــر ئەحمەد بە بەردەوامیـــی لـــە ١٠ پارێزگای بەشـــخوراو و گەشەنەســـەندووی ئێران بوون، لـــە کاتێکدا کە یەزد، ئیســـفەهان، تاران و خوراســـان کە لـــە وشـــکترین ناوچەکانی وڵات دێنە ئەژمار، گەشەســـەندووترین پارێزگاکانی وڵاتن.

بەڕێوەچوونـــی گەلاڵـــە بەرفراوانەکانی ڕاگواســـتنی ئاو و سیاسی لە ئاو بە نادادوەرانە وەسف دەکات و بانگەشەی بابەتێ دەکات ـ دادوەری و ئینساف ـ کە چەندین ســـەدەیە لە کوردەکان درێغ کراوە، پیشـــاندەری بێ ئاگایی ناوبراو لە هەلومەرجی زاڵە.

لوڕستان ســـێهەمین پارێزگای پڕئـــاوی وڵات ـ ١٧٪ ســـەرچاوە ئاوییەکانـــی وڵاتـــی تێـــدا هەڵکەوتـــووە و تەنیـــا ٥٪ی ئەم ئاوە بەکاردەهێنـــرێ لەو پارێزگایە ـ نموونەیەکـــی گونجـــاوە بۆ ئەم بەســـەرهاتە. بەڕێوەبەری گشتیی دەفتەری گوندەکانـــی پارێزگای لوڕســـتان بـــە ڕاگەیاندنـــی ئەم بابەتە لە درێژەدا دەڵێ: « بەشـــی زۆری گوندەکان و کێڵگەکانی ئەم پارێزگای تووشـــی بێ ئاویی بون و لە زۆربـــەی گۆندەکاندا ئاوی خواردنەوەی تەندروست بوونی نییە بە شێوەیەك کە ١٠٤ گوند لە ئاوی خواردنەوەی تەندروست بێ بەش و ٥٠٠ گوند لەگەڵ کێشـــەی بێ ئاوی بەرەوڕوون.» بارودۆخەکە لە ئازەربایجانی ڕۆژئاوادا لە لوڕستان باشـــتر نییـــە و بەپێـــی وتەکانی بەڕێوەبەری گشـــتیی ئابفای ئەم ئاوا» و «گوڵاو» پیشـــان بدەن، حەشـــیمەتێ زیاتر لـــە ٢٥ هەزار کەس ڕژانە ســـەر شـــەقامەکانی «شـــاری کورد» و بە هەڵگرتنی لافیتە و دروشم نارەزایەتی خۆیان لەهەمبـــەر بەڕێوەچوونـــی ئـــەم گەلاڵەیـــە دەربـــڕی. بەرفراوانی نارەزایەتییەکان بە شـــێوەیەك بوو کـــە دەســـبەجێ دەوڵەتـــی ئێران داواکاری خۆپیشـــاندەرانی قبووڵ کرد و فەرمانی ڕاگرتنی تۆنێلی ناوبراویـــان ـ کە تا بـــە ئەمڕۆ بە میلیارد دۆلار تێچووی بووە ـ دەکرد و تا بە ئێســـتاش هـــەروا نیوەچڵ ماوەتەوە. هەڵبەتە پێشـــتر لوڕەکان لە ڕەشەمەی ١٣٩٢ی هەتاویدا بە کۆبوونەوەیەکـــی بەرفراوان و چەن هەزار کەســـی لە «فەرڕوخ شار» و هەروەها لە سەرماوەزی ١٣٩٢ی هەتاویدا بە پێکهێنانی زنجیرەیەکی مرۆیـــی لـــە شـــارە جیاوازەکانی چوارمەحاڵ و بەختیاری دژایەتی و نارەزایەتـــی خۆیـــان لەهەمبەر دروســـتکردنی ئەم تۆنێلانە پیشان دابوو.

هەر لـــەم چوارچێوەیـــەدا و لە دژایەتـــی لەگەڵ دروســـتکردنی بەرجەوەنـــە سروشـــتییەکانی ناوچەکـــە و لەنێوچوونـــی ئاوی وەرزێـــری، گەلاڵەی ناوبراویان بە پاساوهەڵنەگر زانی.

**گرینگیـــی ســـتراتژیکیی کوردستان لە ڕۆژهەڵاتی ناڤیینی وشکدا**

کۆڕی نێونەتەوەیی گۆڕانکارییە هەرێمییـــەکان ـ IPCC ـ لـــە ڕاپۆرتێکـــدا لـــە ســـاڵی ٢٠١٤ هۆشـــداری داوە کـــە زێدەبوونی وشکەســـاڵی و پەرەســـەندنی بیابانەکان، دەتوانـــێ هۆکارێکی شوێندانەر بێ لە سەرهەڵدانی شەڕە نێوخـــۆی و توندووتیژییـــەکان لە نێوان گرووپە جیاوازەکاندا. هەروەها لە ڕاپۆرتی ساڵانەی نووسینگەی ســـەرۆکی «زانیاری نەتەوەیی» ئەمریا لە ســـاڵی ٢٠١٤دا هاتووە کە « ڕکابەری لەســـەر سەرچاوە ئاوییە بەرتەســـکەکان دەبێتە هۆی تەنگـــەژەی نێوخۆیـــی لـــە نێو وڵاتاندا.»

پێشبینییە هێمابۆکراوەکان ئەگەر لـــە هیچ شـــوێنێکی دونیا نەیەنە دی، بێگومـــان لـــە ڕۆژهەڵاتی ناڤییندا ڕوو دەدەن، لە هەلومەرجی



هەروەها تۆنێلی «بەهەشـــت ئاوا» تۆنێلی «گوڵاو»، کۆی تۆنێلەکانی ژمـــارە ١ و ٢ و ٣ی کووهرەنگ و یـــان پرۆژەکانی بەنداوســـازیی بێ پاســـاو بوونەتە هۆی گۆڕینی ژینگـــەی کوردســـتان، کۆچـــی بەرفراوان و تێداچوونی لێرەوارەکانی زاگرۆس. لە ڕاستیدا دەرکەوتەکان و سیاســـەتڤانانی ئێرانی، بەرنامە درێژخایەنەکانـــی خۆیـــان لە دوو فازی هاوتەریبدا گەلاڵە و بەڕێوە بردووە. لە لایەکەوە ڕاگواســـتنی سەرچاوە ئاوییەکان لە زاگرۆسەوە بۆ وشـــکارۆی ناوەنجی ئێران لە ئەجینـــدای کاری دەوڵەتدایە و لە لایەکی دیکەوە سیاسەتی «زەوی ســـووتاو»یان لە پێـــش گرتووە. پێکهێنانـــی ١٢ ناوەندی تەپ و تۆز لە پارێـــزگا پڕئاوەکانی وەك چوارمەحاڵی بەختیاری لە ماوەی دەیەکانی ڕابـــردوودا تا بە ئەمڕۆ و گۆڕینـــی بەکاربەریی زیاتر لە ٨٠٪ تـــالاوی «هوورۆلعەزیـــم» لە خووزســـتان و ڕژاندنی پاشماوە پیســـکەرەکانی نەوتی بۆ نێو ئەم تالاوە، نموونەیەکی ئاشـــکران لە بەڕێوەبردنی سیاســـەتی «زەوی سووتاو».

کاتێ کە ئێسحاق جەهانگیری، جێگری ســـەرکۆمار لـــە درێژەی وتووێژێکـــدا، کەڵکوەرگرتنـــی پارێزگایـــە، ٥٠٧ گوند بێبەشـــن لە ئاوی خواردنەوەی تەندروســـت. چوارمەحاڵـــی بەختیاری کە ١٥٪ ســـەرچاوە ئاوییەکانـــی وڵاتـــی تێـــدا هەڵکەوتووە، بـــە زێدەبوونی ڕێژەی کۆچکردنـــی گوندییەکان بۆ شـــارەکانی ئەو پارێزگایە یان ناوەندی وڵات بـــە هۆی نەبوونی ئاوی تەندروست بەرەوڕوون.

لـــەو کاتـــەوە کـــە «ئەســـەد خانی بێهداروەند» بۆ پاراســـتنی لێرەوارەکانـــی بـــەڕووی زاگرۆس لەبەرامبـــەر دەســـدرێژییەکانی حکوومەتـــی ناوەنـــدی ئێـــران و فرۆشـــتنی ئـــەم درەختانـــە بـــە فەرەنســـییەکان ڕاپەڕی زیاتر لە ٢٠٠ ســـاڵ تێناپـــەڕێ. بەردەوام خەڵکانی ئەمە نیشتمانە لەبەرامبەر دەســـتئاوەڵایی و بەخشـــەندەیی زاگـــرۆس ســـەری کڕنۆشـــیان دانەوانـــدووە، خەڵکانێ کە ژیانی خۆیان قـــەرزداری کێوە بەرزەکان و کێڵگە بەپیتەکانی ئـــەم ناوچەیە دەزانن، هەر بۆیە کاتێ کە گەنجان و خوێندکارانی لوڕ لە بانگەوازێکی گشـــتیدا داوایان لـــە هاوزمانانی خۆیان کرد کە لە ٢٨ی خاکەلێوەی ١٣٩٣ی هەتـــاوی بڕژێنە ســـەر شـــەقامەکان و نارەزایەتی خۆیان لەهەمبەر دروستکردنی تۆنێلەکانی ڕاگواســـتنی ئاوی «بەهەشـــت تۆنێلە جیاوازەکانی گواســـتنەوەی ئـــاوی زاگـــرۆس بـــۆ پارێزگا فـــارس نشـــینەکان، خەڵکـــی «چغاخۆر» لە ســـاڵی ١٣٧٨ی هەتاوییـــەوە بـــە شـــێوەی جیاواز لەهەمبەر بەڕێوەچوونی گەلاڵەی دروستکردنی تۆنێلی «سەوزە کێو» و تێداچوونی تالاوی «چغا خۆر» نارەزایەتییان دەربڕیوە و لەوێڕا کە لە ماوەی ٧ ســـاڵی ڕابردوودا ئەم کاریـــان هیچ ئاکامێکـــی نەبوو، لە پووشـــپەڕی ئەمساڵدا هێرشیان کردە ســـەر کانێکـــس و بیناکانی «قـــەرارگای خاتەمولئەنبیـــای ســـپا» ـ بەڕێوەبـــەری گەلاڵە ـ و دەرکردنی فەرمانبەرانی، ئاگریان بەردایە دامەزراوەکانیان. ڕووداوێ کـــە تێکهەڵچـــوون و بارگرژی و خۆپیشاندانی زۆری لێکەوتەوە. لە «تەنگە سوور»ی بۆیر ئەحمەریش خەڵـــك لـــە درێـــژە نارەزایەتییە بەردەوامـــەکان کـــە لـــە ٢٧ی گەلاڕێزانـــی ١٣٩٢ی هەتـــاوی بـــە لووتکـــەی خۆی گەیشـــت، خوازیـــاری هەڵوەشـــاندنەوەی مۆڵەتی بەخێوکردنی ماســـی لە سەرچاوە ئاوییەکانی ئەم ناوچەیە بوون. نارازیان بە دەربڕینی ئەوەیکە دەرکردنـــی مۆڵەتـــی بەخێوکرنی ماسی لە سەرچاوە ئاوییەکاندا دەبێتە هۆی پیس بوونی ئاو، تێداچوونی داهاتوودا کە هەموو داتاکان باس لە سێ دەیە وشکەساڵی و گۆڕانکاری توندی سەرباشەقەی بارین دەکەن، کوردستان وەك خاوەنی ٥٦٪ی ئاوە شـــیرینەکانی ڕۆژهەڵاتی ناڤیین لە پێگـــە و شـــوێنێکی تایبەتیدا جێگیـــر دەبـــێ. بەو شـــێوەی کە دیارە، ڕابوونی نەتەوەیی خەڵکانی زاگـــرۆس و زێدەبوونـــی ڕادەی زانیاری ئەوان لەهەمبەر ســـروەت و ســـامانی نەتەوەییان، پرسێکی حاشاهەڵنەگرە. بێگومان بزووتنەوە خەڵکییـــەکان لە پێناو پاراســـتنی سەرچاوە ژینگەییەکانی زاگرۆس پەرە دەستێنێ و لە ئەنجامدا دەزگای سەرکوتی دەوڵەتییش بە توندییەکی زیاترەوە دەجووڵێتـــەوە. لەم نێوانەدا ئاڵوگۆڕی ئەزموونەکان، چالاکی بەردەوام و ئامانجدار، زانیارییدانی بـــەردەوام، پاڵپشـــتی بەربـــڵاو و بەردەوامـــی حیزبـــە کوردییەکان، تەرخان کردنـــی بەرنامەی لوڕی لە کەناڵە ئاســـمانییە کوردییەکان و پێوەنـــدی سیســـتماتیك لەنێوان چالاکانـــی زانکۆ و ژینگەپارێزی زاگرۆس لـــە پێداویســـتییەکانی بەردەوامبوونی بزووتنەوەکانی ئەم دووایییانـــە و دابیـــن بوونی مافە نەتەوەییەکانی کورد دێنە ئەژمار.

## جووت حەوت



### هەوراز

نازانم ئەنگۆ ناوی بەهلوولی زاناتان بیســـتووە یان نا؟ ئێ دەی باشە، کێشـــە نیە، منیش نەمبیستووە. هەر وا ناوم هێنا وتم با هەموومان پێکەوە بۆ یەکەمجار بیبیستین. ئەوەندەی وە بیرم بێت لە گوندەکەی لای ئێمە دەیانگوت لە بەغدا شـــێتێك هەبوو کە شـــێتیش نەبوو بەڵام پێیان دەگوت «بارۆڵە شێت». جارێك لێی دەپرســـن دەتوانی ناوی هەموو شـــێتەکانی بەغدا بێنی؟ ئەویش لەو کاتەدا کە بەغدا هەرگیز وەك ئێســـتا شێت بـــازاڕ نەبوو، دەڵێ نەوەڵڵا گەورەم! ئەوەم پێ ناکرێ، من تەنیا چەند کەســـێکی عاقڵ لەم شارەدا شـــك دەبەم، ئەوانی دیکە هەموو شێتن.

ئێســـتا ئێمەش ڕێك ئەو گیرەی بارۆڵە شیتمان خواردووە بە دەســـتی عولەمای ئەعلام و ئایاتی عیزام و حوجەجی ئیسلام و فوزەلای حەوزە و زوعەمای ئوممەتی «شـــین و ڕەوزە»وە کە دەست بۆ هەرچی دەبەین، دەماری ملیان هێندەی ئێسترێك ئەستوور دەبێ و چاومان لێ زەق دەکەنەوە و یان دەڵێن حەرامە، یان دەڵێن سیاســـییە و دژی بنەماکانی شـــەریعەتی پیرۆزە و پیلانی ســـەهیۆنیزم و ئیمپریالیزم و کاپیتالیزم و ناســـیۆنالیزم و ئیـــزم و میزمەکانـــی دیکەیە کـــە هەموویان هـــەر بۆ بە چۆکداهێنانی ئاخوند جەماعەت کار دەکەن.

ئەوە ســـی و چەند ساڵە لە شەقامەکانی ئێراندا دا هەر کە بایەك هەڵ دەکا و چارشـــێوی ژنێك هەڵ دەداتەوە، ئایەتوڵڵا فڵانزادە دەڵێ ئەوە کارێکی سیاســـییە و پیلانی سەهیۆنیزمە. کۆمەڵێك کچ و کوڕ لە پارکێکی تاران ئاوپرژێنی یەکتر دەکەن، حوججەتولئیســـلام فیســـارزادە دەڵێ ئەوە کارێکی سیاسییە و پیلانـــی فراماســـۆنەکانە. خەڵکێـــك بە هـــۆی گرانبوونی عەرەبانەکانی «ئێران خـــودرەو» دەڵێن ئێمە عەرەبانە ناکڕین، موهەندیس وانێکزادە «وەزیری ژەنگ و ئاســـنە کۆنە» دەڵێ ئەوە کارێکی سیاسییە و پیلانی زیددی ئینقلابە. کابرا فیلم ساز دەکا، سیقەتولئیســـلام فڕووجزادە دەڵێ ئەوە کارێکی سیاسییە و دەســـتی ستیف ئیسپیلبرگی زایۆنیستی لە پشتە. زیندانی ئێڤین بەردەوام پڕە لەو ڕۆژنامەوانانەی کە قازی غەزەبوڵڵاهی پێی وایە بابەتی سیاسی دەنووســـن و مووچەکانیان بە دۆلار لە جۆرج ســـۆرۆس و جین شارپ و جیمەیل! و کاسپێرسکای! وەردەگرن. کچێك لە شـــایی باوەژنەکەیدا ســـەمای باباکەرەم دەکا، سەرداری پاسدار فشـــارعەلیزادە «وەزیری بڵاوکردنەوە و پەرەپێدانی مادە ســـڕکەرەکان» دەڵێ ئێمە زانیاریی وردمان هەیە کە عەرەبســـتانی ســـعوودی ویســـتوویە لە ژێر پەردەی سەمای باباکەرەمدا کوودەتای نەرم دژ بە نیزامی ئێمە بکات. گۆرانیبێژێك گۆرانییەکی ئاسایی دەڵێ، دوکتور مەلا لوقمانزادە «وەزیری تێکدانی ژینگە و ســـووتاندنی دارستانەکان» دەڵێ ئەم گۆرانییە پەیامی ڕەمز بۆ دەســـتپێکردنی عەمەلیاتێکی ســـی ئای ئەی و مووساد بووە کە ویســـتوویانە ماڵی ئیمام خامنەیی بۆردمان بکەن. بارانی بەخوڕ دەبارێ و لافاو شـــار دەبـــات، کەربەلایی زولفەلی وەزیری ئەشـــغاڵ و وێرانکردنەوە دەڵێ ئەوە پیلانی ئیســـراییلە کە هـــەورەکان بارگاوی دەکات بـــۆ ئەوەی ئێمە لافـــاو هەڵمان گرێ. ئەگەر بـــاران نابارێ غولامڕەزا سەروپێزادە وەزیری وشکاندنی سەرچچاوە ئاوییەکان دەڵێ ئەوە پیلانی ئیسراییل و کوڕی شای خائینە کە هەورەکان لە سەر ئاسمانی خۆیان دادەدۆشن بۆ ئەوەی ئێمە هیچمان پێ نەگات. نێرگەلە کێشان کارێکی سیاسییە. چەکمە و ساپۆرت و شـــەرواڵی لی و بیژامەی یەخە حەوت و قژی خاو و لوول و ســـمێڵی فشی شاعەباسی و سەتەلایت و ڤیدیۆ و شەترەنج و هێلکە شـــکاندن و خەیار و باینجان و داری کاج کە هەموویان ســـیخوڕی ئیســـتکباری جیهانین. کارتۆنی تۆم و جێری بۆ گاڵتـــە کردن بە مەقامی موعەزەمـــی ڕەهبەری و ئایەتوڵڵا عەلەمولهودا دروست کراوە و سەیرکردنی بە واتای شەڕ لەگەڵ خودایە. مەبەست لە ئێســـپایدرمەن و زۆرۆ و باب ئیسفەنجی هەمان دەجاڵی دوژمنی ئیمامی زەمانە و ئەوەش نیشان دەدات کە دەیانهەوێ منداڵەکانمان لە ئێســـتاوە ببنە دوژمنی نیزام و ئیمامی ئوممەت. خواردنەوە ئەلکولییەکان هێندە سیاســـین کە ئیســـراییل بە خۆڕایی لە جیاتی مووشەکی کرووز و فڕۆکەی تایفۆن ئەوانەمان وەکوو یارمەتی بۆ دەنێرێ. کراســـی سووری قوڵکورت ئاڵای شـــەیتانە و بووکەڵـــەی «باربی» پیلانێکە بۆ ئـــەوەی پیاوانی ئێمە بێ غیرەت بکـــەن و بەرەڵڵایی دزە بکاتە نێو بنەماڵەکانی «ئوومەتی هەمیشـــە دەر سەحنە». شـــکڵی سێ گۆشـــە و ژمارەکانـــی ٣٩ و ١٣ و ٧ و ١٩ و ژمارەکانی دیکەش ســـەمبۆلی فراماسۆنری و بەهاییگەرین و نابـــێ کەڵکیان لـــێ وەربگرین. زانســـتە مرۆییەکانیش کە ئیمـــام خامنەیی بە فەرمی حەرامی کردوون، تەنانەت بۆمبی ئەتۆمیشـــی حەرام کردووە. فەیســـبووك و توویيتر و تانگۆ و تلێگرام و یاهوو و مایکرۆســـافت و گووگلیش کە هەموویان سیاســـی و سیخوڕی ئەم و ئەون. وەرزشـــی ژنانیش کە هەر باسی مەکە. ژنان کە بە گشتی نوێنەری شەیتانە گەورەکەن. کوردیش کە هەموو شتێکیان سیاسییە و باشتر وایە لە بنەڕەتدا هەر نەبن. نەبێتە قســـەکەی بارۆڵ، تەنیا دوو شت لەم وڵاتەدا سیاســـی نین و شوکور هەر ڕێژیمێکیش دێتە سەرکار ئەم دوو خۆشەویســـتە ڕێز و حورمەتیان زێدەتر دەبـــێ، ئەویش تریاك و هێرۆییـــن و بنەماڵەکەیانە کە تا ئیســـتا نە هیچ ئاخوندێك فتوای حەرامکردنی داون و نە بۆ هیچ کام لە سەردارانی سپا دەرکەوتووە کە ئەم عەزیزانە ســـەر بە سرویسێکی هەواڵگریی بێگانەن.

# زامێک ٣٦ ساڵ بەر لە ئێستا (قارنێ)

**لوقمان مێهفەڕ**

چەند مانگێک بەسەر سەرکەوتنی شۆڕشی گەلانی ئێراندا تێپەر دەبوو، واتە ١١ی مانگی خەرمانانی ١٣٥٨ی هەتاوی بوو، خەڵکی ئێران کە بە خوێنی ڕۆڵەکانیان نیزامی پاشایەتییان لەناو بردبوو ،بەسەرنجێکی کەم وێنەو هیوایەکی بەرزەوە لە ڕەوتی ڕووداوەکان و ئاڵوگۆڕەکانی دوای ڕاپەڕینی ٢٢ی ڕێبەندانی ٥٧ ورد دەبوونەوە، تازە هەناسەیەکی ئاسوودەیی لە کەش و هەوایەکی ئازادی دا دەچێشت. سێبەری ڕەشی دەسەڵاتی دیکتاتۆرییان لەسەر لاچووبوو، هەرگیز بیرییان لەوە نەدەکردەوە کە جارێکی دیکە بەرەو ڕووی ڕۆژی ڕەش و نەهامەتی ببنەوە.

کوردستان لە هەلومەرجێکی ئەستەمدابوو زیاتر لە یەک حەوتوو بوو کەوتبووە بەر شاڵاوی پەلاماری هێرشی دەسەڵاتی ئاخوندەکان، شارو دێیەکانی بە تاوانی ئازادیخوازی و کورد بوون کەوتبوونە بەر لافاوی ئاگر و ئاسن، لە هەموو لاوە بە هەزاران بەکرێگیراوی چەک بەدەست هێرشیان بۆ هێنابوو، پاسدارو کۆمیتەچی، مەکتەبی و حیزبوولڵاهی، ژ-٣ لەشان و بێور و قەمە بەدەست لەم گوند بۆ ئەو گوند، لەو شار بۆ ئەو شاری کوردستان بۆ تاڵان و دزی وجینایەت لە گەڕاندابوون. خەڵکی شۆڕشگێری کوردستان ڕووی دزێوی ڕێژیمان لە شەڕەکانی سنەو نەغدەدا بۆ دەرکەوتبوو، ئیعدامە یەک لە دوای یەکەکانی ڕۆڵەکانی خۆیان بە دەستی جەلادانێ وەک خاڵخاڵی لە پاوە، سنە، مەریوان، سەقز و پیرانشار ... بەچاو دە دیت، بۆیە بە هیچ جۆر ئامادە نەبوون تەسلیمی زەبرو زەنگی کۆماری ئیسلامی ببن. بۆیە وەک قەلایەک لەپشت هێزی پێشمەرگەی کوردستان ڕاوەستان و بەرگریەکی ڕەوایان لە زێد و نیشتمانی خۆیان و بەرچاوی بەرێوەبردنی ئەو سیاسەتە دژی مرۆڤانەیە سەبارەت بە خەڵکی کوردستان بوو. چەند ڕۆژێک پێشتر دەکرد.

جینایەتی ١١ ی خەرمانانی ساڵی ٥٨ لە گوندی قارنێ، نمونەیەکی زەق و بەرچاوی بەرێوەبردنی ئەو سیاسەتە دژی مرۆڤانەیە سەبارەت بە خەڵکی کوردستان بوو. چەند ڕۆژێک پێشتر پێشمەرگەکانی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران لە نێوان ئاواییەکانی « قارنێ و دووئاو» لە شوێنێک بە ناوی جەوالەرەشە، کە لەسەر جاددەی نەغەدە - پیرانشار هەلکەوتوە، زەبرێکی کاریگەریان لە هێزەکانی ڕێژیم دابوو، ڕێژیم بەم بەهانەیە گوندی قارنێی گەمارۆدا. لەشکریانی بەناو ئیسلام بەنیازی دۆزینەوەی پێشمەرگە ڕویان لەو ئاواییە کرد. خەڵکی ئاوایی لەنێو دێ و مووچە و مەزرادا خەریکی کاری ڕۆژانەو کەسابەتی خۆیان بون. سەرەتا بە هۆی ئەوەی هیچ پێشمەرگەیەک لەو دەوروبەرە نەبو ، بە دیتنی دوژمن نیگە را نیە کی ئەوتۆیان لە دڵدا پێک نەهات، خۆیان سەخلەت نەکرد. بەڵام کاتێک لە هەموو لایەکەوە کەوتنە بەر دەستدرێژی چەکەکانی هێزە سەرکوتکەرەکان، دڵەخورپەیان تێکەوت و بەپەلە بەرەو ئاوایی و نێو ماڵ و منداڵیان ڕایان دەکرد. هێندەی پێ نەچوو هێزێکی مەغۆل ئاسا کەوتە گیانی خەڵکی بێ تاوان. مەلای ئاوایی کە هەمو ئومێدی قورئانەکەی بو، بە قورئانەوە بەرەو پیلیان چوو، بەڵام حورمەتی قورئان و ئومێدی مامۆستا مەلا مەحمودی ئیمام و خەتیبی ئاوایی، بە ڕێژنە گولەیەک درایەوە. خوێنی بەسەر لاپەرەکانی قورئاندا چۆرایەوە. خەلکی ئاوایی تێگەیشتن نیەت و مەبەستی هێزەکانی ڕێژیم چییە. بەڵام بەداخەوە کە ڕێگای دەربازبون و خۆ حەشاردان نەبو. جینایەتکاران دەستە بە دەستە بە نێو مالان وردەبون. هەرکەسیان دەدیت لە لاو و پیر بە زەبری قۆنداغی تفەنک لە ماڵیان دەهێنایەردەرو لەبەردەرگای ماڵ، لە نێو کوچە و لەپێش دەرگای مزگەوت لە خوێنی خۆیان شەلاڵیان دەکردن.



ئەوەی ئەمرۆ دونیا لێی دەترسێ و باس لە جیناتەتی داعش دەکرێ، کۆماری ئیسلامی ٣٦ ساڵ بەر لە ئێستا کردوویەتی. بێ لەبەر چاو گرتنی دەقی مادەکانی جارنامەی گەردوونی مافەکانی مروڤ و یاسا و ڕێساکانی نێونەتەوەیی و پێوەرەکانی شەڕ. ئەویش نەک لەگەل وڵاتیکی بێگانە بەڵکوو لەگەل هاووڵاتیانی خۆی..؟!

# هەناردە کردنی شۆڕشی ئیسلامی لە کاتێکی جیاوازدا

**چەنگیز شکاک**

کۆماری ئیسلامیی ئێران لە دوای ڕووخانی سەددام حوسەین، دیکتاتۆری پێشووی عێراق دەرفەتێکی زێڕینی بۆ جێبەجێکردنی خەونەکەی خومەینی بۆ هەناردەی بەناو شۆڕشەکەی «صدور انقلاب» بەدەستهێنا، کە چەندین ساڵە بەهۆی شکستەکانی لەمبارەوە، ئەو بیرۆکەیە لە ئەدەبیاتی سیاسی سەرانی ڕێژیم پەراوێز خرابوو.

پلاندارێژەرانی ئەم بیرۆکەیە، تا پێش ڕووخانی ڕێژیمی بەعسی عێراق بەهۆی ناتوانایی لە هەناردەکردنی شۆڕشە ئیسلامییەکەیان، تێچوونێکی زۆریان خستبووە سەر شانی گەلانی ئێران، بەتایبەتی ئەو نەتەوە و گرووپە ئایینیانەی کە لە دەرەوەی بازنەی سیستەمی کۆماری ئیسلامی بوون. لە دروشمی «شەڕ شەڕ تا سەرکەوتن»، شەڕی ٨ ساڵەوە بگرە تا سەپاندنی شەڕێکی نارەوا بەسەر گەلی کورد لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان و ملیتاریزە کردن کوردستان و سزا نێودەوڵەتییە سیاسی و ئابوورییەکان و پەراوێزخستی ئێران لەسەر ئاستی ناوچە و جیهان و هەروەها سەرکوتی ئازادیخوازان و دروستکردنی کەشێکی خۆفهێنەری کوشتار و برسییەتی و سەرقاڵکردنی خەڵك بە کێشەکانی ڕۆژانەی ژیان بۆ ژیانێکی مەمرە و مەژییان بۆ خەڵك بەدیهێناوە.

چەند ساڵ پێش ئێستا، شای ئوردن سەبارەت بە مانگی شیعی «هلال شیعە« هۆشداری دابوو کە باسی لە تەشەنەی ئێران لە بەغداوە بۆ بەیرووت کردبوو. هەرچەندە ئەم لێدانەوە لەسەر ئاستی نێودەوڵەتی بەتایبەتی وڵاتانی ڕۆژئاوا بە جیدی وەرنەگیرا، بەڵام وەزیری پێشووتری ئەمریکا هێنری ئالفێرد کسینجێر لە شرۆڤەکردنی «کتێبی سیستەمی جیهانی» بە وردی باس لە کەمەربەندی شیعە لە لایەن ئێرانەوە دەکات و دەڵێت ئەو کەمەربەندە لە ڕێگەی بەغداوە دەگاتە بەیرووت و بە درێژکراوەی سیاسەتی ئیمراتۆرییەتی سەردەمی کۆن وەسف دەکات کە ئەمجارە بەناوی شیعەوە ئیمپراتۆرییەکەی لە ناوچەکە دروست دەکات. هەروەها هەڕەشەی ئێران بە گەورەتر لە هەڕەشەی ڕێکخراوی تیرۆریستی داعش وەسف دەکات کە پێی وایە ئەم گرووپە بۆ سەپاندنی خۆی پێویستی بە توانایی و خاکی زیاتر هەیە، کە ئێران زیاتر لەوەی لە بەردەستدایە.

بەهاری عەرەبی لە لایەکەوە بۆ کۆماری ئیسلامیی ئێران تەواوکەری دەرفەتی زێڕینی ڕووخانی ڕێژیمی سەددام بۆ هەناردەکردنی شۆرەشەکەی بە ڕێگەی شیعەکانی ئەم وڵاتە و دەستێوەردانی ڕاستەوخۆ و ئاشکرا بوو. ڕێژیمی ئیسلامیی ئێران بەهۆی توندووتیژییەکانی ناوچەکە بە هاوکاری هاوپەیمانانی توانی بەشێکی زۆر لە پیلانەکانی بۆ دەستبەرسەداگرتنی ناوچەکە جێبەجێ بکات.

کۆماری ئیسلامیی ئێران، پایتەختی چوار وڵاتی عەرەبیی ناوچەکەی لە ژێر دەستدایە، عێراق بە پراکتیك بۆتە بەشێك لە خاکی ئێران کە ماوەی دوو ساڵێکە بەبیانووی شەڕی دژی تیرۆریستانی داعش بە ئاشکرا و فەرمی بوونی سەربازیی خۆی سەپاندووە کە پێشتر تەنیا لە ڕێگەی گرووپە توندڕەوەکانی شیعەوە پیلانە ئەمنی و سەربازییەکانی جێبەجێ دەکرد. بەڵام ئێستا سوپای قودس و فەرماندەکەی بە ئاشکرا لە بەرەکانی شەڕی دژی داعش لە ناوچە سوننەکانی عێراق خۆیان نمایش دەکەن، بەبێ ئەوەی کە کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی بەتایبەتی ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا هەوڵێکی پراکتیکی بۆ پێشگرتن لە دەستێوەردەکانی ئێران لە عێراق بدەن کە واشنگتۆن بەهۆی ڕێککەوتنی ئەمنی لەگەڵ عێراق بەرپرسایەتییەکی ئەخلاقی لەسەر شانە.

**سووریە**

پێشکەشکاری ناسراوی کەناڵی ئەلجەزیرەی عەرەبی، فەیسەل قاسم لە کۆمێنتێکدا دەڵێت ئێران لە ژێر ئابلۆقەی نێودەوڵەتیدا دەستی بەسەر عێراق، سووریە، لوبنان و یەمەندا گرتووە، پاش هەڵگرتنی سزاکان دەگاتە کوێ؟

کۆماری ئیسلامیی ئێران بە ئاشکرا لە سووریە بوونی سەربازی هەیە کە بە بیانووی هاوپەیمانی ستراتیژی لەگەڵ ڕێژیمی بەشار ئەسەد و پاراستنی مەزارگەکانی شیعە بەهەموو شێوەیەکی سەربازی، هەواڵگری و لۆجستیکی یارمەتی ڕێژیمی بەعس دەدات، کە هەر ئەویش بووە هۆی مانەوەی بەشار ئەسەد لەسەر کورسی دەسەڵات، هەرچەندە زۆربەی هەرە زۆری خاکەکەی لەدەستداوە.

هەناردەی شۆڕش لەلایەن سەرانی ڕێژیمی ئێران بۆ سووریە پێش بەهاری عەرەبی جیاوازبوو لەو پیلانەی کە بۆ وڵاتانی دیکە هەبوو. لەبەر ئەوەی کە حافیز ئەسەدی باوکی هاوپەیمانی ستراتیژیی ئێران بوو، ئەوکات پێویستی بە دەستێوەردانی ڕاستەوخۆ لە کاروباری نێوخۆیی سووریە نەبوو، چونکە لەنێو وڵاتانی عەرەبیی ناوچەکە نوێنەرایەتی سیاسەت و هەڵویستی ئێرانی دەکرد. سووریە ئەو کات زیاتر ڕێڕەوێکی ستراتیژیی ئێران بۆ لوبنان بوو کە توانی لە ڕێگەی سووریەوە، حیزبوڵڵایەك دروست بکات کە ئێستا هەیمەنەی بەسەر تەواوی حکوومەتی لوبناندا هەیە، ئەوە بێجگە لە گرووپە هاوپەیمانەکانی لە فەڵەستینە.

بەهاری عەرەبی هەرچەندە دەرفەتێکی زێڕین بۆ ئێران لە هەندێ وڵاتی عەرەبی ڕەخساند، بەڵام لە سووریە بەپێچەوانەوە زەنگێکی هۆشدار بوو کە لە ئەگەری ڕووخانی بەشار ئەسەد، هەرچی لەماوەی سێ دەیەی ڕابردوو لەم وڵاتە و تەنانەت لە لوبنانیش بنیات نراوە دەبێتە بڵقی سەرئاو. هەربۆیە تەواوی هەوڵ و ئیمکاناتی خۆی لەسەر ئاستی نێوخۆیی، ناوچەیی و نێودەوڵەتی خستە گەڕ بۆ ڕزگارکردنی دەسەڵاتی بەشار ئەسەد. کە تا ئێستا بە سەدان هەزار کەس بەهۆی پشتگیری ئێران لە ئەسەد بوونە قۆربانی و نیوەی هاوڵاتیانی ئەم وڵاتە لە نێوخۆ و وڵاتانی دراوسێ ئاوارە و پەنابەر بوونە و زۆرێك لە شارەکانی ئەم وڵاتە خاپوور کراون.

**بەحرەین**

زۆرینەی شیعە لە بەحرەین لەکاتی سەرهەڵدانی بەهاری عەرەبی هاتنە سەرشەقام و بە دروشمی ئازادی و دێموکراسی دژایەتی خۆیان بەرامبەر سیاسەتی پاشای سوننە مەزهەبی وڵاتەکەیان دەربڕی. بەڵام بەهۆی نێزیکی ئەم وڵاتە لە سعوودیا و ئەندامەتی لە ئەنجومەنی هاوکاری کەنداو، سعوودیا هێزی سەربازی خۆی بۆ ئەم وڵاتە نارد کە حکوومەتی بەحرەین توانی سەرهەڵدانی شیعەکانی سەر بە ئێران سەرکوت بکات. ئەم ڕووداوە بووە هۆی دروستبوونی ناکۆکی و دەمەقاڵێی سیاسی نێوان ئێران و وڵاتانی کەنداو، بەتایبەتی لەگەڵ سعوودیا و بەحرەین.

بەحرەین بەهۆی زۆرینەی شیعەوە بۆ کۆماری ئیسلامیی ئێران پوتانسیلێکی بەهێزە کە هەر کاتێك هەلی بۆ ڕەخسا و پێویستی کرد بۆ پێشبردنی پیلانەکانی بەکاری دێنیت. بەڵام لەکاتی ئێستادا لە ئەجینداى یەکەمی ئەودا نییە و وڵاتی یەمەن بۆتە مەیدانی شەڕی ئێران لەگەڵ نەیارە عەرەبییەکانی.

**یەمەن**

هەرچەندە بەهاری عەرەبی لە یەمەن کۆتاییهێنانی دەسەڵاتی «عەلی عەبدوڵڵا ساڵح»ی بەدوای خۆیدا هێنا و سەرۆکێکی هاوبەش لەنێوان دەسەڵاتی پێشوو و ئۆپۆزیسیۆن بە کۆی دەنگی هەردوو لا هەڵبژێردرا. بەڵام ئەوە نەبووە هۆی سەرکەوتنی بەهاری عەرەبی و کۆتاییهێنان بە دیکتاتۆرییەك و قۆرغکاری و هەژاری لەم وڵاتە هەژارەدا کە هەر ئەو کاتیش بەدەست بەهێزبوونی گرووپە ئیسلامییەکانی وەك ئەلقاعیدە و یاخیبوونی حووسییەکان دەیناڵاند.

عەلی عەبدوڵڵا ساڵح هەرچەندە بە فەرمی وەك کەسی یەکەمی یەمەن نەمایەوە، بەڵام بنەماڵە و حیزبەکەی تەواوی بوارەکانی سەربازی و ئەمنی و ستراتیژیی و ئابووریی ئەم وڵاتەیان قۆرغ کردبوو و بە پشتیوانیی ئێران ڕازی نەبوون دەسەڵاتی سەربازی و ئەمنی ڕادەستی سەرۆکی نوێ بکەن.

حووسییەکانی یەمەن کە بە یارمەتی لۆجستیکی ئێران بۆ ماوەی چەندین ساڵ لەگەڵ حکوومەتەکەی عەلی عەبدوڵا ساڵح لە شەڕدابوون، ئێستا بوونە هاوپەیمانێکی ستراتیژی بنەماڵە و حیزبەکەی عەلی عەبدوڵڵا ساڵح.

پیلانی ئێران بۆ سەپاندنی دەسەڵاتی خۆی لە یەمەن لە سەرەتادا بە ئاشتکردنەوەی حووسییەکان و عەبدوڵڵا ساڵح دەستیپێکرد، حووسییەکان کە بە زۆری لە پارێزگای سەعدی باکووری یەمەن نیشتەجێن، لەسەرەخۆ دەستیان بە یاخبوونێکی سەربازییانەی ئاشتیانە کرد و بەهۆی بێدەنگی نواندنی بەرپرسانی ئەمنی و سەربازی کە سەر بە حیزبەکەی عەلی عەبدوڵڵا ساڵح بوون دەستیان بەسەر سەنعای پایتەختدا گرت و سەرۆکی وڵاتیان لە کۆشکەکەی زیندانی کرد، کە لە کۆتاییدا ناچارییان کرد دەست لەکارکێشانەوەی خۆی پێشکەش بکات و بەهۆیەوە ئازادکرا.

**دەستپێکردنی شەڕی نوێنەرایەتی**

لەگەڵ ڕاکردنی سەرۆکی یەمەن لە وڵاتەکەی و پەنابردنی بۆ سعوودیا، چەکدارانی حووسی بە یارمەتی لۆجستیکی بەردەوامبوون لەسەر هەوڵەکانیان بۆ دەستبەسەردا گرتنی تەواوی یەمەن. بەڵام دەستێوەردانی ئێران و یارمەتیدانی سەربازی و لۆجستیکی ئێران بووە هۆی بەدەنگەوە هاتنی وڵاتانی عەرەبی ناوچەکە، بەتایبەتی عەرەبستانی سعوودیا. سەرۆکی یەمەن بە فەرمی داوای هاوکاری سەربازیی عەرەبی لە کۆمکاری عەرەبی کرد بۆ بەرەنگاربوونەوەی حووسییەکان و عەلی عەبدوڵڵا ساڵح.

هاوپەیمانی عەرەبی بە سەرۆکایەتی سعوودیا دەستی بە بۆردومانی بنکە سەربازی و لۆجستیکییەکانی چەکدارانی حووسی و عەبدوڵڵا ساڵحیان کرد کە بەهۆی سیاسەتی شەڕخوازانە و سەرکێشانەی ئێران شەڕێکی سەرتاسەری نێوخۆیی لەم وڵاتە ڕوویدا و بەهەزاران کەس بوونە قوربانی و خەسارێکی زۆری بە ئابووریی داتەپیوی وڵاتەکە گەیاند کە هێشتا چارەنووسی دیار نییە و پێدەچێ ئەم وڵاتە لەنێوان هەردوولا دابەش بکرێت.

**کاریگەری ڕێککەوتنی ئەتۆمی لەسەر پاوانخوازی کۆماری ئیسلامیی ئێران لە ناوچەکەدا**

ڕێککەوتنی ئەتۆمی ئێران لەگەڵ گرووپی پێنج کۆ یەك، بەتایبەتی لەگەڵ ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا نیگەرانیی و مەترسی زۆرێك لە وڵاتانی ناوچەکەی بەدوای خۆیدا هێناوە. چونکوو پێیان وایە ئەم ڕێککەوتنە دەبێتە هۆی ئاوەڵاکردنی دەستی ئێران بۆ دەستێوەردان لە کاروباری نێوخۆیی وڵاتانی ناوچەکە.

عەرەبستان و تورکیا و زۆرێك لە وڵاتانی ناوچەکە لەوە دەترسن بەهۆی ئەو ڕێککەوتنەوە، دەسەڵات و هەیمەنەی ئێران بەسەر ناوچەکەدا زیاتر بێت و ئەوەی کە ئێستاش لە عێراق، سووریە، لوبنان و سووریە هەیە، بە فەرمی دانپێدا بنرێت و ببێتە دیفاکتۆ.

بۆیە سەردانی بەرپرسانی ئەمریکا بۆ ناوچەکە نەیتوانی قەناعەت بە بەرپرسانی ئیسرائیل و عەرەبستان بۆ پرسی ڕێککەوتنی ئەتۆمی بێنێت و نیگەرانییەکانی سەبارەت بە بەرفراوانتربوونی هەیمەنەی ئێران و دەستێوەردەکانی برەوێنتەوە.

**ڕێژیمی ئیسلامیی ئێران بەهۆی توندووتیژییەکانی ناوچەکە بە هاوکاری هاوپەیمانانی توانی بەشێکی زۆر لە پیلانەکانی بۆ دەستبەرسەداگرتنی ناوچەکە جێبەجێ بکات**

# کاتێک بۆ تێکبەزینی کلاسیسم و ئاوانگاردیسم

ڕەهبەر مەحموودزادە

ئەگەر «بەرهەمی ئەدەبی» بە پێوانەی تیۆریی ئەدەبەوە هەڵبسەنگێندرێ، هەڵسەنگاندنی «بەرهەم هێنانی ئەدەبی» وەکوو پێواژۆیەکی تێکچندراوی[١] فەرهەنگی و کۆمەڵایەتی جگە لە تیۆریی ئەدەب پێویستی بە تیۆرییەکانی دەرەوەی ئەدەب و ڕەخنەی ئەدەبیش هەیە. ئێمە ئێستا زیادتر لەسەر ئەو تێگەیشتنە ئەدەبییانە لەنگەر دەگرین وا شوێندانانی ڕاستەوخۆیان لەسەر جۆری هەڵسەنگاندن و نرخاندنی بەرهەمە ئەدەبییەکان و شوێندانانی ناڕاستەوخۆیان لەسەر بەرهەمهێنانی دەقی ئەدەبی هەیە و تا ڕادەیەکیش ئاوڕێك لە باسێکی کۆمەڵناسانە و مێژوویی لەم بارەیەدا دەدەینەوە.

پیش گریمانەی ئەم باسە ئەوەیە کە بۆچوونی ئۆتۆریتە و مەرجەعە ئەدەبییەکان لەسەر گەشە کردنی هەندێك لە دەقەکان و لە کەمی دانی هەندێك دەقی تردا شوێندانەرە.

بەگشتی هەندێك هەڵەکاریی باو لە بواری هەڵسەنگاندنی دەقە ئەدەبییەکان لەگۆڕێدا هەن کە شی کردنەوەی وردیان دەتوانێ هەنگاوێك لە پێناو چارەسەر کردنیان و لە پێناو گەشە پێدانی ڕەوتی بەرهەمهێنانی ئەدەبی بەرەو پێشمان ببا. لە درێژەی ئەم وتارەدا ئاماژە بە هەندێك لەم هەڵەکارییانە دەکەین.

قەیرانەکانی پێوەندیدار بە ئەدەب بە گشتی دوو دەستەن: قەیرانەکانی دەرەوەی ئەدەب و قەیرانەکانی ناو ئەدەب. قەیرانەکانی دەرەوەی ئەدەب زیادتر پیوەندییان بە دۆخی سیاسی و کۆمەڵایەتی و ئەو پرسانەی وا گرێدراوی ئەو دۆخانەن وەکوو نەخوێندن بە زمانی دایك و دیاردەی لەم چەشنەوە هەیە. قەیرانەکانی ناو ئەدەب خۆیان بە سێ دەستە دابەش دەبن: قەیرانی خوێندنەوە ، قەیرانی نووسین و قەیرانی ڕەخنە. ئەم هەڵە باوانەی لە دووتوێی ئەم وتارەدا قسەیان لێ‌دەکرێ زیادتر پێوەندییان بە قەیرانی نووسین و قەیرانی ڕەخنەوە هەیە.

هەڵەکان لە پێنج شێوەی باودا خۆیان دەردەخەن. ئەم پێنج هەڵەکارییە باوانە بریتین لە: ١ـ چاو بە شەوارە کەوتن بەهۆی ئاوانگاردیسمەوە ٢ـ چاو بە شەوارە کەوتن بەهۆی کلاسیسمەوە ٣ـ غیابی ڕوانینی مێژوویی ٤ـ چاو بە شەوارە کەوتنی نووسەر بە هۆی بەرهەمی خۆیەوە و ٥ـ ڕەچاو کردنی ڕوانینی پلە یەك لە جیاتی ڕوانینی پلە دوو.

### ١ـ چاو بەشەوارە کەوتن بە هۆی ئاوانگاردیسمەوە

ئەدەبی ئاوانگارد و خولیای بەرهەم هێنانی دەقی ئاوانگارد، داینەمۆی پێشکەوتنی ئەدەبە. ئەدەبێك توانستی بەرهەم هێنانی دەقی ئاوانگاردی نەبێ ئەدەبێکی تەپ و پەککەوتەیە. پێوەندیی نێوان ئەدەبی ئاوانگارد لەگەڵ کۆی بەرهەمە ئەدەبییەکانی گەلێك، پێوەندییەکی دوو لایەنەیە. لە لایەکەوە پتانسییەلەکانی ناو مەیدانێکی تایبەتی ئەدەبی (مەیدان بە مانا بۆردیۆییەکەی) دەبنە هۆی ئافراندنی بەرهەمی ئاوانگارد و لەولاوە بەرهەمی ئاوانگارد کۆی توانستەکانی مەیدانە ئەدەبییەکە بەرەو تەرازێکی سەرتر دەبا. بەڵام لەناو هەموو مەیدانێکی ئەدەبی‌دا بەرهەمی ئاوانگارد لە باری چەندایەتییەوە لە کەمترین ڕادەی بەرهەمهێنان دایە. ڕەنگە کەمتر لە دوو لەسەدی بەرهەمە ئەدەبییەکانی گەلێك بەرهەمی ئاوانگارد بن. بەرهەمی ئاوانگارد وەکوو کانگایەکی زێڕی بن عەرد وایە کە لە هەموو ڕەوەز و زنارێکدا نادۆزرێتەوە. کەوابوو چاوەڕوانیی ئاوانگارد بوون لە هەموو دەقە ئەدەبییەکان ـ دوای بەرهەم هاتنیان ـ چاوەڕوانییەکی لانی زۆرە. عەیبی ئاشکرای ئەم چاوەڕوانییە لانی‌زۆرە پشت گوێ خستنی زۆربەی هەرە زۆری بەرهەمە ئەدەبییەکان بە بیانووی ئاوانگارد نەبوونیانە.

بەرهەمی ئاوانگارد سەرکەوتووترین جۆری بەرهەمی ئەدەبی‌یە. بەڵام بەرهەمە سەرکەوتووەکان هەر بەتەنیا بارتەقای بەرهەمە ئاوانگاردەکان بەرتەسك نابنەوە. پشت‌گوێ خستنی ئەو بەرهەمە سەرکەوتووانەی نەگەیشتوون بە ئاستی بەرهەمی ئاوانگارد، شانس و شیمانەی بەرهەم هاتنی خودی بەرهەمی ئاوانگاردیش کەم دەکاتەوە. بە دەربڕینێکی دیکە هەرچی ڕێژەی بەرهەمی سەرکەوتووی ژێراتر لە ئاستی بەرهەمی ئاوانگارد، زیادتر بێ، شیمانەی بەرهەم هاتنی دەقی ئاوانگارد زیادتر دەبێ. بە سووك ڕوانینی دەقی داهێنەرانەی نائاوانگارد لە ڕاستی‌دا کوێر کردنەوەی کانیلەی وەبەر هێنانی دەقی ئاوانگاردە. بەرهەمی ئاوانگارد نووکی پێکانی داهێنان ئەدەبی‌یە و هەموو پێکانەکە نییە؛ لووتکەی کێوی ئەدەبە و هەموو کێوەکە نییە. ئەگەر پێکانێك لەگۆڕێ‌دا نەبێ قسە کردن لە نووکەکەشی بێ‌مانایە و ئەگەر کێوێك بوونی نەبێ، لووتکەکەشی لەگۆڕێ‌دا نابێ. لەناو ئەدەبی گەلاندا ئەو بەرهەمانەی لە بەرهەمی هەڕەمەپەسندی ناداهێنەرانە زۆر لەسەرترن بەڵام ناگەنە ئاستی بەرهەمی ئاوانگارد، ڕەنگە بیست یا سی لەسەدی کۆی بەرهەمە ئەدەبییەکانی ئەو گەلە پێك بهێنن. هەڵاواردنی ئەم دوو یان سێ لەسەدەی بەرهەمی ئاوانگارد و ئەو بیست سی لەسەدەی بەرهەمی داهێنەرانە و دانی حەقی هەرکامەیان بە شێوەیەکی تیۆریك و زانستی یەکێك لە مەرجەکانی گەشەی مەیدانی ئەدەبی‌یە. بەرهەمێکی ئەدەبی ڕەنگە ئاوانگارد نەبێ بەڵام داهێنەرانە بێ و ئەوەی لە باراندا بێ بتوانێ شتێك بە سامانی ئەدەبیی مەیدانێکی ئەدەبییەوە زیاد بکا.

### ٢ـ چاو بەشەوارە کەوتن بە هۆی کلاسیسمەوە

بەرهەمی کلاسیك بەرهەمێکە لە بگرەوبەردەی ڕکەبەرایەتی ئەدەبییەوە دەرچووبێ و جێگەیەکی پتەو و قایمی بۆخۆی دەستەبەر کردبێ. دەقی کلاسیك دەقێکە لە لێکۆڵینەوە ئەدەبییەکاندا زیادترین ئیرجاعی پێ بکرێ و زیادترین خوێندنەوەی بۆ بکرێ. بەرهەمی کلاسیك پرێستیژ و ئۆتۆریتەی تایبەت بە خۆی هەیە. هەر ئەو پرێستیژ و ئۆتۆریتەیە هەندێك جار بە شێوەیەکی هێزەکی (بالقوە) خۆڕاگرییەك لە بەرانبەر تێپەڕاندن و داهێناندا ساز دەکا. پابەند بوونی زێدەڕۆیانە بە بەرهەمی کلاسیك و شێوە داهینانی کلاسیك ڕێگای گەیشتن بە ئاوانگاردیسم قەپات دەکا. ئەگەر دوای بەرهەم هاتنی دەق، ڕوانینی دروست ئەوە بێ وا چاوەڕوانیی ئاوانگارد بوونمان لە هەموو دەقێك نەبێ و حەقی دەقی ژێراتریش بدەین، بەر لە بەرهەم هاتنی دەق ئاسۆی چاوەڕوانیمان نابێ کەمتر لە دەقی ئاوانگارد بێ. بەر لە بەرهەم هاتنی دەق دەبێ لانی زۆری چاوەڕوانیمان هەبێ، بەڵام دوای ئەوە دەبێ ئاستی چاوەڕوانییەکانمان نەختێك هەموارتر بکەینەوە. دەبێ ئەوەمان لەبەرچاو بێ ئەو دەقانەش وا ئێستا بوون بە دەقی کلاسیك، کاتی خۆی بە وزەی زیادترین چاوەڕوانییەوە ـ چ لە لایەن خودی بەرهەمهێنەرەکەیەوە و چ لە لایەن بەردەنگەکانییەوە ـ بەرهەم هاتوون. ئەگەر شێعری نالی ئەمڕۆ بۆ ئێمە دەقی کلاسیکە، ڕۆژی خۆی و لە کەش و مەیدانی ئەدەبی خۆی‌دا دەقێکی بە تەواو مانا سەرچڵ و یاغی و خۆڕاپسکێن بووە و ئەگەر زاکوونی ئەدەبیی سەختی نالی و قایل نەبوونی بە هەموو شێوە بەرهەمێك نەبوایە، ئەمڕۆ نالی یەکێك لە کلاسیکەکانی ئێمە نەدەبوو. ئەگەر ڕۆژی خۆی نالیش وەکوو زۆر شاعیری هاوسەردەمی خۆی بە بەرهەمی مامناوەندی قانع بایە و ئاسۆی بیری هەتا خۆ گەیاندنە بناری داهێنانی ئەدەبی بڕی کردبا و بیری لووتکە شکاندن سەرانسوێی خەیاڵی نەکردبا، بەرهەمی نالی ئەمڕۆ کلاسیك نەدەبوو. ئەگەر بەر لە داهێنان، کەڵکەڵەی بە ئاوانگارد بوون، نەبێ بە کەڵکەڵەی گشتی، ئەو دوو سێ لەسەدەی بەرهەمی ئاوانگاردیشمان نابێ.

هەڵەکاریی یەکەم لە خۆبەستنەوەی لە ڕادەبەدەری ئەدەب بە بەرهەمی ئاوانگاردەوە سەر هەڵدەدا کەچی ئەم هەڵەکارییە لە بە مۆدێل زانینی هەتاهەتایی بەرهەمە کلاسیکەکانی ڕابردووەوە سەرچاوە دەگرێ.

### ٣ـ غیابی ڕوانینی مێژوویی

داهێنەرانەترین بەرهەمە ئەدەبییەکان لە هەناوی ئەو مەیدانە ئەدەبیانەوە سەر هەڵدەدەن کە زیادترین سامانی ئەدەبی پاشەکەوتکراویان هەیە. بە دەربڕینێکی دیکە ئاوانگاردترین بەرهەمە ئەدەبییەکان لە ناو کەشێکی ئەدەبی‌دا بەرهەم دێن کە خاوەنی زیادترین دەقی کلاسیکن. کەشێکی ئەدەبیی ئەوتۆ زیادترین شانسی بۆ نوێ بوونەوە هەیە کە بەتەمەنترین مێژووی ئەدەبی هەبێ. پیرترین ئەدەبیاتەکان زیادترین کەرەستە و دەرەتانی کاژ فڕێ دانی ئەدەبییان هەیە. کەوابوو لە کەشی ڕەخنەگرانەی ئەم مەیدانە ئەدەبییانەدا نەك هەر خوێندنەوەی بەرهەمە ئاوانگاردەکان ڕمێنی هەیە، خوێندنەوەی چڕوپڕی بەرهەمە کلاسیکەکانیش لە زەمینە و زەمانەی مێژوویی خۆیاندا باوە. بەرهەمی کلاسیك نابێ وەکوو مۆدێلی داهێنانی پاشەڕۆژ چاوی لێ بکرێ، بەڵام نابێ لە خوێندنەوەی چڕوپڕی تایبەت بە بەرهەمە کلاسیکەکانیش بێ‌بەری بێ و لە پاشخانی ئەدەبیی گەلاندا دەبێ جێگەی شیاوی خۆی پێ بدرێ. مۆدێلی داهێنانی بەرهەمی کلاسیك ناکرێ بۆ خولقاندنی ئەدەبی ئاوانگارد پشتی پێ ببەسترێ بەڵام نووسەی ئاوانگارد ـ تەنانەت ئەگەر بە نیازی بنەماشکێنیش بێ ـ هەتا ڕادەیەکی زۆر پێویستیی بە داروپەردوو و ماتریاڵی بەکارهاتوو لە ئەدەبی کلاسیك هەیە. دابڕان لە مێژووی ئەدەب، لەکیس دانی سامانێکی داپەستراوە کە بە درێژایی چەندین سەدە بەسەر یەکدا کەڵەکە بووە. خوێندنەوەی مێژوویی بەرهەمە کلاسیکەکان بە مانای پابەند بوونی کۆنسێرڤاتیستی بەو بەرهەمانە و خۆ بواردن لە بەرهەم هێنانی دەقی ئاوانگارد نییە بەڵکوو بە مانای خۆ تەیار کردن بە پاشخانێکی ئەوتۆیە وا لە قەڵەمبازی داهێنەرانەی ئەدەبی‌دا زیادترین وزە بدا بە داهێنەران و زیادترین گوڕمیان پێ ببەخشێ. بەڵام لە خوێندنەوەی بەرهەمی دەورانی ڕابردوو نابێ زەمینە و زەمانەی شەقڵ گرتنی ئەم دەقە فەرامۆش بکرێ.

### ٤ـ چاو بە شەوارە کەوتنی نووسەران بە هۆی بەرهەمی خۆیانەوە

لە هەڵەکاریی جۆری یەکەم‌دا ڕەخنەگران بە هۆی ئاوانگارد نەبوونی زۆربەی هەرەزۆری دەقەکان پشتگوێ دەخەن. لەم هەڵەکارییەدا کە لەناو خاوەن بەرهەمەکاندا باوە، نووسەران بەرهەمی خۆیانیان پێ داهێنەرانەترین و ئاوانگاردترین جۆری دەقە و بەرهەمی دیکە بە شیاوی بەراورد کردن لەگەڵ بەرهەمی خۆیان نازانن. لێرەدا نووسەر چاوی بەهۆی بەرهەمی خۆیەوە بە شەوارە دەکەوێ. هەندێك جار لە دەربڕینی ڕاستەوخۆ و ناڕاستەوخۆی نووسەران و شاعیرانەوە وا دەردەکەوێ کە لە ڕوانگەی ئەوانەوە مێژووی نوێخوازی بە دەرکەوتنی ئەوانەوە لە مەیدانی ئەدەبی گەلەکەیاندا دەستی پێ کردووە. لەم هەڵەکارییەدا عادەتەن ئەوە ڕەخنەگرانن کە لە لایەن خاوەن‌بەرهەمەکانەوە بە بەرپرسی نەدیتران و نەخوێندرانەوەی بەرهەمەکانیان دادەندرێن.

لە کەشوهەوای ئەدەبی کوردی‌دا زۆرجار هەڵوێستێکی دژواز لە بەرانبەر ئاستی شوێندانانی ڕەخنەی ئەدەبی و ڕەخنەگرانی ئەدەبی ڕەچاو کراوە. لە لایەکەوە کەسێك بەناوی ڕەخنەگر و کەشێك بە ناوی کەشی ڕەخنەی ئەدەبی لە بواری ئەدەبی کوردی‌دا بە دیاردەی نەبوو داندراوە و هەر لە بنەڕەت‌دا قسە لە غیابی ئەم کەشە و ئەم کەسە کراوە و لەلایەکی ترەوە بۆ لێکدانەوەی هۆی سەرنەکەوتنی بەرهەمە ئەدەبییەکان، وەکوو خوادایەکی دەسەڵاتداری بواری ئەدەب ـ هەڵبەت خوادایەکی ئەهریمەنی ـ تەماشای دەسەڵاتی ڕەهای ڕەخنەگر و شوێندانانی و وە دەنگ هاتن و بێ‌دەنگ بوونی کراوە.

ئەوە لە حاڵێك‌دایە زۆربەی بەرهەمەکان وەك لە بەشی یەکەم‌دا ئاماژەی پێ کرا لە ئاستی بەرهەمی ئاوانگارددا نین و لەم ئاستە ژێراترن. جگە لەمە هەندێك لێکۆڵینەوە لە بواری مێژوو و کۆمەڵناسی ئەدەب پێشانمان دەدەن ئاوانگاردترین نووسەران لە ئاستی جیهاندا بە یەکەم بەرهەمەکانیانەوە نەناسراون و ئەم نووسەرە ئاوانگاردانە دوای نەدیتران و نەخوێندرانەوەی یەکەم بەرهەمەکانیان نەك هەر لەو بەرهەمە سەرەتایی‌یانەیان تێپەڕاندووە و بەرهەمی داهێنەرانەتریان بەتاقی کردووەتەوە، بگرە زمانی دیکەی جگە لە زمانی خۆیان و وڵاتی دیکەی جگە لە وڵاتی خۆیانیان بەتاقی کردووەتەوە، هەتا توانیویانە بەرە بەرە بەرهەمی خۆیان بە هەرەمەی ئەدەب‌ناسان بناسێنن.

ناسیاوی لەگەڵ چۆنیەتی ناسرانی بەرهەمی کەسانێکی وەکوو ئاگۆست ستریندبێرگ، جیمز جۆیس، ساموئێل بیکێت، ڤیلادیمیرناباکۆف و زۆر نووسەری گەورەی دیکە ئەم ڕاستییەمان پێ‌دەسەلمێنێ. جیمز جۆیس لە دووبلینی ناوەندی وڵاتی خۆی دەر کراوە. لە لەندەن بە هێند نەگیراوە، لە نیۆیۆرك پێش بە نووسین و بڵاو کردنەوەی بەرهەمەکانی گیراوە هەتا دواجار لە پاریس پێشوازی لە بەرهەمەکانی کراوە و ناسراوە.[٢]

گەورەترین نووسەرانی جیهان کەسانێك نین وا بە یەکەم بەرهەمەکانیان گوژمێکی گەورەیان لە جیهانی ئەدەبدا پێك‌هێنابێ. جا ئەم یەکەم بەرهەمانە چ بەرهەمی داهێنەرانە بووبن چ بەرهەمی کاڵوکرچ‌تر بووبن. بە پێچەوانە زۆریەك لە ئەدیبانی ئێمە عادەتەن یەکەم بەرهەمەکانی خۆیان بە مۆجزاتی ئەدەبی و یەکەم هەوڵەکانی خۆیان بە بوومەلەرزەیەکی گەورە لە بواری ئەدەب‌دا حیساب کردووە و هەر بۆیە نەدیترانی ئەو بەرهەمانە بە پیلانی هەندێك ئۆتۆریتەی دەستڕۆیشتووی بواری ئەدەب زانیوە.

### ٥ـ ڕەچاو کردنی ڕوانینی پلە یەك لەجیاتی ڕوانینی پلە دوو

ڕوانینی ڕەخنەگر بۆ بەرهەم و ڕەوتە ئەدەبییەکان، لانی کەم لە قۆناغە سەرەتاییەکانی لێکۆڵینەوە، ڕوانینێکی پلە دووە. واتە ڕەخنەگر لە دەرەوە ڕا تەماشای ڕەوتە ئەدەبییەکان دەکا. لەم ئاستەدا ڕەخنەگر و توێژەری ئەدەبی بینەرن نەك کایەکەر. واتە ڕخنەگران بە پاراستنی مەودایەکی تایبەت کاری تیۆری لەسەر بەرهەمە ئەدەبییەکان دەکەن. ئەم کارە تیۆرییە لە هەنگاوی یەکەم‌دا دۆزینەوە و وەسف کردنی ئادگار[٣]ی دیار ونادیاری ئەم ڕەوتانە و تایبەتمەندییە ئەدەبیە بەرچاوەکانیانە و لە هەنگاوی دووەم‌دا لێکدانەوەی ئەم بابەتەیە کە چ ڕوانینێکی ئەدەبی و دەکار کردنی چ تەکنیك‌گەلێکی ئەدەبی ئەم شێوازە ئەدەبییەی لێ کەوتووەتەوە. نووسەران و شاعیران، خۆیان ڕوانینی پلە یەکیان بۆ بەرهەمەکانیان هەیە. واتە لە مەیدانی هەڵسووڕانی ئەدەبی‌دا زیادتر کایەکەرن نەك بینەر؛ ڕەوتێك و شێوازێکی ئەدەبی هەڵدەبژێرن و ڕەوت و شێوازێکی دیکە ڕەت‌دەکەنەوە.

وا نییە ڕەخنەگران هەر لە نەدیتنی بەرهەمەکان و ڕەوتەکاندا بکەونە بەر تیروتوانجی نووسەران و شاعیران؛ ڕەخنەگران تەنانەت لە بەسەر کردنەوەی تیۆریکی ڕەوتەکانیش‌دا دەبنە جێگای ناڕەزامەندی ڕەوتە خەنیمەکان. نوێنەرانی ڕەوتە ئەدەبییەکان عادەتەن بەرهەمی سەر بە ڕەوتە ڕکەبەرەکان بە شیاوی لێکۆڵینەوە و ڕەخنەکاری نازانن. ئەم بە شیاو نەزانینەش تایبەتمەندی ڕوانینی پلە یەکە. واتە نووسەران بۆیە دەتوانن ڕەوت و شێوازێکی تایبەت دابهێنن چونکە لانی‌کەم لە کاتی بردنە پێشی پرۆژە ئەدەبییەکانیاندا ڕوانینێکی موونیستی و تاكخوازانەیان هەیە و پرۆژەی ئەدەبیی خۆیان لە پرۆژە ئەدەبییە ڕکەبەرەکان بە دەوڵەمەندتر و داهێنەرانەتر دەزانن. ئەگەر ڕوانینێکی لەم چەشنەیان نەبێ ناتوانن کرد و کۆش و کەندەوەکۆژیی خۆیان لەسەر پتانسیەلە شاردراوەکانی پرۆژەکەیان چڕ بکەنەوە. کەچی ڕەخنەگر بۆ دیتنی ڕەوتە ئەدەبییەکان دەبێ بە ڕوانینێکی پلۆرالیستی، هەموو پرۆژە ئەدەبییە جیددییەکان بەسەر کاتەوە. مەیدان چۆڵ کردنی شێوە ڕوانینی پلە دوو بە سوودی شێوە ڕوانینی پلە یەك، ڕەخنەکاری و لێکۆڵینەوە خەوشدار دەکا.

هەر وەکوو لە سەرەتای ئەم وتارەدا ئاماژەی پێ کرا، کێشەکانی بواری ئەدەب هەر بارتەقای ئەم کێشانە بەرتەسك نابنەوە. بەڵام ئەم کێشانە ڕەنگە بەشێك لە بەرچاوترین کێشەکان بن.



[١] تێکچندراو: پیچیده

[٢] کازانووا، پاسکال، جمهوری جهانی ادبیات،ترجمەی شاپور اعتماد، نشر مرکز، ١٣٩٢ ص ١٣٦

[٣] ئادگار: ڕوخسار، سیما

www.xewat.blogfa.com

# KURDISTAN

Organ of the Central Committee of Democratic Party of Iranian Kurdistan ■ No: 660 ■ 6 Sep 2015

ڕۆژنامەی «کوردستان» و ماڵپەڕەکانی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران
لە تۆڕی جیهانیی ئینتێرنێتدا:

www.kurdistanmedia.com
info@kurdistanmedia.com

http://www.pdki.org
pdkiran@club-internet.fr


## کۆمپیوتەرێکی نوێ لە قەبارەی فلاشێکدا

کۆمپانیای ئەیسوس لە پێشانگای ئەلیکترۆنی IFA لە بەرلین پەردەی لەسەر کۆمپیوتەرێکی نوێ لادا کە قەبارەکەی زۆر بچووکە و هێندەی فلاشێکی گەورەیە.

کۆمپیوتەرەکەی ئەیسوس کە بە VivoStick ناسراوە لەڕێگەی بەستنەوەی HDMI بە شاشەیەکەوە دەبەسترێتەوەو بەهۆی بلوتوسەوە ماوس و تەختەکلیکی پێوە پەیوەست دەکرێت بەهۆیەوە دەتوانرێت وەك کۆمپیوتەرێکی ئاسایی بەکاربهێنرێت.

ڤیڤۆستك دوو جێگەی USB و شوێنێکی هێدفۆن و مایکرۆ USB بۆ بارگاویکردنەوە و سیستمی بەستنەوەی وای فای و بلوتوسی هەیە.

ڕامی کۆمپیوتەرەکە ٢ گێگابایتە و بیرگەی ناوەکی ٣٢ گێگابایتەو پرۆسێسەری ئینتێل ئەتۆمی لەسەرەو بە سیستمی کارگێڕی ویندۆز ١٠ کاردەکات.

ئەم کۆمپیوتەرە هاوشێوەی کۆمپیوتەرەکەی کۆمپانیای ئینتیل-ە بەناوی Intel Compute Stick کە پێشتر لەلایەن ئەو کۆمپانیایەوە ڕاگەیەنراو دواتریش کۆمپانیای لێنۆڤۆ کۆمپیوتەرێکی هاوشێوەی ڕاگەیاند.

هەرچەندە کاتی خستەبازاڕی بە فەرمی ڕانەگەیەنراوە، بەڵام ڤیڤۆستیك لە کۆمپیوتەرەکەی ئنیتێل هەرزانترە و بە ١٢٩ دۆلار دەخرێتە بازاڕەوە.




## بیبەر ئەم سوودەشی هەیە

خواردنی بیبەر ڕۆژانە سوودێکی باش بە تەندروستیت دەگەیەنێت و چارەسەرێکی گونجاوە بۆ ئەوانەی تووشی سکچوون دەبن بەهۆی ژەهراوی بوون یان خواردنەوە، هەروەها کاریگەری لەسەر چەوری خوێن هەیە و وزەش بە ڕیژنەکانی ئارەقکردنەوە دەبەخشێت.

ئەو کەسانەش کە کێشی لەشیان زۆرە دەتوانن ڕۆژانە بیبەر بخۆن، چونکە وادەکات هەست بە تێری بکەیت و بۆ ماوەیەکی زۆر هەست بە برسێتی نەکەیت، هەروەها بەپێی توێژینەوەکان بیبەر چارەسەرە بۆ جۆری یەکەمی نەخۆشی شەکرە «کە پەیوەستە بە ئەنسۆلینەوە».



## زەیتون ئارەزووی خواردن زیاتر دەکات

بەکارهێنانی زەیتون و خواردنی جگە لەوەی سوودێکی زۆری بۆ تەندروستی مرۆڤ هەیە و ئارەزووی خواردن زیاتر دەکات، لەهەمانکاتدا دەتوانین ڕۆژانە سوود لە زەیتی زەیتون ببینین بەچەند شێوەیەك:

١- تێکەڵکردنی لەگەڵ گلیسیرین بۆ چارەسەری قڵیشی دەست و پێ ودەم و چاو.

٢- بۆ ڕزگاربوون لە قژ هەڵوەرین ١٠ ڕۆژ لەسەریەك بە ڕۆنی زەیتون قژت چەور بکە بۆ ماوەی ٤٠ دەقیقە پاشان بە ئاوی شلەتێن و سابوون بیشۆ، ئەوە دەبێتە هۆی پارستنی قژت لە سپی بوون.

٣- ئەو کرێکارانەی لە چاپخانەکان بە پیتی قورقوشم کاردەکەن دەتوانن ڕۆژانە پێش کارەکەیان یەك کەوچك زەیتی زەیتون و یەك کەوچك ئاوی لیمۆ بخۆنەوە بۆ پاراستنیان لە ژەهراوی بوون.

٤- زەیتی زەیتون بینایی چاو بەهێز دەکات و لە فرمێسك لێهاتنی چاو ڕزگاری دەکات.



## ناسا: زریانێکی سامناک ڕوو لە زەوی دەکات



شارەزایان لە ئاژانسی فەزایی ئەمریکا (ناسا) ڕایانگەیاند، بەرزبوونەوەی ئاستی ڕووی ئۆقیانوسەکان دەستیپێکردووە و مرۆڤایەتی لە ئایندەیکی نزیکتردا، ڕووبەڕووی سیناریۆی زریانێکی کاولکار دەبێتەوە.

ستیڤن نیریم لە زانکۆی کۆلۆرادۆ ڕایگەیاند، بەرزبوونەوەی سێیەکی ئاستی ئاوی ئۆقیانوسەکان، وابەستەی زیادبوونی قەبارەی ئەو ئاوەیە کە بەرزبوونەوەی پلەی گەرما دروستی دەکات، بەشەکانی تریش لە ئاکامی توانەوەی بەفر و بەستەڵەکەکان، دێنە کایە.

بەپێی ئەو وێنانە بێت کە مانگە دەستکردەکان گرتویانە، لەئێستادا ئاستی ڕووی ئۆقیانووسەکان ساڵانە بە بڕی ١,٩ ملم بەرزدەبێتەوە، لێژنەی تایبەت بە توێژینەوەی گۆڕانکارییە ژینگەییەکانی سەر بە نەتەوە یەکگرتووەکانیش لە ساڵی ٢٠١٢ ڕایگەیاند، ئاستی ڕووی ئۆقیانوسەکان ساڵانە بەبڕی ٣,٢ ملم، بەرزدەبێتەوە.

زانایانی بواری بەستەڵەکان <Glaciology> پێیانوایە، بەرزبوونەوەی پلەی گەرما لە جیهاندا، لە وردەکارییەکاندا ڕەچاو ناکرێت و نابێتە مایەی ئەوەی بە خێرایی ئاستی ڕووی ئۆقیانووسەکان، بەرزبکاتەوە.

بەڵام ئیریك ڕینۆ زانا لە زانکۆی کالیفۆرنیا دەڵێت، ئەو وردەکارییانە، نەك هەر تەنیا بەرزبوونەوەی پلەی گەرما لەسەر ڕووی بەستەڵەکان ڕەچاودەکەن، بەڵکو توانەوە و کەوتنەخوارەوەی تۆپەڵە زەبەلاحە بەستەڵەکان لەنێو ئاودا لەبەرچاو دەگرن، بۆنمونە لە گرینلاند، تۆپەڵێکی زەبەلاحی بەستەڵەك کە ڕووبەرەکەی ١٢ کیلۆمەتر چوار گۆشە دەبوو، لە سەهۆڵبەندانی <Jakobshavn> جیابووەوە.

بە وتەی ئەو زانایە، ئەگەر بهاتبا تەواوی بەستەڵەکە بکەوتبایاتە نێو ئۆقیانووسەوە، ئەوا بە بڕی نیو مەتر، ئاستی ڕووی ئاوی لە ئۆقیانووسدا، بەرز دەکردەوە.

## زایەڵە

## کێ براوەی گەمەکەیە؟

**فاتیحساڵحی**

لە دوای ڕێککەوتنی ناوەکی لە ڤییەنی پێتەختی ئۆتریش و پرس و باسە پێوەندییدارەکان بەم ڕێککەوتنە لە هەر دوو لای سەرەکی واتە، ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا و کۆماری ئیسلامیی ئێران ئەوەندەی نەماوە کە جێبەجێ بوون یان جێبەجێ نەبوونی ئەم ڕێککەوتنامەیە یەکلایی بکرێتەوە. هەرچەند جێبەجێ نەکردنی ئەم ڕێککەوتنامەیە تا ڕادەیەك دوور لە چاوەڕوانییە و هەموو ئاماژەکان هێما بۆ ئەوە دەکەن کە ئەم ڕێککەوتنە لە ئەنجامدا جێبەجێ دەکرێ. هەرچەند لە دوو وڵاتی ناوبراودا کۆمەڵێ کەس نەیار و لە ڕواڵەتدا دژی ئەم ڕێککەوتنامەیەن.

لە ئەمریکا کۆماریخوازەکان هەموو توانای خۆیان خستۆتە گەڕ تا پێش بە پەسەند کردنی ئەم ڕێککەوتنامەیە لە کۆنگرە بگرن . ئەویش هۆکاری تایبەت بە خۆی هەیە کە لەم ستوونەدا ناگونجێ . هەرچەند بۆ خۆشیان باش دەزانن ئەگەریش لە لایەن ئەوانەوە پەسەند نەکرێ، بەپێی ئەو ٣٨ سێناتۆرەی کە پاڵپشتیان لە ڕێککەوتنامەکە کردووە، باراك ئۆباما دەتوانێ دەنگی کونگرە ڤێتۆ بکات و بە فەرمی ڕێککەوتنامەکە بڕواتە بواری جێبەجێ کردنەوە.

لەم لاشەوە توندئاژۆکانی ئێران ماوەیەکە دستیان کردووە بە چالاکی دژی ڕێککەوتنامەکە و بە شێوەیەك لە شێوەکان بە مەترسییەکی حاشاهەڵنەگر بۆسەر ئاسایش و تەناهی خۆیانی پێناسە دەکەن. هەڵبەت لێرەدا مەبەست تەنیا وەمەترسی کەوتنی قازانج و بەرژەوەندییەکانی باڵێکی دیاریکراوە لە نێو دەسەڵاتدارانی کۆماری ئیسلامیی ئێراندایە، نەك هەموو باڵەکانی نێو ڕێژیم و بەشێوەیەك لە شێوەکان خەڵکی ئێران.

بەڵام ئەوەیکە لەم پێوەندییەدا شایانی باسە، لێدوانەکانی ئەم دوواییانەی خامنەییە کە بە ئاشکرا باس لەوە دەکات ئەگەر گەمارۆکانی سەر ئێران بە یەکجاری هەڵنەوەشێنەوە، معاملەیەك لە ئارادا نییە چونکوو ئێمە بۆیە ئەو پوانانەمان بە ئەمریکییەکان داوە کە ئەوان لە بەرامبەردا گەمارۆکانی سەر ئێران هەڵبوەشێننەوە نەك ئەوەیکە هەڵیپەسێرن. هەڵبەت ئەویش ناڵێ کە ئەم ڕێککەوتنە سەر ناگرێ بەڵکوو وەك هەمیشە دووفاقیانە دەڵێ کە ئێمەش کردەوەکانمان بە هەمان شێوە دەبێ کە ئەمریکییەکان هەنگاوی بۆ هەڵدەگرن. واتە ئەگەر ئەوان بڕیارە گەمارۆکانی سەر ئێران هەڵپەسێرن، ئەوە ئێمەش ئەو وەعدانەی کە دابوومان بۆ وازهێنانی هەمیشەیی لە بەشێك لە چالاکییە ناوەکییەکانمان هەڵدەپەسێرین. لێرەدا ئەم خوێندنەوەیە لەوانەیە تا ڕادەیەك دۆخەکە بە قازانجی ئەوانەی کە نەیار و دژی ئەم ڕێککەوتنە لەبار بکات، بەڵام بە دڵنیاییەوە هەروەك چۆن لە قسەکانی خامنەییدا بە ڕاشکاوی دەردەکەوێ کە گەمارۆکان بوون بە هۆی ئەوەیکە ئێران ناچار بێ واز لە سەرەڕۆییە ناوەکییەکانی بێنێ، لە داهاتووشدا ناتوانن بەرگەی ئەم گەمارۆیانە بگرن و وێدەچێ خامنەیی بەم قسانەی دەیهەوێ لە لایەکەوە دڵی لایەنگرانی خۆی بەدەست بێنێتەوە و لە لایەکی دیکەشەوە بە پاڵپشتی ڕووسیا ئەگەر بۆی کرا پوانێکی زیاتر لە ئەمریکییەکان وەربگرێ، ئەویش لە حاڵێکدایە کە، وا تێگەیشتوون ئەمریکاش وەك ئێران پێویستی بەم ڕێککەوتنەیە. بۆیە ڕووداوەکانی چەن ڕۆژی داهاتوو و دژکردەوەی کونگرە و مەجلیسی شۆرای ئیسلامی لەم پێوەندییەدا دەتوانێ تا ڕادەیەك بۆمان ڕوون بکاتەوە کە کێ براوەی ئەم گەمەیە دەبێ.